chalakmuhamad@gmail.com

جەمال نەبەز

پێوەندیارێتی ی کوردی

کورد کێ یە و کورد بوون مانای چی ؟

"بڵاوکراوەی ڕێکخراوی خوێندکارانی سۆسیالیستی کورد لە ئەورووپا
سۆکسە" یە

بنکەی چاپەمەنیی ئازاد
ستۆکهۆلم ١٩٨٦.

chalakmuhamad@gmail.com

جەمال نەبەز

پێوەنداریتیی کوردی

کورد کێ یە و کورد بوون مانای چی ؟

ووتارێکی سەمینارییە لە ڕۆژی ئێنێ
٢٧/١٢/١٩٨٥ لە کۆپنهاگن لە کۆبوونەوەیە-
-کی کوردە ئاوارەکانی دانیشتووی
دانیمارکدا خوێندرایەوە.

"بڵاوکراوەی ڕێکخراوی خوێندکارانی سۆسیالیستی کورد لە ئەورووپا
سۆکسە" یە

بنکەی چاپەمەنیی ئازاد
ستۆکهۆلم ١٩٨٦.

chalakmuhamad@gmail.com

بنکەی چاپەمەنیی ئازاد /ستۆکهۆڵم ١٩٨٦

هەموو مافێکی ئەم چاپکراوە لە سوێد و گشت جیهاندا پارێزراوە .

مافی چاپکردنەوە و لەبەرگرتنەوەی فۆتۆکۆپی یانەو وەرگێڕانی بۆسەر زمانێکی دی ، تەنیا بەدەست خاوەنێتی .

هەموو لێوەرگرتن و کۆپلە لێدەرهێنانێک کاتێک ڕێی پێدەدرێ ئەگەر وەرگر بەتەواوی دەست بۆ سەرچاوە و نووسەر و دەزگەی بڵاوکەرەوە و بنکەی چاپەکەر رابکێشێ .

هەموو خراپبەکارهێنانێک بە پێچەوانەی سەرەوە ، دەخرێتە بەردەم یاسای چاپەمەنی .

Binkey Çapemeniy Azad-Siwéd

chalakmuhamad@gmail.com

خوشك و برایانی بەڕێز هاوبیرانی ئازیز
بە ناوی ڕێکخراوی خوێندکارانی سۆسیالیستی کورد لە ئەورووپا (سۆکسە) وە بەخێرهاتنتان دەکەین ، هەروەها زۆر سوپاسی ماموٚستای بەڕێز **جەمال نەبەز** دەکەین بە ساز کردنی ئەم سەمینارە بە نرخە ٠ ئەم سەمینارە بریتیە لە پێ هەلسانێکی زانیاریانەی بەنرخ و هۆیەکە بۆ لە یەك نزیك کردنەوەی خوێندکاران ورۆشنبیرانی کورد لە دەرەوەی وولات لە ڕێ ی بە پیت تـــر کردن و بە هێز تر کردنی خەباتمان لە پێناوی **کوردستانیکی ئازاد** و گەلێکی یەکساندا ٠ جگە لەوە ئامانجێکی تری ئەم سەمینارە بۆ زیدە کردنی زانیاری ئاوارەکانی دوورە خاك و نیشتمانی داگیرکراو ٠ هەروەها ڕێکخراومان پێ خۆش حالی خۆی دەردەبریت بەرامبەر یارمەتی و هاوکاری ماموٚستای بەڕێز جەمال نەبەز کە هەڵی پێ هەڵسانی بەم کارە بە نرخە دەست ختوە ٠
ئیتر سەرکەوتن بۆ ئیوەو سەرفرازای بـو کـورد ٠

ڕێکخراوی خوێندکارانی سۆسیالیستی کورد لە ئە ورووپا
لقی دانیمـــــــــــــــارك

chalakmuhamad@gmail.com

chalakmuhamad@gmail.com

پێڕستی باسەکان

(١) ـ وتەی سۆکە

(٢) ـ سڵاو وکردنەوەی سەمینار

(٣) ـ چوونەنێوباس

(٤) ـ تایبەتکارەکانی کورد بوون:

(أ) ـ زمان
(ب) ـ بنەچەو رەچەڵەك
(ج) ـ نیشتمان
(د) ـ ئاین
(ئە) ـ کولتوور
(ف) ـ هەستی وەڵئیەکی کورد بوون

(٥) ـ پێناسەکانی کورد بوون لای کورد و لای بێگانە

(٦) ـ دوا وشە

(٧) ـ ژێدەرەکان

(٨) ـ چەند تێبینی یەك

chalakmuhamad@gmail.com

chalakmuhamad@gmail.com

(٢) ـ سلاو وکردنەوەی سەمینار

بەشداراانی بەڕێزی سەمینار

خۆشی یەکی زۆر گەورەیە بۆ من کەوا ئەمڕۆ لێرە بەخزمەت ئێوە دەگەم ٠ لەکانی دڵەوە سوپاستان دەکەم کەوا بەم ژمارە زۆرەوە هاتوون بۆ بەشداربوون لە وتارەکەمدا ، کە ڕەنگە بەشێکی هۆی ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ گرنگیی باسەکە خۆی بەلای ئێوەی کوردەوە ٠ هەر لێرەدا سوپاسێکی گەرمی لقی دانیمارکی (سۆکسە) دەکەم کە منی بۆ گێڕانی ئەم سەمینارە بانگکرد ، وڕێی داپێم تاکو وتارێك لەبارەی مەسەلەی کوردەوە پێشکێش بکەم ، بێ ئەوەی لەوەپێش باسێکی تایبەتی دەستنیشان بکات بۆم ٠ منیش دەرفەتم لە سەربەستیی خۆم هانی و " پەیوەندارێتیی کوردی " م هەڵبژارد ، کە هیوام وایە سوودێك بە گوێگران بگەیەنێ ٠

(٣) ـ چوونە نێو باس

کورد کێ یە و کوردبوون مانای چی یە؟

ئەم پرسیارەی سەرەوە هەر لەدەرەوە ، واتە لە "ناکورد" ەوە نایەت ، بەڵکو زۆر جار گەلێك لە کوردەکان خۆشیان دەیکەن ، بەلام بەداخەوە وەرامێکی ژیریێژانەی وا کە دڵ ئاوخواتەوە بۆی؛ نادرێ بە دەستەوە ٠ بەڕاستی ئەم پرسیارە زۆر گرنگە ، چونکە پێوەندیی بە ناسنامەی کۆمەڵە خەڵکێکەوە هەیە کە خۆیان نەك هەر بە "گەلێك" بەڵکو بە " نەتەوەیەك " یش دادەنێن ، ئەوجا بێگانەش هەن کە هەر بەو جۆرە تێیان دەڕوانن و تێیان دەگەن ٠ جا ئەم " گەل " ە، یا ئەم " نەتەوە " یە ؛ نەك هەر لە دەزگەی دەوڵەتیی خۆی بێبەشە و بەس ؛ بەڵکو بەسەر پێنج دەوڵەتی بێگانەی ناسیۆنالی سیستێم جیاوازیشدا دابەشکراوە ٠ بێجگەلەوەش ئەم " گەل " ە یا ئەم "نەتەوە"یە هەر لە سنووری ئەو نیشتمانە پارچەپارچەکراوەدا ناژی کە بە کوردستان

chalakmuhamad@gmail.com

ناسراوە، بەڵکو بڕێکی وەک "کەمایەتی" یەک لە دەرەوەی ئەو وڵاتەدا دەژی، سا یا بە پەرشوبڵاوی لەم لا و لەولا، یا بە گەلەکۆمەڵی لە هەوارێکی داخراودا. ئەمانە هەموو مەسەلەی دیاریکردنی ناسنامەی کورد بوون ئاڵۆزتر و سەختتر دەکەن.

ئێمە کە هاتینە سەر باسی ناسنامەی کورد بوون، مەبەستمان لەو "وەکیەکی"یە، یا ئەو "چۆنیەکی"یە پریمپرمیە کە لەنێوان پێناسەی تاکتاکەی کورددا هەیە، و دەیانکاتە کۆمەڵگەلێکی وەکیەکی هاوئاهەنگ. جا بۆئەوەی ئێمە نەخشەی پەیوەندارێتییەکی کوردی بکێشین بە جۆرێکی وا گشت ئەوانە بگرێتەوە کە زاراوەی "کورد" دەیانگرێتەوە؛ پێویستە لەسەرمان جارێ پێناسە یا پێناسەکانی ئەو کۆمەڵە خەڵکەی کە بە "کورد" ناودەبرێن دەستنیشان بکەین... شایانی باسە کە کاتێک مرۆڤ خەریکی ناسنامەی کۆمەڵە خەڵکێک بوو، وەک کورد؛ ناچار تووشی چەند زاراوەیەکی ئێتنۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی و پۆلیتۆلۆژی و یاسایی وەک ئێتنۆس Ethnos و "گەل" و "نەتەوە" و "کەمایەتی" و "گەلی دەوڵەتدار" و "گەلی لاتەنیشت" دەبێ، کە ئەم زاراوانەش وەنەبێ هەر یەکە تاریفێکی ڕێکوپێکی بڕاوەی سنووردیاری لە هەموولاوە دانپێدانراوی هەبێ، بەڵام ئەوەی لەم وتارە سەمیناریەدا لە هەموو شتێک گرنگتر خۆی دەردەخا، ئەو پێناسە خۆڕا (طبیعی) یانەیە کە دەبنە هۆی ئەوەی "کوردێک" لە "ناکوردێک" جیابکرێتەوە.

لێرەدا دەبێ ئەوەش بڵێم، کاتێک بە ناسنامە یەک دەگوترێ ناسنامە، ئەگەر هاتوو ئەو ناسنامەیە لەلایەن خاوەن ناسنامە و خەڵکیشەوە دانیپێدانرا و پەسەندکرا. بۆوێنە: ئەگەر یەکێک ناوی "تاڤگە" بوو، دەبێ بۆ ئەوەی ناسنامەیەکی بە ناوی "تاڤگە"وە بۆ دەربکرێ، جارێ ئەو کەسە خۆی خۆی بە "تاڤگە" بداتە ناسین، و ئەوجا خەڵکیش هەر بە ناوی "تاڤگە"وە بیناسنەوە.

chalakmuhamad@gmail.com

جا چونکە ئێمە ئێستە باسی "ناسنامەی کەسی" (تاکی) دەکەین، خراپ نی یە ئەگەر لەسەر ئەم باسە کەمێك بڕۆین، و هێندێك لە گیروگرفتەکانی بخەینەبەرچاو، چونکە ئەوە بۆ مەسەلەی "ناسنامەی کۆمەڵی" بەکارمان دێ. بۆ ئەمەش دەمەوێ وادابنێم، ئەوکەسەی کە ناوی "تاڤگە"یە دێ و بە ئارەزووی خۆی ناوی خۆی لە "تاڤگە"وە دەگۆڕێ بە "ڕێگە"، و خەڵکیش ئەمجا بە "ڕێگە" ناوی دەبەن. ئەودەمە، تایبەتکارە بابەتی یەکانی ناسنامەی ئەوکەسە نایەتە گۆڕین، ئەگەرچی هێندێك لە پێناسە نابابەتی یەکانی گۆڕانیان بەسەردا دێ. چونکە بە گۆڕینی ناوەکە، سروشت و ماکی (ذات) ئەوکەسە، وەك کەس، لەگەڵ سروشت و ماکی کەسی دیکەدا "وەك یەك" یان لێ ناکرێ. تەنانەت ئەگەر هێندێکیش هەبن، پاش گۆڕینی ناوەکەش هەر بە "تاڤگە" ناوی ببەن، و هێندێکیش بە "ڕێگە"، ئەوا مەبەست هەر هەمان کەس و هەر ئەوکەسەیە. جاری واش هەیە دەبینین هی وا هەن لە ماڵەوە و لەنێو خێزانی خۆیاندا ناوێکیان هەیە، کەچی لەدەرێشەوە و بە ڕەسمی ناوێکی دیکە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوکەسە هەر ئەوکەسەیە و پێناسە بابەتی یەکانی ئەوکەسە دەستکاری نەکراوە. وێنەیەکی دیکە: زۆر جار ڕوودەدات کاسپکارێك دەچێت چێشتخانەیەك دادەمەزرێنێ، و خۆی ناوێك دەدۆزێتەوە بۆی و بەرەسمی وای ناودەنێ، کەچی خەڵکەکە ناوێکی دیکەی لێ دەنێن و هەر بەو ناوەشەوە دەیناسنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا پێناسە بابەتی یەکانی بابەتەکە (چێشتخانەکە) هەروەك خۆی دەمێنێتەوە و نابێتە شتێکی دی، هەتا خەڵکەکە چێشتخانەکە هەر بە (چێشتخانە) بناسنەوە و بە شتێکی دیکەی نەدەنە قەڵەم، بۆ وێنە: هۆتێل، یا فرۆشگە، یا گەرماو. ئەم نموونانە بەسەر ئەو کۆمەڵە ئێتنی یانەیشدا دەچەسپێن کە بە "ئێتنۆس" یا "گەل" یا "نەتەوە" دەدرێنە قەڵەم. بۆ وێنە ـ ئەڵەمانەکان بە خۆیان دەڵێن "دۆیچ "Deutsch""، کەچی کورد و گەلێك خەڵکی دی پێیان دەڵێن "ئەڵمان". ئەمەش بە هیچ

chalakmuhamad@gmail.com

جۆرێك لە پێناسە بابەتی یەكانی گەلی نێویرا و (ئـەڵەمان) ناگۆڕێ. چونكە نێونان (واتا ناسینەوە)ی "دۆیـچ" بە "ئەڵەمان" لەلایەن هێندێك خەڵكەوە، هیچ تایبەتكار و سروشتێكی دیكە ناخاتە سەر "دۆیـچ"... هەروەها زۆربەی زۆری كورد بۆ نێونانـی خۆیان، لە پاڵ بەكارهێنانـی ووشەی "كـورد" دا ووشەی "كـورمانـج" یش بەكاردەبەن، بەڵام كە تۆ "كوردێك" بە "كورمانـج" بانگدەكەیت، ئەوا بەم كارەت هیــچ جۆرە پێناسەیەكی بابەتانەی كورد دەستكاری ناكەیت، و هـــیــچ بابەتــكار و سروشتێكی تازە ناخەیتە سەری، چونكە "كورد" و "كورمانج" هەرد ووكیان پەیپەری یەكــن و بۆ یەك "بابەت" بەكاردێن. بەڵام بـــە پێچەوانەوە، ئەگەر هاتوو تۆ بە "كورد"ت نەگوت "كورمانج" بەڵكو گوتت "توركی چیا" یا "عەرەبی چیا" یا "فارسی چیا" ئەوا دیارە ئـەو دەمە پێناسە بابەتی یەكانی كۆمەڵگەلێكت دەستكاری كردووە، كەلەلایــە ن خۆیان و خەڵكەوە هەر بە "كورد" یا "كورمانج" دەدرێنە قـەڵـەم، سەبارەت بەوەی سروشت و تایبەتكاری دیكەت خستووەتە سەری، و ئەوسا ئەمەش لە مەسەلەكە دەگۆڕێ. چونكە تۆ كە دەبێژیت "توركی چیــــا" و "فـارسی چیا" و "عەرەبی چیا"، هەموو جارێك نێوی تورك و فارس و عەرەب بەكاردەبەیت، كە ئەمانە هەر یەكەیان نیشانەی كۆمەڵگەلێكن كـە تایبەتكاری بابەتانەی خۆیان هەیە، جیا لە تایبەتكارە بابەتی یەكانی كورد. ئەمەش خاڵانەی ئەوەیە كوردێكی گوندیی خەڵكی ئەرزەرۆم كە بە درێژایـیی ژیانی هەر گوندەكەی خۆی و چەند كاربەدەستێكی توركی دیبێ و لەپـڕ بووبێ بە "كرێكاری میوان" لە ئەڵمانیا و لە كارگەیەكدا بۆ یەكەمین جـار چاوی بە ئـەڵمانەكان كەوتبێ و پێیان نەڵێ "دۆیـچ" یا "ئەڵەمان"، بەڵكو پێیان بڵێ "توركی ئەورووپا" ـ ئەوجا ئەمە دەبێتە دەستكاری ـ كـردنی تایبەتكارە بابەتی یەكانی ئەوانەی لەلایەن خۆیان و خەڵكـەوە بە "دۆیـچ" و "ئەڵەمان" ناســراون.

هەرچەندە ناسنامەی كۆمەڵگەلێكی ئێتنـی لە نێوان "تیروانینی

chalakmuhamad@gmail.com

خۆیی و تێڕوانینی بێگەدا سەر هەڵدەدات (١)، بەڵام بە تاقیکردنەوە دەرکەوتووە کە لە نێوان ئەم دوو تەوەرەیەدا، کارکردنەسەر یەکدی بەردەوامە و هێندێک جاریش تێڕوانینی خۆیی زۆر کاردەکاتە سەر تێڕوانینی بێگانە و بە جارێک دەیگۆڕێ. بۆ وێنە: ئەگەر یەکێک نێوی "ئازاد" بوو، بەڵام چەند کەسێک حەزیان لە نێوەکەی نەکرد و بە نێوی "مراد"ەوە بانگیان کرد، ئەوسا ئەگەر ئەو کەسە بە هیچ جۆرێک بە "مراد" وەرامی نەدانەوە، و سوور بوو لەسەر ئەوەی نێوی "ئازاد"ە،ئەوا ڕۆژێک دێ ئەو چەند کەسە ناچاردەبن بە "ئازاد" بانگی بکەن. سووربوونی کوردیش - لە پاڵ بوونی دەسەڵاتێکی لەباردا - لەسەر ئەوەی "تورکی چیا" یا "فارسی چیا" یا "عەرەبی چیا" نین، بەڵکو کۆمەڵگەلێکی سەربەخۆن، وا لەو بێگانانە دەکات کە بەو جۆرە نێوی دەبەن - زوو یا درەنگ - بەو جۆرەی کورد خۆیان دەیانەوێ دەستنیشانیان بکەن.

کەواتە کە ئێمە باسی کورد دەکەین مەبەستمان کۆمەڵە خەڵکێکە کە هێندێک تایبەتکاری بابەتانەی خۆیان هەیە. ئەم تایبەتکارانە ئاوێتەی یەک بوون و هەمووش پێکەوە بوونەتە هۆی ئەوەی ئەو کۆمەڵەیان کردووە بە کۆمەڵگەلێکی جیاواز لە کۆمەڵگەلانی دی. ئێستە با بزانین ئەو تایبەتکارانە چین؟

٤ - تایبەتکارەکانی کورد بوون:

(أ) - زمان

ئەوانەی بە "کورد" دادەنرێن، بە گشتی، بە زمانێک قسەدەکەن کە پێی "زمانی کوردی" یان "زمانی کورمانجی" بەنێویانگە. ئەم زمانە سەرەڕای ئەوەی بووەتە دوو شێوەی سەرەکی و دوو شێوەی لاتەنیشت و چەند زارێکەوە (٢)، کە هێندێک جیاوازیی

chalakmuhamad@gmail.com

مۆرفۆلۆژی‌یانە و فۆنێتیکانە و لێکسیکالانەیان تێ‌کەوتووە ، لەگەڵ ئەوەشـــدا ئەو لێکۆڵینەوە زمانەوانی‌یانەی تا ئێستە لەبارەی زمانی کوردی‌یەوە کراون ؛ گومانیان لەوەدا نەهێشتووەتەوە کە " کوردی " زمانێکی سەربەخۆیە . هەر چەندە زانا و زانستکار و رۆشنبیرانی کورد لە سەدەکانی رابوردوودا زۆر کەمتەرخەمی‌یان بەرامبەر زمانی زگماکی خۆیان نوواندووە ، و بەرهەمەکانیان بەزۆری ، بە عەرەبی و فارسی نووسیوەتەوە (٣) ، بەڵام لە قوتابخانەو زانستگە ئاینی‌یەکانـــی کوردستاندا ، زمانی کوردی زمانی تێگەیاندن بووە ، باسەرچاوە و کتێبەکانیش بە کوردی نەبووبن . هەروەها جەمـاوەری گەل ، بەلایەنی کەمەوە ، دوو هەزار ساڵەیەکە ، زمانی کوردی‌ی بـــۆ قسەکـــردن و لەمێژکەوتن بەکارهێناوە و پاراستوویەتی . لە پاش جەنگی جیهانی‌ی یەکەمەوە تا ئەمڕۆ گەلێـــك هەوڵدراوە بۆ خزمەتکردنی زمانـــی کوردی و بەکارهێنانی بۆ کاروباری خوێندن و رۆژنامەگەری و رادیۆ . هەر لە سەرەتای ئەم سەدەیەشەوە و تا ئێستە ، هەوڵدان بۆ ناسینی زمانـــی کوردی بە رەسمی لەو دەوڵەتانەدا کە کوردستانیان لە خۆیان بەشکردووە بووە بە سەرپەڕەی داخوازی‌یەکانی جەماوەری کورد و هەموو حیزب و رێکخراو و بزووتنەوە سیاسی‌یەکانی . ئەمڕۆ زمانی کوردی لەلایەن جەماوەری کوردەوە زۆر نرخی پێدەدرێ ، و بە پێناسەیەکی یەکجار گرنگ بۆ " بوونـــی کورد " و " کـــورد بـــوون " دەدرێتە قەڵەم . کوردی واش هەن پێیان وایە کــە کورد هەر هێندە کوردە تا زمانەکەی ماوە ، کە زمانەکەی نەما ، خۆشـــی نامێنـــێ .

کەواتە یەکێك لەو تایبەتکارانەی کە کوردێك لە " ناکوردێك " جیاـ دەکرێتەوە پێی ؛ زمـــانە . بەم پێیە دەبـــێ کورد ئەو کەسە بێ کـــە بە زمانی کوردی قسەدەکات ، یا دەتوانێ قسەبکات پـــێی . جا ئەگەر ئەمە وابـــێ ، و هەر کەسێك کە بە کوردی قسەی کرد کورد بـــێ ، دەبـــێ هەر کەسێك کە نەیتوانی بە کوردی قسەبکات ، کورد نەبـــێ . وا دیـــارە تەنانەت لە رابوردووشدا کـــــــوردی وا هەبوون ، ئەگەر کوردێك

chalakmuhamad@gmail.com

زمانــی کوردی نەزانیبێ ،"مافی پێوەندارێتـــــی" یان پێڕەوانەبینیوە و لێیان سەندووەتەوە . بۆ وێنە:بیرکەرەوە و هۆنەری نەتەوەئەڤینی کـــورد بەهەشتی حاجــی قادری کۆیــی (١٨١٥_١٨٩٢) لە سەدەی رابورد- ووەدا گوتوویەتی :

ئەگەر کوردێك قسەی بابی نەزانی   موحەققەق داکی حیزەوبابی زانی (٤)

هەرچی تاقیکردنەوەی رۆژانەشە ، ئەوا ئەم فەرمانە رەقوتەقە دەداتـە دواوە . چونکە زۆری وا هەبوون و هەن کە خۆیان بە کورد زانیوە و دەزانن و رازی نابن بەوەی بە ئەندامی هیچ گەلێکی دی دابنرێن جگەلە کــورد ، کەچی زمانی کوردیشنازانـــن . ئەمانە بە زمانی دیکە قسە دەکەن کە ئەو زمـــانانە بە " زمانی خۆیان " نازانن ، بەڵام زمانی کوردی کە نایزانن و ناتوانن قسەی پێبکەن ، بە " زمانی خۆیان "ی دەزانن . نیشتمـــــان- پەروەری گەورە شەهید دوکتور فوئاد بەرخۆ ؛ یەکێك بوو لەو کوردانەی کـە لەسەر کوردایەتی لە ساڵی ١٩٢٥ دا لە لایەن رژێمی تورکە کەمالیستەـــــ کانەوە لە سێدارە درا ، بەڵام نەیدەتوانی بە کوردی قسە بکات ، کەچـــی نەزانینی زمانی کوردی ، رێی ئەوەی نەگرت لێی لە پێناوی کورددا گیانی خۆی ببەخشێ . هەر ئەو " کوردی نەزانە " لەبەر سێدارەدا هەڵبەستێکی بە زمانی تورکی رێکخست ، لەوێدا کوردستانی بە باخێکی بەهەشت دانا کە لە باوو باپیرانەوە بۆی بەجێماوە وفە رمــووی :

کیمدر بـــــزی منع ایلەیجك یاغی جنانـــدن
میراتی پدردر گیررز خانە بزمــــــــــــدر (٥)

واتە: " کێ بێ بتوانێ رێی ئەم باخی بەهەشتە لە ئێمە بگرێ . میراتی باوکمانە و بۆمان بەجێماوە . ماڵ ماڵی خۆمانە و دەچینە نێوی " .

عەلی سەیدۆی گۆرانی ، سکرتێری ئەنجومەنی یاسادانانی ئەردەنی ، یەکێکە لەو کوردانەی کە لە نێو عەرەبی ئەردەندا لە دایکبووە و گەورە بووە ، و بە هۆی ئەوەوە کە کوردە ، هەر لە کاتی قوتابێتی یەوە گەلێك خزمەـــتی

chalakmuhamad@gmail.com

مێژووی کورد ی کرد ووە ٠ لە کتێبەکەیدا " من عمان الی العمادیة أو جولة فی کردستان الجنوبیة " ("لە عەمانەوە بۆ ئامێدی یا گەشتێک بە کوردستانی خوارووددا ")دەمێژێ ٠ " کە لە سلێمانی بووم لەگەڵ بابا عەلی شێخ مەحمووددا بە زمانی ئینگلیزی قسەم کرد چونکە ئەو حەلە زمانی کوردیم نەدەزانی " (٦) ٠ ئەمە مانای وایە ئەم کوردە بەنێوبانگە نەتەوەخۆشەویستیەی لەسەرەتای ژیانی دا کوردی نەزانیوە ٠

کاتێک کە خۆم لە بەغدا و بەسرە مامۆستای قوتابخانە نێوەندییەکان بووم ، واتا لەو دوو شارەی کە دوو مەڵبەندی عەرەبنشینن ، بەڵام لە یەکەمیاندا کەمایەتییەکی گەورە کورد هەیە و لە دووەمیشیاندا کورد زۆر هەن ، گەلەک جار قوتابی وامدیوە کە بە عەرەبییەکی بێخەوشی ڕەوان قسەیکردووە ،وەیەک ووشەی کوردی نەزانیوە ، کەچی لەمنی پرسیوە " ٠٠ تکایە ئەم ووشە عەرەبییە بە " زمانی خۆمان " چی پێدەڵێن؟ "گوتوومە : مەبەستت لە " زمانی خۆمان " چییە ؟گوتوویەتی : کوردی ٠ گوتوومە : باشە تۆ کوردی نازانیت ، چۆن کوردی زمانی تۆیە؟ بەگەرمییەوە گوتوویەتی: " خۆم کوردم ؛ لەبەر ئەوە کوردی زمانی منە ، نەک عەرەبی ، ئەز نە عەرەبم " (٧) ٠

ئەوەتە ئێستەشدەبینین لە شارەکانی ئەورووپای ڕۆژاوادا هەزاران خەڵکی تورکیا و ئێران و عێراق و سووریا ولوبنان وکوێ وکوێ هەن ، کە لە ئەستەمووڵ و ئەنقەرەو ئیزمیر و تاران و بەغدا و دیمەشق و بێرووت لە دایکبوون ، و هەر بە تورکی وفارسی و عەرەبی دەپەیڤن ،وکوردی نازانن ، کەچی خۆیان بە کورد دەدەنە ناسین ، و هەوڵدەدەن " زمانی خۆیان " کە کوردییە فێر بن وقسەی پێبکەن ٠

بەمەدا بۆمان دەردەکەوێ ، ئەگەر هاتوو یەکێک خۆی بە کورد زانی ، ئەوا زمانی کوردی بزانێ ونەزانێ ، زمانەکە هەر بە زمانی خۆی دەزانێ ٠ هەروەها ئەگەر بێتو زانینی زمانی کوردی بکرێ بە پێناسەیەکی

chalakmuhamad@gmail.com

کورد بوون ، ئەوا دەبێ ژمارەیەکی یەکجار زۆر لەوانەی بە خۆیان دەڵێن کورد ، و خەڵکیش بە کورد ناسیونی ، لە پێوەندارێتی کوردی بێ بەش بکرێن ، هیچ نەبێ تا ئەو کاتەی زمانی کوردی فێردەبن ، بە کورد نەزانرێن ، وکە زمان فێربوون ، ئەوجا پێیان بگوترێ " کورد " . ئەمە لە لایەکەوە . لە لایەکی دیکەشەوە ، هی واهەن کە لە نێوچەیەکی کوردەواریدا لە دایکبوون ، و بە کوردییەکی بێ گرێ وگاڵ دەپەیڤن ، ئەمجا وەنەبێ هەر لە کۆڵان و بازاڕ بە کوردی قسەبکەن ، بەڵکو تەنانەت کوردی زمانی ماڵەوشیانە ، بەڵام کە لێیان دەپرسیت . تۆ کورد یت ؟ دەبێژن " نە . باپیرە گەورەم کاتی خۆی هاتووەتە کوردستان ، و لە کوردستان لە دایکبووم و گەورەبووم و " زمانی خۆمم " لە بیرچووەتەوە " .

بە کورتی ؛ ئەگەرچی زمانی کوردی پێناسەیەکی زۆر گرنگە بۆ دیاریکردنی " کورد بوون " ، بەڵام لە هەموو چەڵێکدا راست دەرناچێ . لەبەر ئەوە نابێتە مەرجی بێ چەند وچۆنی پێوەندارێتی کوردی .

شایانی باسە کە دانانی " زمان " بە پێناسە یەکی ناسنامەی کۆمەڵگەلێکی ئێتنی ، بە شێوەیەکی گشتی ، گیروگرفتی زۆرە . لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین لە هەموو لایەکەوە بە پێناسەیەکی یەکجار گرنگ و بگرە سەرەکی دادەنرێ . بۆ وێنە:باسی " گەلانی تورک " دەکرێ ، وەمەبەستیش لەو گەلانەیە کە بە شێوەکانی زمانی تورکی قسەدەکەن . ئەڵمانەکان کەمێك جیاوازی دەخەنە نێوەوە،کاتێك " گەلی ئەڵەمان " لە " گەلانی ئەڵمانی زمان " جیادەکەنەوە . عەرەبەکان هەرکەسێك کە عەرەبزمان بووبە عەرەبی دەدەنە قەڵەم ، کە ئەم سەرنجەش لای عەرەب کۆنە ودەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پەیامبەر (د) ، کاتێك محەممەد لە وەرامی ئەوانەدا کە چەند سەحابەیەکی ناعەرەبی محەممەد یان ـ وەك سەلمانی فارسی و سوهەییبی رۆمی و بیلالی حەبەشیی ـ بە سووك هاتووەتە بەرچاو ، چونکە عەرەب نەبوون ، لە مزگەوت گوتوویەتی :

chalakmuhamad@gmail.com

" ... خەڵکینە خودێ یەك خودێیە، و باوکیش یەك باوکە، و عەرەبێتی هی هیچ کەسێکستان نی یە، نە لە باوك و نە لە دایکەوە، بەڵکو عەرەبێتی زمانە، ئەوی بە عەرەبی قسەی کرد ئەوە عەرەبە (٨).

راستی یەکەی، ئەوی شارەزای وولاتی عەرەب بێ، ئەمڕۆ ژمارەیەکی یەکجار زۆر لوبنانی و جەزائیری و مەراکیشی و تونسی و میسری و سودانی دەبینێ، کە بە زمانی عەرەبی قسەدەکەن، وکەچی خۆشیان بە عەرەب نازانن، بەڵکو خۆیان بە فینیقی و بەربەری و کۆشینی و قیبتی و ... هتد دەدەنە قەڵەم.

(ب) ـ بنەچەو ڕەچەڵەك

لەبارەی بنەچەو ڕەچەڵەکی کورد ەوە گەلێك بیروڕا و وادانان (فرضية) هەیە و وتووێژ و دەمەتەقێ یەکجار زۆرە. ئەمەش وەنەبێ کاری ئەمڕۆ و دوێنێ بێ، بەڵکو لە مێژوودا کۆنە و باسکردنی بنەچەو ڕەچەڵەکی کورد لە هەزار ساڵێك پترە. مێژوونووسە عەرەبە کۆنەکان، وەك المسعودي (کە لە ساڵی ٩٥٦/٩٥٧ ی ف دا مردووە) لە یەکێك لە کتێبەکانی دا کە نێوی (التنبيهُ والاشراف)ە بنەچەو ڕەچەڵەکی کورد دەباتەوە سەر عەرەب (٩) و لە کتێبێکی دیکەشی دا کە نێوی (مروج الذهب ومعادن الجوهر)ە؛ بنەچەو ڕەچەڵەکی کوردی برد ووەتەوە سەر دێو و درنج و جنۆکە و شەیتان (١٠) ئەبولقاسمی فیردەوسی (ابو القاسم فردوسی) خاوەنی (شاهنامە) کە لە ٩٤٠/٩٤١ تا ١٠٢٠ ژیاوە بنەچەو ڕەچەڵەکی کوردی برد ووەتەوە سەر ئەو گەنجانەی کە لەدەست سەربڕین و مێشك دەرهێنان لەلایەن زوحاك (ئەژدەهاك)ی زۆرداری نەخۆشەوە؛ بە هۆی خێرەومەندی ی دوو چێشتکەری زوحاکەوە رزگاریان بووە و رایان کردووە و داویانەتە کەژوکێو (١١). لەم سەدەیەی دواییشدا گەلێك تێبینی لەسەر بنەچەو ڕەچەڵەکی کورد خراونەتە ڕوو، هێندێك لەمانە بۆ ئامانجی سیاسی بوون، وەك ئەوەی کە کورد دەبرێتەوە سەر رەگەزی

chalakmuhamad@gmail.com

عەرەب یا فارس یا تورك ، و هێندێکیشی لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی و مێژوویی یەوە پەیدا بوون ٠ بەنێوبانگترینی جۆری دووەمیان ئەو هیپۆتێزەیە کە بۆ یەکەمین جار لەلایەن ڤلاد میر مینۆرسکی (١٨٧٧/٢/٥ ــ ١٩٦٦/٣/٢٥) یەوە پێشاندراوە وکورد دەباتەوە سەر بنەوانی ماد ، واتە میدیایی یەکان (١٢) ٠ کوردەکان خۆشیان بەگشتی ئەم هیپۆتێزە بە راست دەزانن و ئەوەتا تەنانەت مارشی کوردستان کە بە (ئەی رەقیب) بەنێوبانگە بەدەست بۆ ئەم بنەمایە رادەکێشێ ، کاتێك دەبێژێ :

ئێمە رۆڵەی میدیا و کەیخوسرەوین
دینمانە ، ئاینمانە ، نیشتمان

بەکورتی ، بنەچەو رەچەڵەکی کورد هەرچی یەك بێ ، کورد خۆی پێی وایە کە ئەم کوردانەی ئەمڕۆ هەموو یەك بنەچەورەچەڵەکیان هەیە ، و ئەم کوردانەی ئەمڕۆش هەر نەوەی ئەوانەن کەلە رابوردوودا کورد بوون ٠ لێرەدا حەزدەکەم بەسەرهاتێکی خۆش بگێڕمەوە بۆتان ٠ بیست سالێك لەمەوبەر جارێکیان لە مەڵبەندێکی خوێندکارانەدا لە مۆنیخ (ئەڵمانیا) وتارێکم لە بارەی رۆژهەڵاتەوە دەخوێندەوە بۆ خوێندکارە ئەڵمانەکان و باس هاتە سەر باسی بنەچەورەچەڵەکی کورد ٠ هێندێك لەو ئەڵمانانەی لەوێ بوون چەند شتێکیان لەسەر کورد خوێندبووەوە ، و حەزیان دەکرد زۆرتر دەمەتەقێ لەسەر بنەڕەتی کورد بکەن ٠ یەکێکیان زۆر لەسەر ئەوە سوور بوو کە کورد دەچنەوە سەر "خۆری یەکان" ٠ یەك دوو کوردیش لەوێ بوون ، کە رەئی یان جۆرێکی دی بوو ٠ دەمەتەقێ کەمێك درێژەی کێشا ، وئەوجا کابرایەکی ریش ماشوبرنجی سمێڵ بابڕ کە لە سووچێکەوە تا ئەو کاتە بێدەنگ دانیشتبوو لەپڕ سنگی دەرپەڕاند و بە ئەڵمانی یەکی تێکشکاو گوتی : تکایە ئەز ئەڵمانی باش نازانم ، کەرەم کە بە کوردی بێژە بزانم ڤانا چ دەبێژن ؟ گوتم کاکە تۆ کوێندەریت ؟ گوتی : دێرسیمی ٠ مەسەلەکەم بە کورتی تێگەیاند ، ئەوجا برۆی چرچ کرد و گوتی : تکایە بەم هەڤالانە بێژە لێم ببورن کەوا ئەز نەخوێندەوارم ، لەپێشەوە وامزانی کە ئەمانە دەبێژن " کورد خۆرین " و

chalakmuhamad@gmail.com

عەرەب یا فارس یا تورك ، و هێندێکیشی لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی و مێژوویی یەوە پەیدا بوون . بەناوبانگترینی جۆری دووەمیان ئەو هیپۆتێزەیە کە بۆ یەکەمین جار لەلایەن ڤلادیمیر مینۆرسکی (٥/٢/١٨٧٧ــ ٢٥/٣/١٩٦٦) یەوە پێشاندراوە و کورد دەباتەوە سەر بناوانی ماد ، واتە میدیایی یەکان (١٢) . کوردەکان خۆشیان بەگشتی ئەم هیپۆتێزە بە راست دەزانن و ئەوەتا تەنانەت مارشی کوردستان کە بە (ئەی رەقیب) بەناوبانگە بەدەست بۆ ئەم بنەمایە رادەکێشێ ، کاتێك دەبێژێ :

ئێمە رۆڵەی میدیا و کەیخوسرەوین
دینمانە ، ئاینمانە ، نیشتمان

بەکورتی ، بنەچەو رەچەڵەکی کورد هەرچی یەك بێ ، کورد خۆی پێی وایە کە ئەم کوردانەی ئەمڕۆ هەموو یەك بنەچەو رەچەڵەکیان هەیە ، و ئەم کوردانەی ئەمڕۆش هەر نەوەی ئەوانەن کەلە رابورد ودا کورد بوون . لێرەدا حەزدەکەم بەسەرهاتێکی خۆش بگێڕمەوە بۆتان . بیست ساڵێك لەمەوبەر جارێکیان لە مەڵبەندێکی خوێندکارانەدا لە مۆنیخ (ئەڵمانیا) وتارێکم لەبارەی رۆژهەڵاتەوە دەخوێندەوە بۆ خوێندکارە ئەڵمانەکان و باس هاتە سەر باسی بنەچەو رەچەڵەکی کورد . هێندێك لەو ئەڵمانانەی لەوێ بوون چەند شتێکیان لەسەر کورد خوێندبووەوە ، و حەزیان دەکرد زۆرتر دەمەتەقێ لەسەر بنەرەتی کورد بکەن . یەکێکیان زۆر لەسەر ئەوە سوور بوو کە کورد دەچنەوە سەر "خۆری یەکان" . یەك دوو کورد یش لەوێ بوون ، کە رەئی یان جۆرێکی دی بوو . دەمەتەقێ کەمێك درێژەی کێشا ، و ئەوجا کابرایەکی ریش ماشوبرنجی سمێڵ بابڕ کە لە سووچێکەوە تا ئەو کاتە بێ دەنگ دانیشتبوو لەپڕ سنگی دەریەڕاند و بە ئەڵمانی یەکی تێکشکاو گوتی : تکایە ئەز ئەڵمانی باش نازانم ، کەرەم کە بە کوردی بێژە بزانم ڤانا چ دەبێژن ؟ گوتم کاکە تۆ کوێندەریت ؟ گوتی : دێرسیمی . مەسەلەکەم بە کورتی تێگەیاند ، ئەوجا برۆی چرچ کرد و گوتی : تکایە بەم هەڤالانە بێژە لێم ببوورن کەوا ئەز نەخوێندەوارم ، لەپێشەوە وامزانی کە ئەمانە دەبێژن "کورد خۆرین" و

chalakmuhamad@gmail.com

عەرەب لە دیمەشق ، وبەكێك لە زانا بەنێوبانگەكانی جیهانی عەرەب ،نموونەیەكە بۆ ئەمە. هەر ئەم دیاردەشە وای كرد وە كە كوردەكانی ئیسرائیل بە " ئەنا كوردی "كە مانای " ئەزكوردم " ە؛ نێو ببرێن ، چونكە ئەمانە هەر لە سەرەتای چوونیانەوە بۆ ئیسرائیل خۆیان بە " كورد " بە خەڵكی ناساند وە وكەلە یەكێكیان بپرسیبێ تۆ چییت ؟ دەستبەجێ گوتوویەتی : ئەزكوردم " كە بە زمانی عیبری " ئەنا كوردی " یە. كەچی لە لایەكی دیكەشەوە هی واهەیە باوكیش ودایكیشی كورد بوون یا كوردن ، كەچی خۆی نەك هەر بە كورد نازانێ؛ بەڵكو پێیشی ناخۆشە بێژن: " تۆ كوردیت" وخۆی بە " مەنسووب " ی گەلێكی دی دەداتە قەڵەم. هی واش هەیە بنەچەو ڕەچەڵەكی كورد بووە ودان بەمەشدا دەنێ ، كەچی دەڵێ: " بەڵام خۆم كورد نیم. تازە بوومەتە عەرەب، یا تورك ، یا فارس " . ئەمانە لە نێو كورددا بە كوردی " تەواو " یا " ناوكی " دەدرێنە قەڵەم. لە لایەكی دیكەشەوە هی واهەن ، باوك و باپیرانیان كورد نەبوون ، بەڵام لە كوردستاندا لە دایك بوون ، ولە كۆمەڵەی كورددا تواونەتەوە. ئەمانە خۆیان بە كورد دەزانن ، وئەگەر پێیان بڵێیت " تۆ بە بنەچەو ڕەچەڵەك كورد نیت " دەڵێت: " راستە. بەڵام تازە بوومەتە كورد و خۆم بە كورد دەزانم ". ئەم جۆرە كوردانە لای كورد زۆر بەڕێزن. وادیارە ئەمە لەلای كورد بە نیشانەی وەفاداری بۆ نان و ناوی كوردستان دەدرێتە قەڵەم. پێم وایە هەر ئەم هەڵوێست و تێڕوانینەشە كە بووەتە هۆی ئەوەی گەلێكی بێ دەوڵەتی یەكنەگرتووی وەك كورد ، بتوانێ گەلێك ناكورد ، بە بێ بەكارهێنانی زۆر و شەڕ وهەڵلا ، لە نێوخۆیدا ، بە ئاشتی و هێمنی بتوێنێتەوە.

شایانی باسە كە كورد ، بەشێوەیەكی گشتی زۆر بە تەنگ بنچەو-بناوانیماڵباتی خۆیانەوەن. گەلێك تیرە و هۆز و بنەماڵەی كورد هەن كە قەواڵەی پشتاوپشتی خۆیان دەخوێننەوە ، و هێندێكیشیان پەنادەبەنە

chalakmuhamad@gmail.com

بەر داستان و چیرۆکی ئەفسانەیی بۆ پیرۆزکردنی ئەم بنچوینا وانە؛
وەك ئەفسانەی کەوتنەوەی ئێزدی یەکان لە تۆوی ئادەم خۆی ، لە کاتێکدا
حەووا هێشتا دروستنەبووە (١٣) ، یا وەك چیرۆکی پەیوەندی ی
بنەماڵەی فەیزوڵـلا بەگی لەگەڵ ساسانی یەکان بەهۆی شووکردنی کچی
سەرکردەیەکی کوردەوە بە ئەردەشیری پاپەکان ، دامەزرێنەری ئیمپراتۆریەتیی
ساسانی و تێکەڵبوونی خوێنی کورد بە ساسانی یەکان ، و دوا یـی
شووکردنی کچێك لە بنەماڵەی ساسانی یەکان بە ئیمام حسەین ، سێیەمین
ئیمامی شیعەکان و ئەجا کەوتنەوەی خێزانە کوردی یە ئەریستۆکراتی یەکان
لەمە (١٤) ، یا وەك داستانی کەوتنەوەی بنەماڵەی بابانی یەکان
لە فەقێ ئەحمەدی دارشمانە و ئەو کچە ئەوروپایی یەی کە فەقێ ئەحمەد
بەشەرەشیر لە چنگ ئەو ئەوروپایی یانە دەری هێنابوو کە دەیانویست
بە زۆر بیدەن بە شوو بە یەکێك لە خۆیان . ئەم چیروکە چیرۆکێکە کە کوردە
بابانی یەکان خۆیان بۆ زانستکار و دیپلۆماتی ئینگلیز کلۆدیۆس ریچ یان
گێرابووەوە،کاتێك ریچ ١٨٥ ساڵ لەمەوبەر چووبوو بۆ سەردانی سلەیمانی،
پێتەختی ئەودەمەی میرنشینی بابان (١٥) . هەمەوەندەکان و هۆزەکانی
دیکەش هەریەکە چیرۆکی ئەفسانا وی لەم بابەتەی هەیە . بێجگە لەوەش چیرۆك
و داستانی واهەن لافی ئەوە لێدەدەن کە گوایە هەموو خەڵکی جیهان
لە بنەڕەتەوە لە کورد کەوتوونەتەوە . وەستانی " کەشتی نووح " لەسەر
چیای جوودی لە کوردستان و دەستپێکردنەوەی ژیان لەوێوە ، پاش
تەفروتوونابوونی هەموو گیانەوەران ، دەکرێتە هەوێنی ئەم بیرە . حاجی
قادری کۆیی لەسەدەی رابوردودا دەستی بو ئەوە راکێشاوە کـە
گوایە هەموو گەلانی جیهان لە بنەڕەتەوە دەچنەوە سەر کـورد (١٦) .
ئەمانە هەموو بەشێکـن لە میتۆلۆژیای کورد و لە "ئینسیکلۆپیدیای
میتۆلۆژیای کورد"دا کە بە زمانی ئەڵمانی نووسیومە و بەداخەوە هێشتا
چاپ نەکراوە ، بە دوورودرێژی لێیان دواوم .

بە کورتی ؛ بنەچەو ڕەچەڵەك ؛ چ راستەقینە بێ ،واتە ئەو کەسە

chalakmuhamad@gmail.com

بەڕاستی لە بەرەبابێك یا بەرەدایكێكی كورد بێ ، یا خەیاڵی بێ ،واتە ئەوكەسە خۆی وا بێتە بەرچاو كە لە بەرەبابێك یا بەرەدایكێكی كوردە؟ ئەوە هەر وەك یەكە. بەڵام دانانی "بنەچەو ڕەچەڵەكی ڕاستەقینە" ی كورد بە پێناسەی كورد بوون ؛ زۆر گیروگرفت پەیدادەكات. هەر بۆ وێنە: ئەگەر دۆزی كورد بوون بە تەرازووی بنەچەو ڕەچەڵەكی"ڕاستەقینە"بپێورێ ، ئەوا دەبێ سەركردەیەكی وەك بەهەشتی شێخ مەحموود (١٨٨٢_١٠/٩/١٩٥٦) كە هەموو ژیانی لە پێناوی كوردایەتیدا بەختكرد ، بە "كورد" نەزانرێ. چونكە شێخ مەحموود - بە حەق یا ناحەق - خۆی بە نەوەی پەیامبەری ئیسلام دەزانی ، و خەڵكیش هەروایان لەقەڵەم دەدا ، كە دیارە پەیامبەری ئیسلام محەممەد (د) عەرەب بووە. ئەوجا نەك هەر شێخ مەحموود ، بەڵكو زۆربەی زۆری شێخ و سەییدەكانی كوردستان - ڕاست یا ناڕاست - خۆیان بە نەوەی پەیامبەر دەزانن. پرانی سەركردە كلاسیكییەكانی كورد ؛ لەو سەییدانەن كە گوایە لە بنەڕەتدا "عەرەب" بوون ، كەچی هێندێكیان لە ڕێی كورد و سەربەخۆییی كوردستاندا گیراون و دەربەدەربوون و خوێنیان ڕژاوە. پیرەمێردی هۆنەر (١٨٦٧_١٩/٦/١٩٥٠) لە لاوانەوەیدا بۆ شێخ قادری شەمزینیی بە بۆنەی لەداردانییەوە لە لایەن ڕژێمی ئەتاتوركەوە لە ساڵی ١٩٢٥دا ، ئەوەی هێناوەتەوە بیر كە شێخ قادریش شەهید بوونی لە حەسەن و حسەینی باپیرانییەوە كە لە كەربەلا شەهید كراون ، بە میرات بۆ ماوەتەوە. پیرەمێرد دەبێژێ:

شێخ قادر ڕەئیسی هەموو خانەدانی كورد
میراتی جەددی كەربو بەلا بوو بە ئیرسی برد (١٧)

جا لەبەرئەوەی نەختێك لەمەوبەر باسی بنەچەو ڕەچەڵەكی شێخ مەحموودمان كرد ،حەز دەكەم ئێستە چیرۆكێ وتووێژێك بگێڕمەوە كەلەبارەی بنەچەو ڕەچەڵەكەوە لەنێوان شێخ مەحموود و فەیسەڵی مەلیكی عێراقدا ڕوویداوە، وەك دەزانین شێخ مەحموود و مەلیك فەیسەڵ هەردووكیان خۆیان بە

chalakmuhamad@gmail.com

نەوەی پەیامبەری ئیسلام محەممەد (د) دەزانی . ئەم چیرۆکەم لە شێخ ڕەئوفی کوڕی سەعید نووری نەقیب بیستووە کە ئەویش لە خێزانی شێخ ... :

پاش شەڕی دەربەندی بازیان لە نێوان هێزی کورد و هێزی بەریتانیادا شێخ بریندارکرا و بە دیل گیرا و رەوانەی بەغدا کرا و دادگەی لەشکری کۆلۆنیالیستی بەریتانیا فەرمانی مردنی بەسەر شێخدا دا . بەڵام ئەوە بوو دواییی لە سێدارەنەدرا و بەدەستبەسەری رەوانەی هیندستان کرا و پاش ماوەیەك ئینگلیزەکان ناچاربوون لەژێر تاوی هەلومەرجدا بیگێڕنەوە بۆ سلێمانی . شێخ لە ڕێی کوێت و بەغداوە نێررایەوە بۆ سلەیمانی و لە بەغدا چاوی بە ئەمیر فەیسەلی هاشمی کەوتبوو کە تازە ئینگلیزەکان لە سووریاوە هێنابوویانە عیراق و کردبوویان بە مەلیك . فەیسەڵ بە شێخی گوتبوو: " ئامۆزا تۆ سەعیدیت و لە خێزانی ئێمەیت . تۆچ دەکەیت لە کوردستان و دەخلەت چییە بەسەر کوردەوە . تۆ وەك من لە بەرەبابی پەیامبەر و بەنی هاشمیت ، بۆ واز لەم کوردایەتییە ناهێنیت و بێیتە بەغدا لای من "؟
شێخ گوتبووی: " ئەوە ڕاستە کە خێزانی من و تۆ لە نەوەی ئیمام حەسەن و ئیمام حەسەنین . بەڵام ئەوە بوو کاتێك کە حەسەن و حەسەینی باپیرانمان ڕوویان کردە دەشتی کەربەلا و دەیانویست خەڵکی ڕازیبکەن کە ڕێی هەق بگرن ، هەر لەلایەن عەرەبەکان خۆیانەوە کوژران ، و هێندێك لەوانەی لەو خێزانەبوون و ڕزگاریان بووبوو پەنایان بردە بەرچیاکانی کوردستان ، و گەلی ڕەشۆڕووتی کورد نەك هەر باوباپیرانی ئێمەیان نەکوشت و بەس بەڵکو باوەشی خۆشەویستییان کردەوە بۆیان و کردنیان بە بەشێك لە خۆیان و لەوەش زیاتر بە گەورەی خۆیان . ئێمە سەدان ساڵە لە باوەشی کورددا گەورە بووین و تازە دڵمان دەروونمان بووەتە کورد . زۆر سوپاست دەکەم کە وا بە ئامۆزا بانگم دەکەیت و منیش تۆ بە ئامۆزای خۆم دەزانم ، بەڵام وەك تۆ خۆم بە عەرەب نازانم ، و لە تۆش داوا ناکەم هەر لەبەر خزمایەتیی من خۆت بە کورد بزانیت .. ئامۆزایەك کورد و ئامۆزایەك عەرەب ... "

بە مانەی سەرەوەدا دەردەکەوێ بنەچەپەرستەکان هەموو کاتێك ناتوانن ببنە پێناسەی کورد بوون .

chalakmuhamad@gmail.com

(ج)- نیشتمان

پێناسەیەکی دیکە بۆ دیاریکردنی " کورد بوون " نیشتمانەکەیەتی کە بە " کوردستان " ناودەبرێ . کوردستان هەرچەندە لەسەر نەخشەسە سیاسییەکانی جیهان نابینرێ ، چونکە دەوڵەتێکی سەربەخۆ نییە ، بەڵام بێگومان کوردستان زاراوەیەکی مێژوویی و جوگرافیایی یە ، کە بەلایەنی کەمەوە لە سەدەی ١٢ دا لە لایەن سوڵتان سەنجەری سەلجوقەوە بە رەسمی دانی پێدانراوە (١٨) . بەپێی کتێبی " نزهة القلوب " کە لە ساڵی ١٣٤٠ دا لەلایەن حەمد وڵڵای موستەوفی (حمدالله مستوفی) یەوە نووسراوەتەوە ، ئەو کوردستانە رەسمی یە لە ١٦ پارێزگە (ئوستان) پێکهاتووە (١٩) . سنووری وولاتی کوردستان لەسەدەی شانزەدا لە لایەن مێژوونووسی کورد شەرەفەد دینی بیتلیسی یەوە - وەك لە دوایی-دا باسی دەکەین - دیاریکراوە . ناوی کوردستان بە درێژایی سەدە-کانی ١٦و ١٧و ١٨و ١٩و ٢٠ لە ئەدەبیاتی سیاسی و ناسیاسیی دەوڵەتانی قاجاری و عوسمانی و قەیسەری رووسیا و ئەوروپای رۆژاوادا هاتووە . لە سەدەی ١٦ بەدواوە چەند نەخشەیەکی کوردستان لە لایەن ئەوروپاییەکانەوە کێشراوە . لەم نەخشانە نەخشەیەکە کە لە ساڵی ١٥٦١ دا لە لایەن A.Lafreri ی ئیتالیایی و یەکێکی دیکە لە سەدەی حەڤدەیەمدا لەلایەن جوگرافیازانی فەرەنسەیی ی Guillaume de la Croyere (١٦٧٥ - ١٧٢٦)ەوە .

ناوی کوردستان لەلایەن دیپلۆمات و گەشتوەرەکانی ئەوروپاوە لە سەدەی ١٦ەوە بەکارهێنراوە . ئەمڕۆ ووشەی کوردستان ، چ لە رۆژهەڵات و چ لە رۆژاوادا و تەنانەت لەلایەن هێندێك لە کاربەدەستانی ئەو دەوڵەتانەشەوە کە کوردستانیان داگیرکردووە ، بە شێوەیەکی ئاسایی ناودەبرێت . (٢٠) . کوردستان ئەمڕۆ بە نیشتمانێك دادەنرێ کە زمان و کولتووری تایبەتی خۆی هەیە . بۆ وێنە: لە داخوازینامەیەکدا کە دوو سە ناتۆری بەلجیکایی ، خانمی Van Puymbroeck و کاك

chalakmuhamad@gmail.com

P.Van Roye له ١٩٨٥/٧/١٧ دا دایان به حکومەتی بەلجیکا بۆ خستنەبەرچاوی دەستد ڕێژیی ڕژێمی تورکیا لە دژی کورد و سنوور دانانێك بۆ ئەو دەستد ڕێژییە، لە پێشەکی داخوازینامەکەیاندا لە بارەی کوردستانەوە ئەمەیان نووسیبوو: " کوردستان وڵاتێکە کە لەسەر نەخشەی سیاسیی جیهان دەستنیشان نەکراوە. (هەرچەندە) کوردستان بەسەر چوار دەوڵەتدا (تورکیا و سووریا و ئێران و عێراق) بەشکراوە، بەڵام لەرێی زمان و کولتوورەوە بەیەکەوە بەستراوە. خەڵکەکەی بە نێزیکە ٢٥ ملیۆن دەبن. کوردستان دەکەوێتە نێو جەرگی ئاسیای نێوەڕاستەوە، و ڕەنگە بێشکەی شارستانیێتیی ئێمەش بێ، و نێزیکەی چوارهەزار ساڵێکە یا بەو نێوەوە، یا بە نێوێکی واوە ناسراوە " (٢١).

کوردستان، کە مانای " وڵاتی کورد " ە، بە نیشتمانی کورد دادەنرێ و لەم ڕووەوە ئەوانەی خەڵکی کوردستانن یا خەڵکی کوردستان بوون، بە کورد دەدرێنە قەڵەم. جا بەم پێیە دەبێ هەموو کوردێك خەڵکی کوردستان بێ. بەسەرنجێکی سادە و سەرپێیی دەتوانین بزانین کە چەند ملیۆنێك کورد هەن لەدەرەوەی کوردستان لەدایکبوون، و هێندێکیشان بە کوردی قسەدەکەن و خۆشیان بە کورد دەزانن، بەڵام " خەڵکی کوردستان " نین. لێرەدا، ئەوانەی "نیشتمان"، واتە کوردستان دەکەنە پێناسەی کوردبوون، دەبێژن: " ئەمانە هەرچەندە لە کوردستان لەدایك نەبوون، بەڵام بنەچەورەچەڵەکی ئەمانە لە کاتی خۆیدا لە کوردستانەوە چوونەتە ئەو وڵاتانە و لەوێ گیرساونەتەوە، یا بەزۆر کۆچ دراون بۆ ئەو شوێنانە، بەڵگەشیان بۆ ئەمە ئەوەیە کە هەموو ئەوانەی خۆیان بە کورد دەزانن، کوردستان بە نیشتمانی خۆیسکی و بێ چەند وچۆنی خۆیان دەزانن، ئەگەرچی ئەوانە ڕەنگە نەخۆیان نە باوك و باپیریان، کوردستانیان نەدیبێ، وەك فەیلییەکانی بەغدا و بەسرە (لە عێراق) و کوردەکانی ناوچەی هەیمەنە و سەقەریا

chalakmuhamad@gmail.com

و ئەستەموولڵ و ئەنقەرە (لە تورکیا) و کوردەکانی ناوچەی قەزوێن و زەنگان و دەماوەند و تاران و خۆراسان (لە ئێران) و کوردەکانی دیمەشق و حەلەب (لە سووریا) و کوردەکانی جۆرجیا و ئەرمەنستان و پاکستان و ئەفغانستان و لوبنان و ئیسرائیل و ... هتد ، کە بە تاقیکردنەوە دەرکەوتووە ئەم هەستیان هەیە. بەڵێ ، تۆ لە هەر وڵاتێکدا لە دایک بوویت ، خۆت بە خەڵکی ئەو وڵاتە دەزانیت ، ئەگەر بێتو باوك و دایکت خەڵکی ئەو وڵاتە بن ، خۆ ئەگەر لە وڵاتێکدا لە دایك بوویت ، بەڵام بنەچەو ڕەچەڵەکت سەر بە بنەچەو ڕەچەڵەکی خەڵکی ئەو وڵاتە نەبێ ، ئەوا خۆت بە خەڵکی ئەو وڵاتە نازانیت ، ئەگەر بێتو " هەستی بنەچەو ڕەچەڵەکیت هێشتا لەلا مابێ. بۆ وێنە : زاڕۆ و نەوەی ئەو فەلەستینییانەی پاش ساڵی ١٩٤٨ لە فەلەستینەوە ڕەویان بۆ وڵاتە عەرەبییەکان ، وا پەروەردە دەکرێن کە " هەست بەوەبکەن خەڵکی فەلەستینن " نەك " هاونیشتمانی ئەو وڵاتانەی تێیدا لە دایک - بوون و تێیدا گەورەبوون. بەڵام هەموو جارێك " نیشتمان " لەگەڵ هەموو ئەو خەڵکەی کە لەو " نیشتمان "ە دا دەژین ، هاوئاهەنگ ناوەستێ. بۆ نموونە : هەرچەندە دەتوانیت بێژیت هەموو کوردێك کوردستانییە ، یا هەست بەوە دەکات کە کوردستانییە ، بەڵام پێچەوانەی ئەمە راست نییە. واتا هەموو کوردستانییەك کورد نییە. بۆ وێنە : نێزیکەی پەنجا هەزار ئاسوورییەك تا سەد هەزار ئاسوورییەك لە کوردستاندا دەژین ، و کوردستان نیشتمانی خۆیانە و کوردستانین ، بەڵام کورد نین. تورکمانەکانی کەرکووك و هێندێك لە تورکمانەکانی سەنقوری کرماشان و نەغەدەو وورمێ کوردستانین ، بەڵام کورد نین. کەواتە پێناسەی سەر بە وڵاتی کوردستان بوون ، یا هاونیشتمانێتیی کوردستان ، لە هەموو کاتێکدا و بێ چەند و چۆن نابێتە پێناسەی کورد بوون.

لە کردنی " نیشتمان " دا بە پێناسەیەك بۆ دەستنیشانکردنی

chalakmuhamad@gmail.com

کۆمەڵگەلێکی ئێتنی یا گەلێك ، گیروگرفتێکی دیکەش دێتە پێشەوە ، ئەوەش ئەو پرسیارەیە کە دەبێژێ: سنووری "راستەقینە"ی ئەو "نیشتمان"ەی باسدەکرێ چی دیاریدەکات و چۆن و لە چ کاتێکدا دیاریدەکرێ ؟ زۆر "نیشتمان" هەبوون کە کاتی خۆی سنوورێکی رەسمی، یان خۆرسکی یان هەبووە ، ئەو سنوورانە بەپێی کات گۆڕاون و ئێستە ئەو سنوورە رەسمی یانە یا خۆرسکی یانە بەجارێك نەماون ۰ بۆ وێنە: سنوورەکانی وولاتی عوسمانی لەسەدەی ١٦و١٧و١٨و١٩و٢٠ دا وەك یەك نەبوون و ، ئەوڕۆش دەوڵەتی عوسمانی هەر بەجارێك نەماوە ۰ سنوورەکانی ئەو وولاتەی کە ئێستە بە "ئێران" ناودەبرێ ، لە هەزار ساڵەوە تا ئەوڕۆ گەلێك گۆڕانی بەسەردا هاتووە ۰ سنووری ئەڵمانیای ساڵی ١٩٣٩و ١٩٤٢ و ئێستەی وەك یەك نین.
سنووری وولاتێك شتێك نی یە کە بە درێژایی ی مێژوو هەروەك خۆی بمێنێتەوە ۰ شەڕوشۆڕی نێوخۆ ، و پەلاماری دەرەوە ، و هەڵگیرسانی جەنگ و داگیرکردنی وولاتان ، وکۆچ و رەوی دانیشتووانی وولاتێك – بە ئارەزووی خۆیان بێ ، یا بە هۆی کواستنەوەیان بێ بەزۆر – لەلایەکەوە بۆ لایەکی دی ، دەبنە هۆی گۆڕینی سنوورەکانی وولاتانی جیهان ۰ جا لێرەدا دەتوانین دوو جۆرە نیشتمان لەیەك جیابکەینەوە:

(١)– جۆرە نیشتمانێك کە دەوڵەتێکی خۆی هەیە ۰
(٢)– جۆرە نیشتمانێك کە دەوڵەتێکی خۆی نی یە ۰

(١)– ئەو نیشتمانەی کە دەوڵەتی خۆی هەیە :

ئەگەر مەبەست لە "دەوڵەت" لێرەدا دەوڵەتی ئیدیال بێ ، واتە ئەو دەزگەی دەسەڵاتە بێ کە ئەندامەکانی کۆمەڵگەیەکی یەك زمان و یەك بنەچەورەچەڵەك لەسەر پارچەیەك زەوی ببابەڕێوە و سنوورەکانی ئەو زەوی یە بەرامبەر دەسەڵاتی دەرەوە بپارێزێ ، ئەوا بە رەئی ی من دەوڵەتی وەها ئەوڕۆ لە جیهاندا دەگمەنە ، ئەگەر نەبێژم هەر نی یە ۰ بۆ وێنە: دەوڵەتێکی وەك سۆڤێت لە لێکدانی چەند نیشتمانێك پێکهاتووە

chalakmuhamad@gmail.com

کە چەندین گەلی جیاواز لەسەریان دەژین • وولاتێکی وەك ئەمریکا لە گەلێك گەلی جیاواز پێکهاتووە کە هێندێکیان ئێستەش هەر بە زمانی زگماکی خۆیان قسەدەکەن ، نەك بە ئینگلیزی ، کە زمانی رەسمی ی دەوڵەتە • وولاتێکی وەك بەریتانیای گەورە لە چەند نەتەوەیەك و چەند نیشتمانێك پێکهاتووە ، وەك: سکۆتی و ئیرلەندەیی و وێلزی • ئیسپانیا لە گەل و نیشتمانی باسك و کەتەلان و ••• هتد پێکهاتووە ، کە ئەوتا باسکەکان داوای جیابوونەوەی خۆیان و نیشتمانەکەیان دەکەن لە دەوڵەتی ئیسپانیا • لە وولاتێکی فرەگەلی وەك یۆگۆسلاڤیادا ؛ دژایەتی ی نێوان ئەم گەلانە جارجار دەگاتە رادەی دەستدرێژی ی ناسیۆنالیستانە بەرامبەر یەکدی • تەنانەت رۆژنامەکانی ئەورووپا لەسەرەتای نۆڤەمبەری ئەمساڵدا باسی بە یەکدادانی لاوانی سرب و کروات و ئەلبانی یەکانی یۆگۆسلاڤیایان بە دوورودرێژی گێڕابەوە (٢٢) • ئەو دەوڵەتانەی کە بە دەوڵەتانی عەرەب نێودەبرێن ، زۆربەیان لەپاڵ عەرەبەوە ، بە لایەنی کەمەوە ، گەلێکی دیکەیان تێدایە کە هێندێکیان " نیشتمان "ی مێژوویی و جوگرافیایی ی خۆیان هەیە وەك کورد و گۆشێنی و بەربەر • کەواتە ئەو دەوڵەتانەی کە فرەگەلن و هەر گەلە سەرزەوی تایبەتی ی خۆی هەیە ، ناتوانن خۆیان بکەنە دەوڵەتی ناسیۆنالی تاقە گەلێك لەو گەلانەی لە سنووری ئەو دەوڵەتەدا دەژین • بەرەئی ی من دامەزراندنی دەوڵەتی ناسیۆنال تەنێ دەتوانێ " رەوایەتی " هەبێ لەو وولاتانەدا کە یەك گەل دەژی تێیاندا • ئەگینا دامەزراندنی دەوڵەتێکی ناسیۆنال لە وولاتێکی فرەگەلدا کە هەر یەکەیان نیشتمانی مێژوویی و جوگرافیایی ی خۆی هەبێ ، مانای نەگرتنە بەرچاو و ژێر پێخستنی مافی ئەو گەلانەیە کە لە خاوەنێتی ی دەزگەی دەوڵەتی ناسیۆنال بێبەشکراون • ئەمەش دۆخێکە لە گەلێك لە دەوڵەتەکانی ئەوڕۆی جیهاندا هەیە و ، والەخەڵکی دەکات کە ئەم پرسیارەی خوارەوە بە هەق بزانن • ئایە بوونی دەوڵەتی ناسیۆنال شتێکی پێویستە ؟ بێجگە لەوەش ئەوڕۆکەم گەل هەیە کە هەمووی پێکەوە و لەژێر سایەی یەك دەوڵەتدا بژی ، بەڕێکی لە ژێر سایەی دەوڵەتێك یا

chalakmuhamad@gmail.com

چەند دەوڵەتێکی دیکەدا نەبێ ، کە رەنگە ئەو دەوڵەتەی دیکە دەوڵەتی ناسیۆنالی گەلێکی دیکە بێ ، وەك تیرۆلەکان کە هێندێکیان بەر نەمسا کەوتوون ، کە دەوڵەتی ناسیۆنالی خۆیانە و هێندێکیشیان بەر ئیتالیا کەوتوون ، کە دەوڵەتی ناسیۆنالی گەلێکی بێگانەیە بەوان . ئالەبەر ئەوە کە تۆ باسی دەوڵەتێکی وەك سۆدان دەکەیت ، چونکە دەوڵەتەکەی عەرەبی یە؛ ناتوانیت بڵێیت فیسارە کەس عەرەبە ، هەر لەبەر ئەوەی خەڵکی سۆدانە یا تەبەعەی دەوڵەتی سۆدانە ، لەوانەیە ئەو کەسە خەڵکی خوارووی سۆدان بێ ، کە نەعەرەبە و نەخۆشی بە عەرەب دەزانێ و نەدەیەوێ پێی بڵێن سۆدانی و عەرەب . هەروەها ئەگەر یەکێك لە مۆنیخ (ئەڵمانیا) لە دایکبووبوو ، و تەبەعەی دەوڵەتی ئەڵمانیای فیدەرالی بوو ، مەرج نی یە لە بنەمای ئەڵمان بێ . لەوانەیە باوك و دایکی تورك بووبن ، و وەك کرێکاری میوان هاتبن بۆ مۆنیخ ، و ئەو کەسە لە مۆنیخ لەدایکبووبێ و خۆشی بە تورك بزانێ . بوون بە تەبەعەی دەوڵەتێك ، بە ئارەزوو بێ یا بەزۆر ، مانای وانی یە کە ئەو کەسە سەر بەو گەلەیە کە دەزگەی دەوڵەتەکەی بەدەستەوەیە .

(٢)ـ ئەو نیشتمانەی کە دەوڵەتی خۆی نی یە :

ئەو نیشتمانانەی کە دەوڵەتی خۆیانیان نی یە کیروگرفتیان پیچێك مەزنترە . ئەو نیشتمانانەی دەوڵەتیان نی یە ، واتە ئەو گەلانەی بێ دەوڵەتن؛ وەك ئەو کەسانەن کە ماڵیان چووبێتە سەر بەشی ماڵان . چونکە ئەو دەوڵەتانەی نیشتمانی گەلێکی دیکەیان داگیرکردووە ، ئەو سەرزەوی یەی کە نیشتمانی گەلە ژێردەستەکەیە ، بەبەشێك لە نیشتمانی دەوڵەتەکەی خۆیان دەزانن و ئامادە نین جیا لە سنووری رەسمی و تەواوێتی ی خاکی ی خۆیان باسی بکەن ، خۆ ئەگەر باسیشی بکەن ، ئەوا لاەسەرلایی و کوڵکراو باسی دەکەن . بۆ وێنە : لە ئێراندا بەرەسمی ؛ تەنێ بە نێوچەی ئەردەڵان کە پێتەختەکەی سنەیە دەگوترێ کوردستان ، بەشەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی

chalakmuhamad@gmail.com

کوردستان وەك " ئازربایجانی رۆژاوا " و کرماشان و ئیلام بە کوردستان نێونابرێن ، بەڵکو بە نێوچەی کورد نشین " (مناطق کرد نشین) • لە عێراق ؛ کەرکووك و خانەقین و بەشێکی زۆری هەرێمی بادینان و مەندەلی و کووت و زەرباتییەوە جەسسان و بەدرە و عەلی غەربی بە کوردستان نێونابرێن • لە تورکیا و سووریا نێوی کوردستان هەر بە جارێك ناهێنرێ. لە زەمانی لینیندا هەرێمی کەلباجارکە ئێستە لە خاکی سۆڤێتدایە بە کوردستان نێودەبرا و ئەم راستییەش لە تەلگرافێکدا کە کاتی خۆی لینین بۆ کادرەکانی حیزبی خۆی لە قەفقاس لێی داوە بە جوانی دەردەکەوێ ، بەڵام پاش داەزراندنی کۆمارەکانی سۆڤێت و نووساندنی خاکی کوردستان بەو کۆمارانەوە ، ووشەی کوردستانی سۆڤێت بە ئەنقەست دەخرێتە پشت گوێ (٢٣) •

ئێستە با بگەرێینەوە سەر " شەرەفنامە " کە لە سالی ١٥٩٦ / ٩٧دا نووسراوەتەوە ، با بزانین سنووری کوردستانی چۆن دەستنیشانکردووە • شەرەفنامە دەبێژێ :

" کوردستان لە (تەنگەی) هورمزەوە دەست پێدەکات کە دەکەوێتە کەناری زەریای هیندییەوە ، و بە هێڵێکی راست لەوێوە دەچێ تا دەگاتە مەلاتییە و لەوێشەوە دەکشێ بۆ وولاتی مەرەش و لەوێدا تەواو دەبێ • باکووری ئەم هێڵە بریتییە لە نێوچەی فارس و عێراقی عەجەم و ئازربایجان و ئەرمەنستان و باشووری کوردستانیش بریتییە لە دیاربەکر و مووسل و عێراقی عەرەبی " (٢٤) •

ئێستە بە ئاسانی دەردەکەوێ بۆمان هێندێك لەو هەرێمانەی کە لە زەمانی نووسینەوەی " شەرەفنامە " دا کوردستان بوون ، ئەمڕۆ تەنانەت لەلایەن کوردەکە خۆشییەوە بە کوردستان نادرێتە قەڵەم • شایانی باسە کە داگیرکەرانی کوردستان ئەمە چەند سەدەیەکە لە رێی کۆچ پێکردنی کورد و نیشتەجێکردنی ناکوردەوە هەوڵی گچکەکردنەوەی

chalakmuhamad@gmail.com

کوردستان دەدەن . بە پێویستی دەزانم ئەوەش بڵێم کە لەم ساڵانەی دواییدا هێندێك لە پێوەندیداران لەگەڵ دەزگەی ئیمپریالیستانەی ڕۆژاوای خاوەن بەرژەوەندی بازرگانی لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان ، هەروەها هێندێك لە "زانیاری فرۆشان" بە تایبەتی لە ئەورووپا، کەوتوونەتە کێشانی "نەخشەی کوردستان" ، دیارە بە پێی ئامانجی سیاسیی خۆیان دەیانەوێ کوردستان زۆر بە گچکە و کورت و کەلکراو بدەنە قەڵەم و کوردستانی ڕاستەقینە بە "داخوازیی ناسیۆنالیستە کوردەکان" بخەنەڕوو (٢٥) . لەوەش بترازێ هێندێك برای ئەرمەنیی کەللەڕەقیش هەن ، تەماشای ئەوە ناکەن کە ئەوانیش وەك کورد گەلێکی لێقەوماون ، و هەر لە ڕێی برایەتیی کوردەوە و بەژیرانە و هێمنی دەتوانن بگەنە ئامانجیان ، کەچی دەچن نەخشەی ئەرمەنستانێك دروست دەکەن کە بە نێزیکە هەموو نێوچەکانی ژوورووی کوردستانی تێدەخەن . بۆ دەچێ کە هێندێك لەم کردەوە نابەرپرسیارانەیە ، لە بنەڕەتدا ، دەستی ئەوانەی تێدابێ کە دەیانەوێ لەم ڕێیەوە کورد و ئەرمەنی بکەنە ناحەزی یەك و ئەوجا دوژمنی هەرد وولاش بە هەرد وولا پێبکەنێ . ئەمە وا، و ئەمەشم هەر لەبەر ئەوە باسکرد تا بزانرێ مەسەلەی ڕێکنەکەوتن و دەمەقێکردن لەسەر دیاریکردنی سنووری نیشتمانێك " لە هەمووجیهاندا هەیە . هەر بۆ وێنە:لە ئیسپانیادا چەند هەرێمێك هەیە کە باسکەکان بە نیشتمانی خۆیانی دەزانن ، بەڵام ئیسپانیاییەکان بە هی وانی نازانن و نایەڵن بخرێتە سنووری نێوچەی ئۆتۆنۆمیی باسکستانەوە . چیرۆکی سارلاند و ئەلزاس و لۆرێنیش ئاشکران.

بەم ڕاستییانەی سەرەوەدا دەردەکەوێ بۆمان کە مرۆ دەتوانێ بێژێ "سەر بە نیشتمانێك بوون" (لێرەدا لە چاو کورددا کوردستان) تەنێ لە دۆخ و باری تایبەتیدا دەکرێتە پێناسەی کورد بوون ، و هەروەها کوردستانی نەبوونیش، واتە لە کوردستاندا لەدایكنەبوون و لە کوردستاندا گەورەنەبوون و نەژیان ، ناتوانرێ بکرێتە پێناسەیەك بۆ نەبوونی کورد بوون .

chalakmuhamad@gmail.com

د - ئاین

هێندێك جار ئاین - بەلكوو بەكانیشی یەوە ، وەك ئاینزا (مذهب) - دەكرێتە یەكێك لە پێناسەكانی ناسنامەی كۆمەڵگەلێكی تێتنی . راستی یەكەی ئاین هێندێك جار دەبێتە ئەو پێناسەیەی كە ناسنامەی كۆمەڵگەلێك دیاری دەكات ، بەڵام نەك هەموو جارێك . بۆ وێنە : سەر بە ئاینی مووسایی بوون ، پێناسەیەكی بنەڕەتی یە بۆ دیاریكردنی ناسنامەی جوولەكەیی . ئاینی دروزیش پێناسەیەكی سەرەكی یە بۆ ناسنامەی كۆمەڵگەلی دروزییەكان . بەڵام هەموو كاتێك مەسەلەكە وانی یە . هێندێك جار وا رێك دەكەوێ كە كۆمەڵە خەڵكێكی گەورە سەر بەیەك ئاین و یەك ئاینزاشبن ، بەڵام ئەو ئاین و ئاینزایە تایبەتكارێكی خۆیان نەبێ . بۆ وێنە : توركەكان هەموو موسوڵمانن ، و زۆربەی زۆریان سوننی ، و بگرە زۆربەی سوونی یەكانیشیان سەر بە ئیمامی حەنەفین . بەڵام وەنەبێ موسوڵمانەتی و سوننیەتی و حەنەفێتی هەر تایبەتكارێكی تورك بێ ، وەك ئەوەی ئاینی مووسایی تایبەتكارێكی جوولەكەیە . ئەوجا مەسەلەكە لە چاو كورددا گەلێك سەختترە . راستە ؛ زۆر كەس هەن كە سەرپێیی تەماشای كورد یان كردووە و دەیكەن ، و لەوەشەوە هەموو كورد یان بە موسوڵمانی سوننی داوەتە قەڵەم و دەیدەن ، و ئەمەش لە گەلێك كتێب و سەرچاوەدا نووسراوە . بەڵام ئەمە راست نی یە و سەردەرنەچوونە لە مەسەلەكەدا . جارێ هەموو كورد موسوڵمان نین ، بەڵكو نێزیكەی ٦٥٪ - ٧٥٪ ی كورد موسوڵمانن ، و ئەوی دی بریتی یە لە ئێزدی و كاكەیی و عەلەوی و سارەیی و شەبەك و باجوان و هەقە و كاتۆلیك و پرۆتستانت و ئۆرتۆدۆكس ، و تەنانەت كەمەیەكی كەم زەردەشتی و لەوەش كەمتر بەهایی لەنێو كورددا هەن . دوایی ئەو كوردانەی كە موسوڵمانن هەموو سوننی ، یا هەموو شیعە نین ، بەڵكو تەنی ٢/٣ یان سوننی و ١/٣ یان شیعەیە . بەم جۆرە دەتوانین بڵێین ، نێزیكەی نیوەی كورد موسوڵمانی سوننی مەزهەبن . دەدیارە ئەمەش ناكرێتە

chalakmuhamad@gmail.com

پێناسەیەکی سەرەکی بۆ ناسینەوەی کۆمەڵگەلێکی ئێتنیی گەورەی وەك کورد. ئەو هۆکارەی کە تا ئێستە وای لە هێندێك سەرنجدەر کردووە کە پێیان وابێ زۆربەی زۆری کورد موسوڵمانی سوننی مەزهەبن، ئەوەیە کە کوردە سوننییەکان، بە گشتی، هۆشیاریی سەربە کورد بوونیان لە هی کوردە شیعەکان بەهێزترە، کە زۆربەی زۆریان لە رۆژهەڵاتی کوردستان؛ بە تایبەتی لە پارێزگەی کرماشان و ئیلامدا، و لە بن دەست رژێمی ئێراندا دەژین، کە رژێمێکی شیعەیەتییە. بە پێچەوانەی کوردە شیعەکانی عێراقەوە (بە تایبەتی فەیلییەکان) کە هۆشیاریی سەربە کورد بوونیان یەکجار بەرزە، کە دوورنییە ئەمەش بە هۆی چەوساندنەوەیانەوە بێ لەلایەن رژێمی عەرەبی عێراقەوە کە رژێمێکی سوننێتییە.

بە کورتی؛ ئاین ناتوانرێ، لە هەمووکاتێکدا و بێ چەند و چۆن، بکرێ بە پێناسەیەکی ناسنامەی کورد بوون. ئەگەرچی هێندێك ئاین هەن لە نێو کورددا، وەك ئاینی ئێزدی و هەققە کە هەر تایبەتکاری کوردن، و مرۆ دەتوانێ بێژێ ئەوی ئێزدییە یا هەققەیە، دەبێ کورد بێ و هیچی دی. لە گەڵ ئەوەشدا لە چاو ئاینەکانی دیکەدا کە لە نێو کورددا باون و نێومان بردن، مەسەلەکە جۆرێکی دیکەیە.

(ئە)ـ کولتوور

ئەگەر کولتوور بە سەرجەمی گشتیی ئەو هەڵسوکەوتە قاڵبیبەستووانە دابنرێ کە کۆمەڵگەلێکی تایبەتی ـ بە جۆرێکی هۆشیارانە یا ناهۆشیارانە ـ لە شێوەی بیروڕا و نرخپێدان داهالە خۆی دەردەخا، و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیی بە جێدەهێڵێ، ئەوا دەبێ کولتوور بریتی بێ لە ئاوێتەیەکی پتەوی ئەو بیر وسەرنج و هونەر و زانیاری و ئاین و تاقیکردنەوانەی کە لە چارچێوەی نەریت و خوورەوشتدا خۆیان دەنوێنن. کولتوور دەکرێ بە پێناسەیەکی گرنگ بۆ ناسینەوەی کۆمەڵگەلێکی ئێتنی یا گەلێك. بۆ وێنە: دەگوترێ: کوردەکان هەموو کولتوورێکی وەك یەکی تایبەت بە خۆیان هەیە؛

chalakmuhamad@gmail.com

و مەبەستیش لەمە ئەو بیرو را و نرخ پێدان و تاقیکردنەوانەن کە بە درێژایی ی
مێژوو لە نێو کۆمەڵگەلی کورددا جێی خۆیان کردووەتەوە . بۆ وێنە : لـــــە
نامەیەکدا کە سەرکردەی کلاسیکیی کورد ، بەهەشتی شێخ عوبێدوڵلای
نێری لە ٥ ی تیشرینی یەکەمی سالی ١٨٨٠ دا بۆ دکتۆر کۆ هـــرانـــی
ئەمریکایـــی نووسیبوو گوتبووی : " نەتەوەی کورد کە لە پێنج سەد هەزار
بەرەباب پێکهاتووە گەلێکی خۆیە خۆیە . ئاینی خۆی هەیە . هەروەهـــا
نەریت و خووڕەوشتی تایبەتیی خۆی هەیە (٢٦) . کە کورد کولتووری
تایبەتی خۆی هەیە ، شتێکە لە لایەن بێگانەشەوە دانی پێدادەنـــرێ *
لێرەدا ئەو کۆپلەیەتان دێنمەوە بیر کە لە داخوازینامەی دووسەناتـــۆرە
بەلچیکایی یەکەم وەرگرتبوو و خوێندمەوە بۆتان . لەوێدا باسی ئـــەوە
دەکەن کە کوردستان سەرەڕای پارچەپارچەکردنیشی لە رێی پێوەندیی
کولتوور و زمانـــی هاوبـــەشەوە پێکەوە بەستراوە .

ئەوجا ئەگەر بێتو ئێستە لە تەواوی ئەو پاکەتە نەریت و نرخ پێدانەی
کە کولتووری کوردیان پێکهێناوە بتوێژینەوە ؛ دەبینین لە هەموو رووییەکەوە ،
و لە هەموو بەشەکانی ئەو کۆمەڵگەیەدا کە بە کۆمەڵگەی کورد ناسراوە ، پەڕپەڕی
یەك نین . بۆ وێنە : کوردێکی موسوڵمان شەراب خواردنەوەی پێ حەرامـــە ،
بەڵام کوردێکی ئێزدی یا مەسیحی شەراب دەخواتەوە . کوردێکی ئێزدی کاهود
و هێندێك جۆری سەوزە ناخوات ، بەڵام کوردێکی موسوڵمان و مەسیحـــی
دەیخۆن . هۆزە کوردەکان لە هێندێك هەڵسوکەوت و شێوەی جلـــوبەرگدا
هەموو وەك یەك نین . هەڵسوکەوتی کوردە نیشتەجێکان کە بە " گۆران "
نێودەبرێن لەگەڵ هەڵسوکەوتی کوردە کۆچەرەکان ، لە هەموو رووییەکـــەوە
وەك یەك نین . جا ئەم ناوەكیەکی یە لە هێندێك هەڵسوکەوتی ناوچەییدا
وەنەبێ هەر لەلای کورد وابێ ، بەڵکو لای گەلانی دیکەش هەر وایـــە .
بۆ وێنە : کێ دەتوانێ بێژێ رەشتوخووی تورکزمانێکی ئازەریی شیعـــە
یا تورکێکـــی قزلباشی شیعە لە هەموو رووییەکەوە وەك رەوشتوخووی تورکێکی
سوننـــیی ئەستەموولی یە . یا رەوشتوخووی فارسزمانێکی سوننی ئـــەفغانی

chalakmuhamad@gmail.com

وەك رەوشتوخووی فارسێكی شیعەی ئەسفەهانی یە. بەڵام ئەوە هەیە دەتوانرێ بگوترێ، لە كۆمەڵگەی كورددا هێندێك تایبەتكاری كولتووری هەیە كە لە هەموو لایەك، یا بە شێوەیەكی گشتی، وەك یەكن. كورد بە پێی سروشتی جوگرافیایی ی وڵاتەكەی گەلێكی رەوشت چیایی یە (هەرچەندە كورد هەموویان دانیشتووی سەرچیا یا دەوروبەری چیا نیین)، كولتوورێكی نیوەنیشتەجێیی و نیوە كۆچەری، نیوە باوكفەرمانی و نیوە دایكفەرمانی هەیە، كە بە هۆی هەلومەرجی مێژوویی و جوگرافیایی یەوە پەیدابووە، و لە یەكدگیری و ئاوێتەبوونیان جۆرە نەریت و نرخ پێدانێكی سینكرێتیستانەی وا بۆ كورد دروستبووە — ئەگەر بتوانم لێرەدا ئەم وشەی سینكرێتیستانەیە بەكاربهێنم — كە هێندێك جار كۆمەڵگەی كوردەواری، بۆ بێگانە و ئەوانەی لە مەسەلەكە باش حاڵی نەبوون، لە شێوەی كۆمەڵگەیەكی سەیر و ناتەبا و ناهاوئاهەنگدا دیاری دەدات. ئەم كولتوورە سینكرێتیستیانەی كورد بۆ یەكەمجار لەو وتارە سەمیناری یەدا باسكرا كە لە مۆنیخ لە ٢٣ی ئەیلوولی ١٩٨٣دا پێشكێشم كرد (٢٧). بە پێی لێكۆڵینەوەی من ئەم كولتوورە دووكوچكەیی یە ئەنجامی ئەو نیشتەجێكردنە نیە كە بە زۆرەملی و بە شێوەیەكی ناخۆزایی (لاطبيعي) بەسەر كورددا سەپێندراوە، هەر لە رۆژانی كۆنەوە تا ئەم سەدەی بیستەمە، وتا ئێستەش، كە درێژەپێدانی ئەوەش لە چارچێوەی ئەم سەمینارە دەچێتەدەرەوە. لەبەر ئەوە هێندە دەڵێم ئەنجامی خۆرسكی و ئاسایی ی ئەم كولتوورە سینكرێتیستی یە ئەوەیە هێندێك رەوشتوخوو و نەریت و هەڵسوكەوتی ناتەبا و پێچەوانە بەیەك لە كورد دیاری دەدات. بۆ وێنە: دەبینیت كورد زۆربەی موسوڵمانە، كەچی ژنەكانیان — تا ئەو ئەندازەیەی دەسەڵاتی داگیركەرانی كوردستان نایانگاتێ — پەچە ناگرنەوە و لە چاو ژنانی گەلە موسوڵمانەكاندا ئازادی یان گەلێك پترە. بە جۆرێك تەنانەت ئەو بێگانە ئەورووپایی یانەی لە سەدەی رابوردوودا بە كوردستاندا گەشتیان كردووە هەستیان بەمە كردووە (٢٨) دەبینیت كورد نوێژ دەكات و رۆژوو دەگرێ و موسوڵمانێكی سەختە، كەچی هێندەی

chalakmuhamad@gmail.com

لەسەر لوتکە و قەدپاڵی چیاکانی کوردستان دێری دیانان هەیە ، لە هەموو ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاستدا نییە ، و جەماوەری کوردیش بوونی ئەو دێرانە بە شتێکی ئاسایی دەزانێ ، و ئەمەش بەڵگەیەکە بۆ ئەوەی کە کورد لە رابوردووشدا و لە کاتێکدا کە دەسەڵاتی ئیسلام لە ناوچەکەدا لەسەر هەموو دەسەڵاتێکەوە بووە ، نەیویستووە بەزۆر ناموسوڵمانێك بکاتە موسوڵمان.
دەبینیت کورد هیچ کاتێك لە نێوخۆیدا یەکی نەگرتووە ، و بگرە بووە بە نموونە بۆ چەند بەرەکی و ناکۆکیی نێوخۆ ؛ و ئەوەتا سەدان ساڵە قەوارەی یەکتای خۆی نییەو بە پارچەپارچەکراوی ماوەتەوە ، کەچی بەم بندەستێتییەش ، تا ئێستە خۆی لە نێو ئەو گەلە بێگانانەدا نەتواندووەتەوە کە وڵاتەکەیان داگیر کردووە ... دەبینیت ئاینی ئیسلامی لە عەرەبەوە وەرگرتووە و بووەتە موسوڵمان ، و زاناکانی ، زۆربەی هەرە زۆری بەرهەمی بیری خۆیان بە عەرەبی نووسیوەتەوە ، کەچی زمانە کوردییەکەی خۆی هەر پاراستووەو قسەی هەر پێکردووە و نەیگۆڕیوە بە عەرەبی(١٢٨)، لە کاتێکدا کە گەلانی میسر و سووریا و ژوورووی ئەفریکا و لوبنان و فەلەستین هەموو بوونەتە عەرەبزمان و هەتەرەیتەری کولتووری کۆنیان نەماوە . دەبینیت کورد پێشەییەکی یەکجار زۆر دەدات بە ئازایەتی و فۆلکلۆرەکەی نرخی ئازایەتی و سوارچاکی زۆر بەرز دەگرێ ، کاتێك دەبێژێ : " دنیا ماڵی مەردانە " یا " ئازا جارێك دەمرێ و ترسنۆك هەزار " یا " ماڵا مێر لێ کانییا زێر لێ " (٢٩) . جەنگاوەریی کورد نەك هەر لە داستانەکانیدا دیارن و بەس ، بەڵکو کورد بەکردەوەش و بەتایبەتی لەلایەن بێگانەوە بە شەڕکەر و سوارچاك و سەربازی چاونەترس دەدرێنە قەڵەم (٣٠) ، کە ئەمەش سروشتێکی ژیانی کۆچەرییە . کەچی سەرەڕای ئەم هەموو نرخدانە بە ئازایەتی ، هیچ پەی شەرم نییە بێگانەیەك کە لە خۆی نییە بیکات بەسەرکردەی خۆی ، لە جیاتی یەکێك کە لە خۆیەتی . ئەمەش دیاردەیەکی ناکۆکی نێوان جۆری بیرکردنەوەی کۆچەری و جۆری بیرکردنەوەی نیشتەجێیی دەردەخا کە لە مێژووی کورددا ئاشکرایە . هەروەها دەبینین کورد کە دوژمنایەتی کرد بە هەموو

chalakmuhamad@gmail.com

جۆرێك شەڕی دوژمنەكەی دەكات ، بەڵام هەر هێندە دوژمنەكەی بێ هێز بوو یا بێ هێز خۆی پێشاندا (بەوەی رووبەكی خۆش یا دووقسەی خۆشی كرد) ئەودەمە دەستبەجێ سارد دەبێتەوە و واز لە هەموو دوژمنایەتی یە خەستەكەی دەهێنێ و لەوانەیە دەستیش بكاتە ملی دوژمنەكەی و رابورد ووش هیچ لە خەیاڵیدا نەمێنێ . هەروەها دەبینیت كورد بەرامبەر بێگانە یا بەرامبەر شتێكی تازە كە هێشتا نەیناسیبێ زۆر بەگومانە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا كۆنەپارێزانە ناكەوێتە بەربەرەكانێ ی ، بەڵكو بەپێزەوە هەڵسوكەوت دەكات لەگەڵی و هەوڵ دەدات هوردە هوردە تێ ی بگات و لەخۆیدا بیتوێنێتەوە . ئەوجا دەبینیت كورد سەرەڕای ئەوەی لە وولاتێكی زۆر دواكەوتوودا دەژی ، بەڵام بەزوویەكی زوو هۆگری "ژیانی تەكنیكاوی و مۆدێرن " دەبێ ، بێ ئەوەی مۆركی بنەڕەتی خۆی وون بكات . هەروەها دەبینیت كورد زۆر باوەڕی بە (خەرافات) و "چارەنووس" و "بەخت" و " قیسمەت" و ئەم شتانەیە (٣١) ، كەچی لەسەرێكی دیكەوە واقیعی یە . ئەوجا ئەمە لە پەندە پێشینانەكانیدا دیارە . وەك : " هەزار فاتیحا كوتێك گۆشت ناهێنێ " و " ئەگەر بە دۆعا دەبوو پشقل بە خورما دەبوو " ، ئەوجا بەكردەوەش خۆی نادات دەست قەدەر هەموو كاتێك ، بەڵكو بۆگەیشتنە ئامانجەكانی دەجووڵێتەوە و شۆڕش هەڵدەگیرسێنێ ...

شایانی باسە كە هێندێك لەو بێگانانەی لە نێو كورددا ژیاون و بەچاوێكی بابەتانەی بەویژدانانەوە روانیویانەتە كورد ، توانیویانە ژمارەیەك لە سروشتە پێچەوانەكانی كورد بخەنەڕوو . لەوانە ئەندازیاری سكۆتلەندی بەهەشتی هەملتن ، دروستكەری شەقامی هەملتن لە كوردستان (٣٢) دەبێژێ :

" چونكە كورد چیانشینە ، جۆرێكی دیكەیە (و لە عەرەب ناچێ) ، كەمێك شەرمنترە ، سروشتی زۆرتر لە سكۆتلەندییك دەچێ . كەمتر لە عەرەب دڵی بە دنیاوەیە ، لەگەڵ ئەوەشدا حەز لە گاڵتەوگەپ دەكات ، بە

chalakmuhamad@gmail.com

تایبەتی ئەگەر گاڵتەکە باسی خۆی یا گەلەکەی بێ ٠ (کورد) نەختێك سۆفی ـ رەوشت و نەختێك فەیلەسووفە ، و کەمێکیش باوەڕی بە قەزا وقەدەرە ٠ ئەگەر بێتو بتوانیت بیکەیتە هاوڕێی خۆت ، تەنانەت لە عەرەب راستوڕەوانترە ٠ کورد وەنەبێ گەوجیش بێ ، بەڵکو بە چاوێکی تیژەوە دەڕوانێتە جیهان و ئارەزوویەکی هۆشیارانەی هەیە بۆ هەموو پێشکەوتنێکی زانستانەی مۆدێرن و پیشەسازی ، هەرچەندێك وولاتەکەی دواکەوتوو وساکاریش بێ " (٣٣) ٠

پێم وایە ، هەر ئەم سروشتە سینکرێتیستانەیەی کولتووری کوردە کە بووە بە هۆی پاراستنی کورد و رێگرتن لە تەفروتوونابوونی ٠ بە کورتی ؛ ملدانی کورد بۆ چوونە ژێر دەسەڵاتی بێگانە ، بەڵام بە مەرج (شرط) کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا بریتی یە لە یەکدگیریی سینکرێتیستانەی کولتووری کۆچەری و کولتووری نیشتەجێیی ، یاخود بە زاراوەی سیاسەت : (مساومەیەك) لە نێوان داندوواوەی تەواوی دەسەڵاتداریتیی بێگانە (کە ئەمەیان خووڕەوشتی کۆچەری یە) و نێوان ئامادەبوون بۆ خۆکردنە بەشێك یا پارچەیەك لە کۆمەڵگەی بێگانەی خاوەن دەسەڵات (کە ئەمەشیان خووڕەوشتی نیشتەجێیی یە) ، دەورێکی گەورەی گێراوە و دەگێڕێ لە قالبەستندا بە کولتووری سیاسیی کورد ، و بووەتە هۆی ئەوەی کە کورد وەك کورد تا ئەمڕۆ لەنێو نەچێ ، بەڵام لە هەمان کاتیشدا هەروا وەك گەلێکی بێ دەوڵەتی یەکنەگرتوو بمێنێتەوە ٠

کولتووری سینکرێتیستانەی کورد هەر بە تەنێ لە هەڵسوکەوتی سیاسیانەی کورددا دەرناکەوێ ٠ بەڵکو تەنانەت لە رامانە ئەفسانەیی و میتۆلۆژیایی یەکانی کوردیشدا دەردەکەون ٠ ئاینە کوردی یەکانی وەك ئاینی ئێزدی و ئاینی کاکەیی و ٠٠٠ هتد ، وێنەی ئێزدانی بەجۆرێك دێننە بەرچاویان کە وەك (مساومەیەك) وایە لە نێوان (تصورات)ی ئێزدانی هیند وئێرانی یە کۆنەکان کە خودێی بێ گیانی بەچاو بینراویان دەپەرست (وەك خۆر و مانگ و ئەستێرە و چیا و درەخت و زێ و ٠٠٠ هتد) و (تصورات)ی تاکپەرستانەی بەچاو نەبینراوی زەردەشتێتی و جوولەکەیەتی و مانێتی و پاشان موسوڵمانەتی دا ، کە (تصورات)ی یەکەمیان هەی

chalakmuhamad@gmail.com

دەورانی کۆچەری‌یە، ودووەمیشیان هی دەورانی نیشتەجێ‌یی‌یە. ئاینە کوردی‌یەکان گەوهەری ئیزدانی لە شێوەی گیانداریکدا دێننە بەرچاوی خۆیان کە لە ڕێی "دۆنای‌دۆن" (تناسخ الارواح)ەوە لە تەنێکــــی بینراودا خۆی پیشان‌دەدات. ئەمەش‌با سێکی میتۆلۆژیای کــــوردە کە لەجێی دیکەدا لێی دەدوام.

بەکورتی؛ کولتووری کورد یەکێکە لەو پێناسە گرنگانەی کە دەبنــــە هۆی دیارکردنی پەیوەندارێتــــی ی کــــورد بــــوون.

(ف)ــ هەستــــی وەلئیەکــــی‌ی کــــورد بــــوون

ئەگەر یەکێك بە بنەچەومچەلەك کورد بوو، وخەڵکی کوردستان بوو، وبە زمانی کوردی قسەی‌کرد، وسەر بە کولتووری کورد بوو، واتــــە هەموو ئەومەرجانەی تێدابوو کە بە پێناسەی کورد بوون دادەنرێن، ئەوجا بۆ ئەوەی بە کورد بناسرێ، دەبێ ئەوکەسە خۆی بە کورد بداتە قەڵەم. واتە پێویستە هەست بەوە بکات کە کوردە. بە کورتی؛ دەبێ خۆی بــــە یەکێك بزانێ لەوکۆمەڵگەلەی کە بە کورد ناسراوە. خۆ ئەگەر هەستی بەوە نەکرد کە کوردە وخۆی بە کورد نەدایەقەڵەم، ئەوا دانانی بە "کورد" لەلایەن خەڵکەوە سەبارەت بەوەی بە بنەچەومچەلەك کوردە، یا بە زمانی کوردی قسەدەکات، یا خەڵکــــی کوردستانە، یا سەر بە کولتووری کوردە، بە هیچ جۆرێك وا لەوکەسە ناکات کە "هەستی کورد بوون" پەیدابکات. خۆ ئەگەر یەکێکی دیکە، نە بە بنەچەومچەلەك کورد بێ، و نە خەڵکی کوردستان بێ، ونە بە زمانی کوردی قسەبکات ونە سەر بــــە کولتووری کورد بێ، بەڵام لەبەر هەر هۆیەك هەیە با ببێ، خۆی بــــە کورد بزانێ و هەست بەوە بکات کە کوردە، ئەوا ئەگەر لەلایەن خەڵکیشەوە بە کورد نەدرێتە قەڵەم، وا لەوکەسە نایەت کە هەستی کورد بوونی تێدانەنەمێنێ، یا خۆی بە کورد نەزانێ. کەواتە هەستکردن بە کــــورد بوون

chalakmuhamad@gmail.com

واتە خۆبەکورد زانین مەرجێکی سەرەکی و پێویستە بۆکورد بوون • هەر بەم پێیە ئەوی خۆی بە کورد زانی کوردە و ئەوی خۆی بە کورد نەزانی کورد نی یە ••
شـا لەم رووەوە بەهەشتی مستەفا بارزانـــــی لـــــــە وەرامی پرسیارێکی رۆژنامەی Le Monde ی فەرەنسـیدا کە لـێی پرسیبوو "کـورد کـێیە؟" گوتبووی : " ئەوی خۆی بە کورد زانـی ئەوا ئەوکەسە کوردە " (٣٤) • بەم جۆرە نیشانەکەی بەتەواوی پێکا ـ بوو •

بەلاّم ئێستە ئێمە ئەگەر سەرنجێکی ئەوانە بدەین کە هەستـــی کورد بوونیان هەیە ، واتە خۆیان بە کورد دەزانن ، یان بەلایەنـــی کەمەوە ، لای بێگانە خۆیان بەکورد دەدەنە قەلّەم ، دەتوانین دووجـۆرە تیـپ لەیەك جیابکەینـەوە :

(١) ــ تاقمێکی بە ژمارە زۆر کچکە هەن خۆیان بە کورد دەزانن ، و لەبەردەمی هەمووکەسێکدا دەڵێن کە کوردن ، بەلاّم ئەگەر بێتو یەکێـك لە پێناسەکانی "کورد بوون" بەریەرەکانی بکرێ ، یان بکەوێتە مەترسییـەوە ، ئەوا باکیان نی یە • بە کورتی ؛ بە پێویست و ئەرکی سەرشانی خۆیانــی نازانن لەسەر پێناسەکانی کورد بوون بکەنـەوە • بۆ وێنە ئەگەر خۆیان یـا منداڵیان لە قوتابخانەکاندا بە کوردی بخوێنن ، یا بە زمانێکی دیکـە بخوێنن ، ئەوا بـەلایانەوە هەروەك یەکە • خۆ ئەگەر دەولەتێکی ناسیۆنالی بێگانە کە کوردستانی داگیرکردووە بکەوێتە پەلاماردانـی کورد و ، وێران ـ کـردنی کوردستان و دەستبکات بە تورکردن و فارسکردن و عەرەب ـ کردنی کورد ، ئەوا باکیان نی یە • بە کورتی ؛ خۆیان بە هاوولاّتی ئـەو دەولەتانە دەزانن کە کوردستانیان بەزۆر لەخۆیان بەشکردووە ، نــەك بە هـاووولاّتـی کوردستان • جاری واش هەیە ئەم تاقمە راستەوخۆ هاوکاری لەگەل ئەو رژێمانەدا دەکات کە بۆ لەنێوبردنی هەموو پێناسەکانی ناسنامەی کوردی هەولّدەدەن و ئەم هاوکارییەش بە شتێکی ئاسایی دەزانـــێ •

chalakmuhamad@gmail.com

شایانی باسە کە ئەم تاقمە تەنێ دەکەوێتە قسەو بە دەنگەدێ ، کاتێك بەرژەوەندیی ئەسکوترووسکی تایبەتی و خۆکەسی (شخصی)ی خۆی بکەوێتە مەترسی و تەنگاوی یەوە . دەتوانین بڵێین ئەم تاقمە خەڵکە ، هەرچەندە خۆی بە کورد دەداتە قەڵەم ، بەڵام هەستی نێوکۆیی لەگەڵ سەرجەمی ئەواندا نی یە کە خۆیان بەکورد دەزانن و بەکورد ناسراون و لە هەمان کاتدا زۆربەی هەرەزۆری کۆمەڵگەی کورد پێکدێنن . واتە ؛ ئەمانە چارەنووسی خۆیان نابەستن بە چارەنووسی کۆمەڵگەی کوردەوە . ئەم تاقمە لەنێو کوردەواریدا ــ وەك خۆشتان دەیزانن ــ بە " زۆڵە کورد " نێودەبرێن . دیارە ووشەی " زۆڵ " لە کوردیدا هەربە مانا ئاینی یەکەی بەکارناهێنرێ کە " لەدایکبوونی ناشەرعی "یە ، بەڵکو " زۆڵ " بە هەموو هاتنە جیهانێك و هەموو جۆرە پێگەیشتنێکی " ناخۆڕسکی " و " ناڕەوا " دەگوترێ . لە هەمان کاتدا سروشتی " زۆڵ " کە دەدرێتە پاڵ ئەو جۆرە کەسانە ، وەك لە ووشەی " زۆڵە کورد " دا دیارە ، خۆماڵی " کورد بوون " بەجارێك لەو کەسانە ناسێنێتەوە کە بە " زۆڵ " نێویان دەبات ، واتە ئەوانە هەر بە " کورد " دادەنرێن ، ئەگەرچی بە " کوردێکی زۆڵ " دەزانرێن . نەسەندنەوەی خۆماڵی " کورد بوون " لەوانە،شتێکی راستە ، چونکە ئەوانە تا خۆیان بە کورد بزانن ، هەر کوردن ، هەرچەندە سەر بە تیپێکی تایبەتین .

جا لەبەر ئەوەی ئەم ووتارەی من ووتارێکی زانستانەیە ، دەمەوێ خۆم لە زاراوەی سەنتیمەنتالانە و کەفوکوڵی دەروون دووریخەمەوە ، لەبەر ئەوە وا پێشنیاز دەکەم کە بەم تاقمە بگوترێ " لە خۆیاندا کوردن " . وێنەش بۆ ئەم تیپە لە رابوردوودا هێندێك لە دەرەبەگەکان و سەرۆك هۆزەکانی کوردستان بوون . لەم دواییەشدا هێندێك لە ئاغا و خاوەن زەوی ـ وزارە گەورەکان ، و ژمارەیەکیش لە هوردەبۆرژوای رۆشنبیری دەسەڵاتدارن ، کە ئەمانەش جارەیار ژمارەیەك لە چڵکاوخۆر و کاسەلێس و کوڕی رۆژو هێندێ جاریش دەستەیەك لە نەزان و ساویلکەی سەربە چینی هەژار و دەستکورتیش لەگەڵ خۆیان کێشدەکەن .

chalakmuhamad@gmail.com

(٢) ـ کۆمەڵێکی دیکە هەن، بەڵام ئەمەیان بەژمارە زۆر گەورە، و زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵگەی کوردن. ئەمانە نەك هەر خۆیان بە کورد دەزانن و، بەس، بەڵکو هەموو پێناسەکانی کورد بوون بەبەشێك لە خۆیان دەزانن. واتە، زمانی کوردی و بنەچەو رەچەڵەکی کوردی و وڵاتی کوردستان و کولـ ـتووری کورد بە "ملکی خۆیان" دەزانن و لەسەری بەدەنگ دێن. جالەبەرئەوەی ئەم "موڵکە" هەر هی ئەوان نییە، و بەشداری دیکەـ شیان هەیە، کە ئەوانە هەموو ئەو کوردانەی دیکەن، دیارە هەر هەڵمەت و پەلامارێك بۆ سەر "شەریکە موڵك" بە هەڵمەت و پەلامار بۆسەر خۆیان دادەنێن. ئا لەبەرئەوە پاراستنی "موڵکی هاوبەش" و پاراستنی "هاوبەشکار" بە پێویستی سەرشانی خۆیان دادەنێن. بەکورتی؛ چارەنووسی خۆیان لە چارەنووسی ئەوانە جیاناکەنەوە کە لە خاوەنێتیی پێناسە تایبەتکارەکاندا هاوبەشکاری ئەوانن. ئەم کۆمەڵە چارەنووسی خۆیان دەبەستن بە چارەنووسی کۆمەڵگەی کوردەوارییەوە. لەبەرئەوە ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان دابەشکردووە، بە وڵاتی خۆیان نازانن، بەڵکو کوردستان بە وڵاتی خۆیان دەزانن، و خۆشیان بە کوردستانی. هەروەها ئەو دەوڵەتانەی کە جنسیەکانیان هەڵدەگرن بەدەوڵەتی خۆیان نازانن، بەڵکو بە داگیرکەری کوردستان و کۆلۆنیالیست و دەزگەی فەرمانداریێتیی ناڕەوا تێدەگەن. لە هەموو کاتێکدا دان و ستاندنو پێوەندیی گیانییان لەگەڵ کوردێك پترە وەك لە "هاووڵاتیێك"ی ناکوردی ئەو دەوڵەتەی جنسیەکەیان هەڵگرتووە، با کوردەکەش کوردی دەوڵەـ تێکی دیکەش بێ. ئەمانە وەنەبێ هەموویان لە رێکخراوی سیاسیی کورداندا کاربکەن، یا خەریکی سیاسەت بن، نەخێر. زۆریان هەر ـ وەك کوردەکە دەبێژێ ـ لە ماڵی خۆیان دانیشتوون و دەست بۆ سیاسەت نابەن. بەڵام کە دەبینن تاقمێکی سیاسی باسی مەسەلەی کورد دەکەن، یا کۆمەڵێك پێشمەرگە لە دژی دەزگەی فەرمانداریێتیی داگیرکەرانی کوردستان بەرەبەرەکانی دەکەن، ئەمانە بەمە دڵخۆش دەبن و ئەگەر پێشیان بکرێ یارمەتیشی دەدەن. هەر ئەم پشتگیرییەی

chalakmuhamad@gmail.com

جماوەری کوردە کە بووەتە هوی ئەوەی تاقمی گچکەگچکە پێشمەرگەی کورد بتوانن سالانی دوورو درێژ بەسەر چیاکانی کوردستانەوە بژین و بمێننەوە و سوپاکانی دەولەتە داگیرکەرەکانی کوردستان نەتوانن لەنێویان ببەن، چونکە جەماوەری کورد هەرچەندە بەردەوام و چالاکانە پشتگیریان ناکا و ناچێتە ریزەکانیانەوە ـ کە ئەمەش دیارە هۆکاری خۆی هەیە و جێی لێدوانی ئێرە نییە ـ بەلام لەگەل ئەوەشدا، بەلایەنی کەمەوە، بە شێوەیەکی پاسیف یارمەتییان دەدات. سەربازێکی تورک کە نێوی س. ئینانج S. Inanc ە و رەفیابوو بۆلای پێشمەرگەکانی پ. ك. ك. گوتبووی:

" هێندێك جار شەرو هەللا و جنگەپرێانی لەنێو سەربازەکاندا روودەدات. ئەگەر هاتوو دوو سەرباز، یەکێکیان کورد و ئەوی دی تورك، چوون بەگژ یەکدا، ئەوا کوردەکان پشتی کوردەکە و تورکەکانیش پشتی هاووڵاتەکەی خۆیان دەگرن. جا ئەگەرچی ناهۆشیارانەش بێ، بەلام ئەو سەربازانەی بنەچەورەچەلەکیان کوردە، پێیان خۆشە کە رێکخراوێکی کوردی چالاکی یەك بنوێنی ... " (٣٥).

نموونەیەکی دی:

لە زستانی سالی ١٩٤٦دا و پاش ئەوەی نێزیکەی سالێك بوو لە رۆژهەلاتی کوردستان و ئازربایجانی ئێراندا دوو کۆمار دروست بووبوون، یەکێکیان بەنێوی " دەولەتی جمهووری کوردستان " و ئەوی دیش بە نێوی " کۆماری دێموکراتی ئازەربایجان " ەوە، هەل بۆ لەشکری شای ئێران هەلکەوت کە بکشێ بەسەر هەردووکۆمارەکەدا بۆ رووخاندنیان. هەرچی خەلکی ئازەربایجان بوون، ئەوا بەرلەوەی لەشکری ئێران بگاتە تەورێز (پێتەختی کۆماری ئازربایجان) هەر خۆیان کەوتنە پەلاماردان و رووخاندنی حکومەتەکەی ئازەربایجان. لەکاتێکدا کوردەکان بە تایبەتی خەلکی مەهاباد (پێتەختی کۆماری کوردستان) بۆ رووخاندنی

chalakmuhamad@gmail.com

کۆمارەکەیان زۆر خەفەتبار و ڕەشپۆش بوون . ئەم ڕاستی یانە تەنانەت کابرایەکی نانخۆری دەوڵەتی ئەمریکا و هاوپەیمانی ئەودەمەی شای لێخراوی ئێران وەك ئیگلتن لە کتێبەکەیدا کەلەسەر کۆماری کوردستان نووسیویەتی دانی پێدا ناوە (٣٦) . لێرەدا پێشنیازدەکەم ئەم جۆرەکوردانە وەك بۆ خۆیان کورد بناسرێنەوە .

بەڵێ... ئەمە ئەودیاردەیە (ظاهرة) یەکە بە " هەستی نێوکۆیی " دادەنرێ . جا ئێستە پرسیارێك دێتەگۆڕێ . ئایە ئەم هەستە نێوکۆیی یە کە دەبێتە هۆی خۆبەکورد زانین چۆن پەیدادەبێ ؟

بێگومان وەرامی ئەم پرسیارەی سەرەوە هەروا بە ئاسانی نادرێتەوە؛ چونکە بەڕاستی گەلێك هۆکاری جیاواز جیاواز هەن ، کە دەبێ هەموو پێکەوە و لە هەلومەرجی تایبەتیدا بکەونە کار ، ئەوجا ببنە هۆی دروستکردنی ئەم هەستە نێوکۆیی یە . هێندێك لەم هۆکارانە خۆیین و هێندێکیشیان دەرەکین ، واتە هی بێگانەن و لەدەرەوە دێن . هۆکارە خۆیی یەکان سەر بە هەرێمی چۆنێتی ی لەخۆگەیشتن و لەخۆڕوانینە و هۆکارە دەرەکی یەکانیش سەر بە هەرێمی چۆنێتی ی لێ تێگەیشتن و تێڕوانینی بێگانەیە بەرامبەر بە کورد .

تێڕوانینی خۆیی ی کورد و تێڕوانینی بێگانە لە کورد دوو باسی زۆر گرنگی بیروڕای گشتی و سۆسیۆلۆژین کە تائێستە هەر یەکجار کەوتوونەتە ژێر هوردبینی لێکۆڵینەوەوە . ئەوەش لەلایەن لێکۆڵەرەوی ئەڵمان هەنەلۆرە کۆشلەرەوە . هەنەلۆرە لە دکتۆرنامەکەیدا کە لە ساڵی ١٩٧٨دا بە ناوی " بیروڕای گشتی — سەرنجێکی تیۆریانەی مێتۆدۆلۆژیانە و تۆژینەوەیەکی نموونە لە تێڕوانینی خۆیی ی کورد " وە پێشکێشی زانستگەی بەرلینی کردووە ، لەپاش لێکۆڵینەوەیەکی تیۆریانەی خستوویەتە سەر باسکردنی پێناسەکانی تێڕوانینی خۆیی و لە وەرامی ئەو پرسیارانە کۆڵیوەتەوە کە کورد خۆیان لە خۆیانی دەکەن . بۆ ئەمەش پێشەکی دەبێژێ :

chalakmuhamad@gmail.com

" باسی ئێڕوانینی خۆیی گەلێك یا كۆمەڵگەلێكی گەورە ، بە گشتی ، سێ نێوچەی بەیەكەوە بەسترا و دەگرێتەوە :

یەكەمیان : بنەچەوڕەچەڵەك ، واتە ئێمە لە كوێوە هاتووین ، ئێمە كێین ؟

دووەمیان : ئێمە چۆنین ، واتە تایبەتكارەكانمان چی یە ؟

سێیەمیان : تەگەری پاشەڕۆژ ، واتە ئێمە چیمان دەوێ " (٣٧)

ئەوجا دەبێژێ :

" بەڵگە بۆ ئەوەی كە كورد ئێڕوانینی خۆیی یان هەیە بێجگە لە دیاردەكانی خۆی ، جارێ هەر بەوەدا دەردەكەوێ كە ئەوەتە (ئەم كوردانە) نێزیكەی دووهەزار ساڵێكە لەلایەن كۆمەڵانی بێگانەوە هەر بە كورد نێودەبرێن . كەواتە ئەم (كوردانە) هێندە تایبەتكاری نێوكۆیی یان هەیە ، كە بووەتە هۆی ئەوەی بێگانە هەموویان پێكەوە بەنێوی " كورد " ئێوبات " (٣٨) .

ئەمەش بۆچوونێكی ژیرێژانەیە و دەبێ هەموو ئەو پێناسانەی كە لەمەوبەر لێی دواین ، پێكەوە كەوتبنەكار ، ولەوەوە ئێڕوانینێكی خۆیی یان بۆ كورد دروستكرد بێ . چونكە ئەگەر كورد تایبەتكاری تەواو (كافی)ی وەك یەكیان نەبوایە ، ولەو تایبەتكارانەدا هەموویان هاوبەش نەبوونایە ـ وەك هەنەلۆرە دەبێژێ ـ دیارە بێگانە هەموویانیان بە " كورد " نەدەدایە قەڵەم .

جا چۆن رستەی تایبەتكارە وەك یەكەكانی كورد كە ئێڕوانینی خۆیی پێكدێنن ، كار لە ئێڕوانینی بێگانە دەكات و والە بێگانە دەكات كە كورد بە كورد بناسێ ، هەروەها لەوانەیە هێندێ جاریش هەڵویستو هەڵسوكەوتی بێگانە بەرامبەر بە تایبەتكارە وەك یەكەكانی كورد كاریكاتە سەر ئێڕوانینی خۆیی ی كورد ، ولەوەوە هەستی نێوكۆیی بەهێز یا بێهێز بكات . جا لەبەرئەوەی یەكێك لەو هۆكارە سەرەكی یانەی كە

chalakmuhamad@gmail.com

چلووره بە هەستی نێوکۆیی دەبەستێ ، بەسەرهاتی نێوکۆیی یە ، و لە نێو ئەوانەشدا تاقیکردنەوەی نێوکۆیی لەگەڵ بێگانەدا ، دیارە تاقیکردنەوەی " باش و خراپ " دەوری خۆیان دەگێڕن • بۆ وێنە: هەرکاتێک فەرمانڕەوایانی ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەشکردووە ، لەگەڵ کورددا کەمێک بە نەرمی بجووڵێنەوە ، دەستبەجێ هەستی "جیابوونەوەخوازی" لە نێو کورددا کەمتر دەبێتەوە • بەپێچەوانەوە ؛ ئەم هەستە بەرزتر دەبێتەوە کاتێک کە فەرمانڕەوایانی بێگانەی کوردستان ، کە بەزۆری لە ناسیۆنالیستە شۆڤێنیستەکانی تورک و عەرەب و فارس پێکهاتوون ، بە توندیوتیژی بکەونە وێزەی کورد • بۆ وێنە: کە جەنەراڵ عەبدولکەریم قاسم بە هۆی کودەتاکەیەوە لە ١٤ / ٧ / ١٩٥٨ دا لە عێراق هاتە سەرکار ، و کوردی لەسەر کاغەز بە " هاوبەشی عەرەب " ناوبرد — ئەگەرچی عێراقیشی بە پێی دەستوورەکەی بە بەشێک لە نیشتمانی عەرەب دانابوو — لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی هەرە زۆری کورد کەوتنە چەپڵەلێدان بۆی ، و قاسمیان بە " برای گەورە " و " سەرۆکی تاقانە " دایەقەڵەم و عێراقیان بە " کۆماری کورد و عەرەب " دانا ، و دەستیان کرد بە باسی " پاراستنی تەواوێتیی خاکیی عێراق " و " برایەتیی کورد و عەرەب " • هورده‌بۆرژوای مارکسیستی کورد کە ئەودەمە سەرکردایەتیی بزووتنەوەی ڕۆشنبیرانەی کوردی بەدەستەوەبوو ، کەوتە دژایەتیی هەموو جۆرە بزووتنەوەیەکی جیابوونەوەخوازانە • کاتێک کە تاقە ڕێکخراوێکی کورد بوو " تەواوێتیی خاکیی عێراق " ی بە دەستنێژی ئیمپریالیستەکانی ڕۆژاوا دەزانی و " برایەتیی کورد و عەرەب " ـیشی بە برایەتییەکی درۆزنە و چاوبەست لە دژی کورد دەدایە قەڵەم ، چونکە کاتێک " برایەتیی کورد و عەرەب " ی تەنێ بە " وەکیەکیی کورد و عەرەب لە دەسەڵاتدا تێدەگەیشت و خۆی لە کفوکوڵی عاتیفەوە نەدەدا ؛ ئەوا لەلایەن ئەو هورده‌بۆرژوا کوردانەوە ، بەو پەڕی توندوتیژییەوە بەربەرەکانێ دەکرا • بەڵام کە تاقیکردنەوەکانی شۆڕشی ئەیلوول لە خوارووی کوردستاندا (کە لە ١١ / ٩ / ١٩٦١ ەوە تا ٢٦ / ٣ / ١٩٧٥ درێژەی

chalakmuhamad@gmail.com

کێشـا) ئەو ڕاستییانەی خستەڕوو ، کە فەرمانڕەوایانی بێگانەی کوردستان بەپێی سروشتی کۆلۆنیالیستانەیان ، کوردێکی " دڵسۆزبە خۆیـان " لە کوردێکی " یاخی بوو لە خۆیان " جیاناکەنەوە ، واتە ئەو قسەیە هاتە دی کە زۆر جار کـا ژیـك دەیکرد و دەینووسی و بڵاوی دەکردەوە ، ئەوجا مەسەلەکە جۆرێکی دی لێ هات ، بە تایبەتی پاش هەرەسەکەی مارتی ساڵی ١٩٧٥ ، ڕێکخراوەکانی وردەبۆرژوای کورد وایان لێ هات ناچاربوون خۆیان لەگەڵ تاقیکردنەوەکانی جەماوەری کورددا بگونجێنن و چاوێك بە ستراتیژی خۆیاندا بگێڕنەوە ، وئەمجا لە تێزەکانی کاژیکەوە گەلێك سەرەتا و سەرنجیان خواست (٣٩) کە یەکێکیان " بەهاری چارەنووس بۆ کورد " بوو لە جیاتی " ئۆتۆنۆمی " کە نزیکەی چل ساڵێك بوو وردەبۆرژوای مارکسیستی کورد پێیەوە خەریك بوون . هەروەها لە نووسینەکانیاندا باسی بەرەڕەکانێی جیابوونەوەخوازیی و " پاراستنی تەواوێتیی خاکیی عێراق " نەما (٤٠) . بە کورتی ، کەوتنە ڕووی سیاسەتی داگیرکەرانی کوردستان لەوەدا کە " کوردێك " و " کوردێك " لەیەك جیاناکەنەوە ، و بەیەك چاو تەماشای هەموو کوردێك دەکەن ، ولەگەڵ هەموو کوردێکدا هەر یەك جۆرە تەرازوو بەکاردێنن ، ئەوڕۆ بووە بە تاقیکردنەوەیەکی نێوکۆیی کورد ، و ئەم بەسەرهاتە نێوکۆییانە بەتایبەتی لە تەنگانەدا ، وایان لە کورد کردووە کە هەموویان زۆرتر و زۆرتر خۆیان بە " یەك شت " تێبگەن و چارەنووسی خۆیان بە " یەك چارەنووس " بزانن . هەروەها بە تاقیکردنەوە دەرکەوت ، کە زۆر لەو کوردانەی " لە خۆیاندا کورد " بوون ، و لە عێراقدا خزمەتی دەوڵەتی بەعسییان دەکرد ، پاش ئەوەی لەلایەن بەعسییەکانەوە هەر وەك ئەو کوردانە هەڵسوکەوتکرا لەگەڵیان کە " بۆ خۆیان " کوردن ، ئەوجا وازیان لە بەعسییەکان هێنا و چوونە ڕیزی کۆمەڵی دووەمەوە . ئەم جێگۆڕکێیە لە دۆخی " لەخۆدا کورد "ەوە بۆ دۆخی " بۆخۆ کورد " ڕۆژبە ڕۆژ فراوانتر دەبێت . هەر بۆ نموونە : بەرلەوەی بەعسییەکان لە ڕێی

chalakmuhamad@gmail.com

کوردستان و له شەستەکاندا له عێراق بێنه سەرکار، گەلێك خوێندکاری کورد هەبوون کە لە زانستگەی بەغدا زمان و ئەدەبیاتی عەرەبییان دەخوێند، وەدوایی دەبوونە مامۆستای زمان و ئەدەبیاتی عەرەبی لە قوتابخانە ئێوەندییەکانی کوردستان و عێراقدا. بەڵام پاش ئەوەی دەسەڵاتی شۆڤێنیستانەی بەعەرەبکەرانەی بەعسییەکان کەوتە کار بەتایبەتی پاش هەرەسی شۆڕشی کورد لە ١٩٧٥ دا، و دەستەکەی سیاسەتی بەعەرەبکردن لە کوردستاندا کەوتەڕوو، قوتابیانی کورد رووپان لە خوێندنی زمانی عەرەبی وەرگێرا. بەڵکە بۆ ئەمەش دانپێدانانی کاربەدەستانی بەعسی خۆیانە. بۆ نموونە: ئەوەی پێیدەگوترێ "ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستانی عێراق" لە رۆژی ١١/١٢/١٩٨٤ دا خەریکی لێکۆڵینەوەی چارەسەری جێ بەجێ کردنەوەی شوێنە بەتاڵەکانی مامۆستایانی زمانی عەرەبی بوو لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی "دا. محەممەد پیرۆز رۆستەمی " ئەمینداری گشتی "ی (٤١) بەڕێوبەرێتیی پەروەردە و خوێندنی بەرز" کە خۆی یەکێکە لەوانەی "لەخۆیاندا "کوردن و کاربەدەستێکی رژێمی بەعسە گوتی :

" بۆ مەسەلەی زمانی عەرەبی، وەك لە دووتوێی قسەکانمدا لە سەرەتای کۆبوونەوەکەوە روونمکردەوە، هیچ خوێندکارێك نییە کە خەڵکی ناوچەکە بێ و بچێتە بەشی زمانی عەرەبی لە کۆلێجی پەروەردە (٤٢)

ئەمجا گوتی :

" ... ئەم بارە ئەگەر هەروا بەم جۆرە بمێنێ، ئەوا باشترین مامۆستاکانی زمانی عەرەبی بەرەو ئەوەدەچن کە تەقاوید بکرێن، بێ ئەوەی کەسێك ببێ جێگەیان بگرێتەوە ... هتد " (٤٣).

یەکێك لە هاوپێکانی کە ئەویش ئەندامی ئەنجومەنە، ویستی تێیبگەیەنێ کە هۆی ئەمە ئەوەیە قوتابی کورد زمانی عەرەبی کەم دەخوێنن لەبەر ئەوەیە ناتوانن بچنە بەشی عەرەبیی لە زانستگە، بەڵام

chalakmuhamad@gmail.com

محەممەد پیرۆز رۆستەم گوتی :

" ... بەڵام ئارەزووی ئەوەیان هەیە کە بچنە بەشی زمانی ئینگلیزییەوە... باشە ، ئایە ئەو خوێندکارەی دەچێتە بەشی ئینگلیزی خوێندنی لەوەپێشی بە زمانی ئینگلیزی بووە؟ بێگومان نە. چونکە ئەو بە زمانی عەرەبی زێتر دەخوێنێ وەك لە زمانی ئینگلیزی . لەگەڵ ئەوەشدا بەداخەوە روودەکاتە ئەم بەشە. با لەگەڵ خۆمان راستگۆ بین . هێندێ جار لاوازیی (هەست)ی خۆیەهاونیشتمان دانان دەورێکی دیاری هەیە. بۆ وێنە : خوێندنەکەی بە زمانی عەرەبییە هەر لە پلەی سەرەتاییەوە تا کۆتاییی پلەی ناوەندی ، و گوێ لە پرۆگرامی تەلەفزیۆن و رادیۆ دەگرێ بە عەرەبی ، گۆڤار و رۆژنامەی عەرەبی دەخوێنێتەوە ، و گۆرانی گۆرانیبێژانی ژن و پیاو بە عەرەبی لەبەر دەکات ، بەڵام روونا کاتە خوێندنی زمانی عەرەبی ،کەچی دەچێ زمانی ئینگلیزی دەخوێنێ ، ئەو زمانەی کە لە پۆلی پێنجەمی سەرەتاییەوە دەیخوێنێ ، و بە چەند دەرزێکی کەمیش .. بیانووشیان ئەوەیە کە ئینگلیزی زمانێکی جیهانییە ... بەڵام روونا کەنە زمانی قورئان و ئاین و هاونیشتمانێتی و شەرەف و ئابروو.... با رەپەراست بێژین ، هێندێك خوێندکار وازیان لە رێبازی ئاین و رێبازی عێراق و هاونیشتمانێتیی باش هێناوە ، ئەگنا ماوەی فێربوونی زمانی عەرەبی ، وەك هەموومان دەزانین زێترە لە ماوەی فێربوونی هەر زمانێکی دی و سوپاس " (٤٤) .

بەڵێ ، ئەم قسانەی محەممەد پیرۆز زور راستن . بەڵام ئەوەهەیە کوردەکە نە دژی عەرەب بووە و نە دژی عەرەبە (وەك عەرەب) ، و نە دژی قورئان بووە و نە دژی قورئانە (وەك قورئان) ، بەڵام ئەوڕۆ کوردەکە لە عێراقدا – چونکە قسەکە ئێستە لەسەر عێراقە – هەست بەوە دەکات کە زمانی عەرەبی بە زۆرەملی دەسەپێندرێ بەسەریدا ، بۆ ئەوەی بکرێ بە عەرەب و بتوێنرێتەوە . جاران کوردەکە زمانی عەرەبی بە زمانی قورئان و ئیسلام دەزانی ، و لەرێی ئاینی ئیسلامەوە هەستی بە هاوبەشییەك

chalakmuhamad@gmail.com

دەکرد لەگەڵ عەرەبدا ، و بە خۆشییەوە فێری زمانی عەرەبی دەبـــوو، و دەیخوێند ، و زانای گەورەی عەربیزانی تێدا هەڵدەکەوت، کە زۆر خزمەتی زمان و ئەدەب و کولتووری عەرەبیان دەکرد ٠ گەلێك لە بەنێویانگترین نووسەران و شاعیران و مێژوونووسان و یاساناسانی عەرەب و فارس یـــا کورد بوون یا بە بنەچەو رەچەڵەك کورد بوون ، لەمانە(إبن خلكان وإبـــن الاثير و أبو الفدا و دینوری و إدریسی و عباس العقاد و جميل صدقـــی الزهاوی و معروف الرصافي و احمد شوقي و شمس الدين الزركلي و ابـــن الحاجب و ملك الشعرای بەهار و رشید یاسمی و محمد قاضي و محمـــد عبده و عبد الرحمن الكواكبي و محمد كـــرد علـــي و سەدانی دیکە ٠٠٠) جاران زانای وەك شێخ مارفی نۆدێـیی (١٧٥٢ ــ ١٨٣٨) هەبوو کە (٤٦)کتێبی بەنرخی لەبارەی زمان و ئەدەبیات و فیقـــهـــی ئیسلام و شەریعەت و چی وچی یەوە بە زمانی عەرەبی و فارسی دەنووســـی و تاقە یەك فەرهەنگی گچکەی عەرەبی ـ کوردیشی دەنووسی ،کە ئـەویش ـ وەك خۆی دانی پێدا ناوەــ بۆ خزمەتی زمانی کوردی نەبووە ، بەڵکو بـــۆ ئەوە بووە کە کاکە ئەحمەدی کوری فێری زمانی عەرەبی بکات ، ئەو زمانەی کە بە زمانێکی پیرۆزی داناوە٠ ئەوەتا لەسەرەتای فەرهەنگۆکی " ئەحمەدی " دا بە شیعری عەرەبی و فارسی دەبێژێ: (٤٥)

الحمد لله على ما وهب هلانا الى لسان العـــرب
(سپاس بۆ خودێ بۆ ئەوەی بە ئێمەی بەخشی ، ئێمەی رێنوێنی کـــرد بۆ فێربـــوونی زمانـــی عـــەرەب)

در این رساله بەکردی زبان كنم زبان عربرا بیـــان
((لەم نامیلکەیەدا بە زمانی کوردی زمانی عەرەب دەخەمەروو)

تا كە فرزندم احمد بی تعب شود دانای لغات عـرب
((داکو زارۆکەم ئەحمەد بێ زەحمەت ووشەکانی عەرەبی فێر ببـێ)

لهذا ناوم نا أحمـديـــه والله ارجو صلاح النيـــة
((لەبەرئەوە نێوما ئەحمەدی یە ، نیازچاکی لەخودێ داواکارم)) ٠

chalakmuhamad@gmail.com

بەڵێ ، جاران وابوو . ئەوڕۆش کوردەکە زمانی عەرەبی ناخوێنێ ، چونکە بە زمانی داگیرکەری دەزانێ . محەممەد ڕۆستەم لە بنی مەنجەڵەکەی داوە و ڕاستدەکات ، کوردەکە خۆی بە هاونیشتمانی عێراق نازانێ بەڵکو خۆی بە هاونیشتمانی کوردستان دەزانێت ، لەبەر ئەوە نایەوێ هیچ زمانێکی بێگانە بەزۆر بسەپێنرێ بەسەریدا . ئەم هەڵوێستەشی وەنەبێ هەر بەرامبەر بە زمانی عەرەبی وابێ ، بەڵکو بەرامبەر بە فارسیش و تورکیش (٤٦) هەر وایە . ئەوڕۆ کوردەکە دەبێژێ : " ئەی بۆچی عەرەب و تورک و فارس نایەن کوردی فێربن . ئێمە چیمان لەوان کەمترە ؟ " ئەمەش بەداخەوە (واقیعەکەیە) بەڵام زۆرناخۆشە ، بە تایبەتی بۆ یەکێکی وەک من کە هەر لە منداڵیەوە تامولەزەتی ئەدەبیاتی عەرەبی و فارسیم چێشتووە و ساڵانێکی دوورودرێژ خەریکی مێژوو وکولتووری ئەم دووگەلە بووم ، دەزانم ئەم هەڵوێستەی ئەوڕۆی کورد لە دژایەتی کردنی زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی بەوە نایەت و نەهاتووە ، بەڵکو کاردانەوەیەکی ناچاری هەڵوێست و هەڵسوکەوتی تاوانبارانەی دەسەڵاتدارە زۆردارە ملهوڕەکانی عەرەب و فارس و تورکە (٤٧) کە نەک بە ئازایەتی و ڕۆستەمی‌ی خۆیان، بەڵکو بە چەک وفرتوفێڵی دەوڵەتە زلهێزەکان کوردستانیان داگیرکردووە و نەتەوەی کوردیان نەک هەر لە بڕیاری چارەنووسی خۆی بەڵکو لە سادەترین مافی مرۆڤ بێبەش کردووە . . . بەڵام ئێوەی کوردی دەربەدەر و هەموو کوردێکی بەشخوراو ژێردەستەی دی ، دە بێ بزانن کە ئۆباڵی ئەم دەربەدەرییەی ئێوە و هەموو ئەو خراپەکاری و تاوانباری و گوناهە زلانەی بەرامبەر کورد کراون و دەکرێن ، ناکەوێتە ئەستۆی هەموو عەرەب و هەموو تورک و هەموو فارسێک. گەلی تورک هەر ئەتاتورك و تورکەشی نەبووە ، بەڵکو نازم حیکمەت و سمایل بێشکچیشی بووە ، گەلی فارس هەر ڕەزامیرزای پەهلەوی و هوەیدای نەبووە ، بەڵکو سەعدی و ئیرەجیشی بووە . گەلانی دیکەش هەر وانە . گەلی ئیتالیا هەر مۆسۆلینی نەبووە ، بەڵکو میکایل ئەنجلۆشی بووە . گەلی ئەڵمان هەر گۆبلز و هیتلەری نەبووە ، بەڵکو گۆیتە و شیلەریشی بووە . گەلی کوردیش هەمووی یەکجۆر نییە ، بەڵکو بریتییە لە

chalakmuhamad@gmail.com

باشیش و لە جیاشیش • هەموو گەلێك وەك مریشكێك وایە ، هێلكەش دەكات و ریقنەش دەكات • ئەوانەی فاشیست و شۆڤێنیست و دیكتاتۆر و خوێنمژن ، سەرەی هەر گەلێك بن و رۆژی هەزار جار پەیشمەنگ بۆ گەلی خۆیان بكوتن ، ئەوانە نەك هیچ خزمەتێكی گەلی خۆیان ناكەن و بەس؛ بەڵكو قوڕێكی خەستیشی دەگرنەوە بۆی • (xx) (تێبینی ژ ٤ ، ل ٧٨) •

ئێستە با بگەڕێینەوە سەر باسەكەمان و نموونەیەكی دی بهێنینەوە؛

جاران لە عێراق لە نێوان عەرەب و كورددا ژن و ژنخوازی هەبوو. بەڵێ كەم بوو ، بەڵام هەر هەبوو ، وكەسیش نەبوو بە كوڕێكی كورد بێژێ تۆ بۆ كچێكی عەرەبت هێناوە ، یا بە كچێكی كورد بێژێ تۆ بۆ شووت بە كوڕێكی عەرەب كردووە ، بەڵام كاتێك كە حكومەتی بەعسی لە ساڵی ١٩٨٠ دا قانوونێكی دەركرد بە ئامانجی تواندنەوەی كورد و بە پێی ئەوە ئەو پیاوە عەرەبەی ژنێكی كورد بهێنێ ٥٠٠ دیناری عێراقی بەخشیش وەردەگرێ ، ئەوجا ئێستە وای لێهاتووە ، ئەگەر كچێكی كورد تەنانەت لە دڵخوازیشەوە شوو بە عەرەبێك بكات – هەر بە چاوی سووك تەماشا دەكرێت و كوردەكان پێی دەڵێن • ها ٥٠٠ دینارەكەتان وەرگرت ؟؟

سەیر ئەوەیە بە پێی قانوونی ژمارە (١٥٠)ی ١٩٨٠/٦/٢٨ هیچ عێراقییەك كە ژنی بێگانەی هەبێ (واتا ژنێك كە عێراقی نەبێ یا عەرەب نەبێ) لە هیچ دەزگەیەكی رەسمی و نیوە رەسمیدا كاری نادرێتێ. بەكورتی ؛ كوردێكی عێراقی ناتوانێ كوردێكی ئێرانی یا خەڵكی توركیا یا جێیەكی دی بهێنێ یا شوو بكات پێی، ئەگەر وا بكا دەبێ بێ كار بمێنێتەوە •

ئەوەی لە بارەی داگیركەرانی عەرەبەوە گوترا ، لە بارەی داگیركەرانی فارس و توركیشەوە دەتوانرێ بگوترێ • بەم جۆرە داگیركەرانی كوردستان هێندێك جار لە چلووربەستن ، و جاری واش هەیە لە پەیداكردنی هەستی كوردایەتیی نێوكۆییدا دەورێكی كاریگەرانە دەگێڕن • كەواتە لێرەدا قسەكەی ئێتنۆلۆژێكی فارس كە نێوی تەقی حەبیبی شەلمانی یە

chalakmuhamad@gmail.com

تایبەتی یەوە بناسرێتەوە ، هەر ئەوە بەس نی یە کە ئەو کۆمەڵگەلە خۆی خۆی بەو ناسنامەیە بناسێ و بداتە ناسین ، بەڵکو پێویستیشە ئەوانەی لەدەرەوەی ئەو کۆمەڵگەلەن ، هەر بەو ناسنامەیە بیناسن • جا بەم پێیە ، بۆ ئەوەی کورد هەر بە کورد بناسرێن و هیچی دی؛پێویستە جارێ خۆیان خۆیان بە کورد بزانن ، و خۆشیان هەر بە کورد بە خەڵکی بناسێنن ، و ئەوجا خەڵکیش هەر بە کورد یان بزانن • جا لەبەرئەوەی ئەوڕۆ کورد و نیشتمانەکەی لە هەلومەرجێکی تایبەتیدان، ئەوا بۆ داگیرکەرانی کوردستان ـ کە کۆلۆنیالیستن لە تیپێکی تازە ـ نالوێ ، کورد وەك چۆن خۆیان خۆیان بە کورد دەزانن ، ئەوانیش هەر ئاوا بە کورد بیانناسن • چونکە ئەگەر وابکەن ، دیارە ئەوە دەبێتە هوی ئەوەی داگیرکەرانی کوردستان دان بەوەدا بنێن کە کورد کۆمەڵگەلێکی جیاوازە و مافی ژیانی خۆبەخۆی هەیە • جا بۆ ئەوەی کورد نەگات بەو مافە؛ داگیرکەرانی کوردستان پەنادەبەنە بەر نەناسینی ناسنامەی کورد بوون • بۆ وێنە : دەبێژن :"کورد تورکی چیان" و زمانەکەشیان زارێکی تورکی یە • لەم دواییەشدا ـ گوایە بە نێوی لێکۆڵینەوەوە ـ ـ گەلێك کتێبیان دەرکردووە ، کە هەوڵیان داوە تێیاندا ، کورد ، یا هیچ نەبێ هێندێك تیرەی کورد ببەنەوە سەر هێندێك گەلی کۆن ، کە تورکە شۆڤێنیستەکان لافی ئەوە لێدەدەن گوایە ئەوانە تورك بوون(٥٠) فارسە شۆڤێنیستەکانیش دەبێژن ، کورد تیرەیەکی فارسن و زمانەکەشیان شێوەیەکی فارسی کۆنە (٥١) • شۆڤێنیستە عەرەبەکانیش دەبێژن ، کورد لە بنەڕەتدا " کوردی کوڕی موردی کوڕی یەعموری کوڕی سەعسەعەی کوڕی هەوازنی کوڕی حەربی کوڕی جەبەلی کوڕی مائولسەما ئن " و لە بنەچەورەچەلەکدا عەرەبن ، بەڵام زمانی خۆیان گۆڕیوە ، و بۆ " ئیسپاتی " قسەکەی خۆشیان هۆنراوەی هۆنەرێکی کۆنی عەرەب دێننە پێشەوە کە گوتوویەتی :

لعمرك ما الاكراد ابناء فارس ولكنهم ابناء كرد بن مرد بن يعمر

chalakmuhamad@gmail.com

بەمەدا دەردەکەوێ ، شۆڤێنیستە تورك و عەرەب و فارسەکان ، ئەگەرچی لە مەسەلەی بەرپەرەکانێ و لەنێوبردنی کورددا لەنێو خۆیاندا یەکن ، بەلام لەبارەی بنەچەو رەچەڵەکی کوردەوە لەنێو خۆیاندا ناڕێکن . ئەمەش خۆی لە خۆیدا بەڵگەیەکە بۆ ناڕەوایی‌ی هەڵوێستیان ، و دیارە ئامانجی ئەم جرتوفرتە سیاسی‌یانە ئەوەیە ؛ دان بە ناسنامەیەکی کورد بوونی تەواودا نەنێن . جا ئەگەر ئێمە سەرنجێکی ئەم قسانە بدەین ، دەبینین لە دوتوێی هەر یەکێك لەم بانگاشانەدا وشەی " کورد " هەیە ، بۆ وێنە ؛ کاتێك دەگوترێ " کورد تورکی چیان " یا " کورد تیرەیەکی فارسن " یا " کورد لەنەوەی عەرەبن " ، ئەوەتە هەموو جارێك وشەی " کورد " دەخرێتە حسێبەوە . ئەمەش مانای وایە ئەوانەی بەسەرزاری و بۆ گەیشتنە ئامانجێکی سیاسی نایانەوێ دان بە ناسینی ناسنامەی کورد بووندا بنێن ، کەچی هێشتا هەر ناچارن ناوی کورد ـ ئەگەر هەروەك نێویش بێ ـ ببەن . واتە ناتوانن بە جارێك وازلەو ناسنامەیە بهێنن کە کورد خۆی بۆ خۆی دروستکردووە و بە خۆی دەڵێ " کورد " ، و ئەمەش مانای وایە کە ناڕاستەوخۆ و ناوێستە ، دان بە بوونی جۆرە ناسنامەیەکی کورد بوون " دا دەنێن . سەیر ئەوەیە هێندێك جاریش هێندە سەریان لێ تێك دەچێ ، کورد بە " تورکی رەسەن " (٥٢) و زمانی کوردی بە " فارسی رەسەن " (٥٣) و هێندێك تیرەی کورد بە " نەوەی کۆنە خانەدانانی عەرەب " (٥٤) دەدەنە قەڵەم . ئەگەرچی وەرامی ئەو پرسیارەیان پێ نادرێتەوە کە " بۆچی وا شێتانە و دڕندانە بۆ لەنێوبردنی ئەو " تورکە رەسەنانە " و " ئەو " زمانە فارسی‌یە رەسەنە " و " نەوەی ئەو کۆنە عەرەبە خانەدانانە " هەوڵ دەدەن ؟؟؟

تاقیکردنەوە دەریخستووە کە بەردەوامی‌ی کۆمەڵێك خەڵك لەخۆ ڕاگرتن و پێداگرتندا بۆ پاراستنی ناسنامەیەك ، لەرێی پاراستنی ئەو پێناسە خۆکردە تایبەتکارانەوە کە ناسنامەکە پێکدێنن ، دەبێتە هۆی ئەوەی ، زوو یا درەنگ ، کاریکاتە سەر جۆری تێڕوانینی بێگانە ، و لە ئەنجامدا

chalakmuhamad@gmail.com

وای لێ بکات کە دان بەو ناسنامەیەدا بنێ • جا لەبەر ئەوەی ئەو کوردانەی " لە خۆیاندا " کورد ن سۆزنیین لەسەر بوون و مانەوەی پێناسە خۆکردەکانی دروستبوونی تێڕوانینی خەڵکیی کورد ، دیارە هەتا بەو جۆرە بمێننەوە ، هیچ کارێك ناکەنە سەر گۆڕینی جۆری تێڕوانینی دەرەوە (بێگانە) ، بە پێچەوانەی ئەو کوردانەی " بۆ خۆیان " کورد ن کە بە هۆی سۆربوونیان لەسەر کورد بوونیان ، زوو یا درەنگ ،کاردەکەنە سەر گۆڕینی تێڕوانینی دەرەوە و لە ئەنجامدا چلوورەبەستن بە پێناسەکانی کورد بوون و لە ڕێیەشەوە بە ناسنامەی کورد بوون •

بەکورتی ؛ دەتوانین بێژین ئەگەر هەستێکی نێوکۆیی بە چارەنووسی وەك یەك لەنێوان تاکەتاکەی کۆمەڵگەلیکدا هەبوو ، ئەوا دەبێتە مۆرکێکی گرنگ بۆ ناسنامەی ئەو کۆمەڵگەلە • جا ئەگەر ئەمە بچەسپێنین بەسەر کورددا دەتوانین بێژین ، هەتا کۆمەڵگەلی کوردەواری ئەم هەستە نێوکۆییەی بمێنێ بەوەی کە کوردە ، واتە ئەو پێناسە سەرەکییەی بمێنێ کە دەبێتە هۆی ئەوەی پێناسەکانی دیکەی کورد (وەك زمانی کوردی ،و کوردستان ، و کولتووری کورد ،و ••• هتد) بە " موڵکی " خۆی بزانێ و بەبەشێك لەخۆی تێ بگات ، ئەوا دیارە بۆ هێشتنەوەی ئەو پێناسانە تێدەکۆشێ • دیارە ئەو دەمەش ناسنامەی کورد بوون وەك ناسنامەیەکی خۆیا و جیا لە ناسنامەکانی دیکە دەمێنێ ، و کورد وەکو کۆمەڵگەلێکی خاوەن ناسنامەی خۆی دەناسرێ • ئەوەتا لەم ساڵانەی دواییدا گەلێك سیاسی و ڕۆشنبیرو بیرکەرەوەی عەرەب و تورك و فارس ، کورد نەك هەر وەك کۆمەڵگەلێکی ئێتنی یا " گەلێك " بەڵکو وەك " نەتەوەیەك " دەناسن • هیلال ناجی (هلال ناجي) کە یەکێکە لە ناسیۆنالیستە ڕۆشنبیرە نێودارەکانی عەرەبی عێراق ، لە نێوەڕاستی شەستەکاندا گوتی:

" ڕاستییەکەی مەسەلەی کورد گرنگیی پەیانێکی مەزن دروستدەکات نەك لەبەر ئەوەی نێوچەیەکی چیایی کە کوردەکان تێیدا دەژین لە عێراق جیادەبێتەوە ، چونکە خەڵکەکەی دەیانەوێ دەوڵەتێك بۆ خۆیان

chalakmuhamad@gmail.com

ئیمپراتۆرێتی ی عوسمانی و ئیمپراتۆرێتی ی فارسی دا لەسەدەی رابوردوودا کە پێم وایە نێوی نرا پەیماننامەی ئەرزەرۆم و یا لە ١٨٤١ یا لە ١٨٤٧ دا بوو ، کە بە پێی ئەوە بەشێك لە کوردەکان خرانە سەر عێراق ،و هەر بە پێی ئەوەش بڕیاردرا کە عەرەبستان (خۆزستان) بۆ ئێران بێ ،ئەوەش هەر تەنێ بۆ نەخشەکێشانی سنوور بوو.

کوردەکان بە پێی ئەم بنچینەیە گەلێکی سەربەخۆن . جائەگەر ئێمە ی عەرەب مافی ئەوەمان هەبێ بۆ یەکێتی ی (عەرەب) تێ بکۆشین ،ئەوا ئەوانیش (کوردەکان) مافی ئەوەیان هەیە تێ بکۆشن بۆی . ئێمە پێویستە ببینە هاوپەیمانیان و یارمەتی یان بدەین و تێ بکۆشین لەگەڵیان بۆ هێنانەدی ئەوە ... خۆ ئەگەر بەم جۆرە بیرنەکەینەوە ، ئەوا بیرکردنەوەمان لە یەکێتی ی عەرەب لە چەشنی بیرکردنەوەی رەگەزخوازانەی شۆڤێنیانەدا دەبێ ، نەك لە چەشنی بیرکردنەوەی زانستانەی خاوەن رێبازی سیاسی ی پێشکەوتنخوازانە ... "(٥٦) .

هەر لەو سمینارەدا عەلوش دەبێژێ:

" ئەی باشە هەڵوێستمان چی بێ بەرامبەر بە مەسەلەی کورد ؟ هەڵوێستمان ئەوەیە کە باسمکرد بۆتان . ئێمە لەگەڵ مافی کورد داین بۆ یەکێتی و سەربەخۆیی و بڕیاری چارەنوس و لەگەڵ ئەوەداین کە پێوەندی یەك ببەستری لە گەڵیاندا وەك هاوپەیمان ، وەك نەتەوەیەکی سەربەخۆ . هەروەها لەگەڵ ئەوەداین کە لە عێراقدا ئۆتۆنۆمی یان ببێ بەوپێیەی کە بەشێکن لە عێراق ،چونکە هێشتا یەکێتی ی ناسیۆنالیان نەهاتووەتە دی . بەڵێ لەگەڵ ئۆتۆنۆمی یەکی راستەقینەداین بە هەموو مانای وشە . ئێمە دەبێ هەوڵ بدەین بۆ بڕینەوەی هەمووجۆرە ناکۆکی و خراپلەیەك گەیشتنێك لە نێوان بزووتنەوەی ناسیۆنالیستانەی کورد و بزووتنەوەی ناسیۆنالیستانەی عەرەبدا . بێگومان ئێستە خراپ لەیەك گەیشتن هەیە بە هۆی هەلومەرجی رابوردووەوە. پێویستە لەسەرمان

chalakmuhamad@gmail.com

تێبکۆشین بۆ کۆتایی ی هێنان بەم بارە . چونکە مانەوەی ئەم بارە وەک خۆی ، دەبێتە هۆی دوژمنایەتی لە نێوان دوو گەلی دراوسیدا کە پێوەندی ی مێژوویی ی دوورو درێژ و بەرژەوەندی ی هاوبەشکاری دەیان بەستێ بەیەکەوە . مەسەلە نابێ هەروا بمێنێتەوە ... هتد " (٥٧) .

بەڵام راستەوانترین و بەوێرد انترین و ئازایانەترین دانـــان بە ناسنامەی کورد بووندا هەتا ئەمڕۆ هەر ئەو قسانەیە کە موعەممەری قەززافی لە رۆژی ١٨ / ١٢ / ١٩٨٠ دا و بە بۆنەی کۆڕێکی جیهانی یەوە لە مەدرید بۆ لێکۆڵینەوە لە بیری قەززافی دەریبڕی . ئەوجا مرۆڤ بیروڕای هەرچی یەک بێ بەرامبەر قەززافی ، ئەگەر هاتوو لە هەق لای نەدا ، دەبێ دان بەوەدابنێ کە ئەو قسانە یەکەمین دانان وتاقە دانانە بە مافی کورددا لەلایەن سەرۆک دەوڵەتێکی ئەم جیهانەوە . قەززافی گـــوتـی :

" ئەز عەرەبم و یەکێتی ی خاکی عەرەب و یەکێتی ی نەتەوەی عەرەبم لا گرنگە . بەڵام ئەمە وا لەمن ناکات کە چاو لە راستی بپۆشم یا فێڵ بکەم لێ ی و هەڵسوکەوتێکی ئیمپریالیستانە بنوێنم ... کورد عەرەب نی یە ، وئێمەش ناتوانین زۆری لێ بکەین ببێتە عەرەب ... ئەگەر بە ئارەزووی خۆی ویستی ببێتە عەرەب ، ئەوە بەسەرچاو . بەڵام ئەگەر خۆی بە خاک و نەتەوەکەیەوە بەست ، ئاوا ئازادە . بۆچی دەبێ شەڕبکەین لە دژی ؟ شەڕکردن لە دژی کورد بۆ لە نێوبردنی ئەم نەتەوەیە پێویست نی یە . پێم وایە زۆر زەحمەتە کورد وەک لەش (وەک بوونەوەیەک) پاک بکرێ . ئەم شەڕ و گیروگرێیانە لە دژی کورد چارەسەر نین ، چونکە خەباتی کوردانە درێژە دەکێشێ هەتا نەتەوەی کورد سەربەخۆ دەبێ و کەرتە پەرشوبڵاوەکانی خۆی کۆدەکاتەوە . ..

... چارەسەری کۆتایی بۆ مەسەلەی کورد بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەسەر خاکی کوردستان ــ خاکی نەتەوەی کورد ــ دەکرێ .

chalakmuhamad@gmail.com

ئەز پشتگیریی خەباتی کورد دەکەم ، بەڵام ئەمە بۆ بەرهەڵستی کردنی دەوڵەتە عەرەبییەکان و تورکیا و ئێران نییە ، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە کورد نەتەوەیەك پێکدێنن کە خاکێکی خۆی هەیە ... پێویستە ئێمە ش وازیان لێ بهێنین ئازاد بن لە دامەزراندنی دەوڵەتێکدا بۆ خۆیان لەسەر خاکی خۆیان ... کورد خاکی خۆیان هەیە و نەتەوەیەکی بران ، و پێویستە ڕێزی بگرین . ئەز دژی ئەوەم دزانە پەلاماریان بدرێ ، ئەز دژی چەوساندنەوەیان و پەرشوبڵاوکردنەوەیانم لە جیهاندا ... ئەز پشتگیریی خەباتی کوردەکان دەکەم لە پێناوی نەتەوەیەکی کوردستانی دا کە جێی خۆی بگرێ لە خۆرهەڵاتی نێزیکدا لە تەنیشت نەتەوەی عەرەب و تورك و ئێرانییەوە ..."

هەروەها لە ڕۆژی ٢ ی مارتی ١٩٨٥ دا و بە بۆنەی دامەزراندنی سەرکردایەتی ناسیۆنال بۆ بەڕێوەبەرێتیی هێزە شۆڕشگێرە عەرەبییەکان لە تەرابلوس گوتی :

"ئەم بەیەکگەیشتنە ، بێجگەلەوەی کە لە بارەی نەتەوەی عەرەبەوە باسکرد ، پشتگیرییەکی تازەش پێکدێنێ بۆ نەتەوەیەکی لەتوپەتکراوی ئازاردراوی دی ، کە ئەویش نەتەوەی کوردی برایە و هێندێك لە ڕۆڵە- کانی وان لەژێر ئاڵای ئەم سەرکردایەتییەدا . تەنانەت ئەو کوردە خەبات- کارانەی لەگەڵ ئێمە نین ، ئەمڕۆ هەست بەوە دەکەن کە شتێکی تازە لەدایك- بووە بۆ سوودی ئەوان ... ڕزگارکردنی نەتەوەی عەرەب ، یەکخستنی نەتەوەی عەرەب لەسەر بنچینەیەکی پێشکەوتنخوازانەی گەلمپەرانە . ئەمەش مانای لایەنگرییە ، لایەنگیریی نەتەوەی عەرەب بۆ خەباتی نەتەوەی خاوەن شانازیی کورد . هەروەهاش لە ئێستەوە خەباتی نەتەوەی عەرەب و خەباتی نەتەوەی کورد دەبنە پشتگیری یەکدی . ئێمە (ی عەرەب) خۆمان لەژێر باری چەوسانەوە و دەسدرێژی (ی بێگانە)دا بۆ سەر نەتەوەکەمان دەناڵێنین و هەر لە ڕۆژانی جەمال پاشاوە گاڵتە بە مێژووی دوورودرێژمان دەکرێ تا ئەمڕۆ . ئێمە ناتوانین بکەوینە ناپاکی و خۆکێشانەوە بەرامبەر نەتەوەیەك کە

chalakmuhamad@gmail.com

هەر تووشی ئەو ژانە تاڵە بووە کە نەتەوەی عەرەب تووشی بووە و تا ئێستەش پێوەی دەناڵێنێ .

ویستانی خۆکەسی (شخصي)ی من لە تەنیشت نەتەوەی کوردەوە لەبەر هۆکاری جوگرافیایی و سیاسی یا مێژوویی نی یە ، واتە لەوانەیە پاڵپێوەنەری بنچینەیی ی من ئەو ئازار و ئێشەبێ کە مێژووی نەتەوەی عەرەب دەربەبڕیوە ، و منیش لێی کۆڵیومەتەوە . هەروەها (لەوانەشە ئەو ژانە تاڵانە بێ کە ئێستە تووشی نەتەوەی عەرەب بووە)وایان لە من کرد بێ هەر لە خۆمەوە عەتفم بێ لەسەر نەتەوەیەکی لەتوکوتکراوی کۆلۆنیزەکراوی چەوساوەی وەك خۆمان ... خۆ ئەگەر وانەبێ ، ئەوا دیارە ناپاکی لەگەڵ خۆم و لەگەڵ هەموو ئەو نرخە نەمرانەدا دەکەم کە باوەڕم پێ یانە . هیچم پێ ناکرێ ئەوە نەبێ کە بە تەواوی لایەنی ی نەتەوەی کورد و سەربەخۆیی و یەکگرتنەوەی خاکەکەی بگرم . جا کاتێك ئەم وتەیە ئاراستەی خەباتکارە کوردەکان بکرێ ، تەنانەت ئەوانەی لێرە نین ، ئەوا دەبێتە یارمەتی یەك بۆیان ، هەروەها بێگومان واشیان لێ دەکات کە لایەنگیری ی سەرکردەیەتی ی ناسیۆنالی هێزە شۆڕشگێڕەکان بکەن و بێنە تەنیشت هێزە شۆڕشگێڕەکانی نەتەوەی عەرەب و بێنە تەنیشت نەتەوەی عەرەب و مەسەلەکەیەوە ، و ئەوجا خەباتیش دەبێتە خەباتێکی نێوکۆیی ... و بۆ پێشەوە و خەباتی شۆڕشگێڕانە بەردەوامە " (رادیۆی تەرابلوس) .

زانای سۆسیۆلۆژی بەنێوبانگی تورك ئیسمایل بێشکچی (لە ١٩٣٩ دا لە دایکبووە) کە چەند جارێك لەسەر ئەوەی لەبارەی کوردەوە شتی نووسیوە و لەسەر کوردی ی کرد وەتەوە لەکار دەرکراوە و گیراوە و ئازاردراوە ، بۆ جاری دوایی لەسەر نامەیەك کە لە ١٤/٨/١٩٨٠ دا بۆ سەرکردەی یەکێتیی ی نووسەرانی سویسرەی نووسیبوو (١٠) ساڵ زیندانی کرا . بێشکچی لەو نامەیەدا بە شێوەیەکی گشتی باسی دۆزی کورد و چەوساندنەوەی کورد لە ژووروی کوردستاندا دەکات . بێشکچی لە نامەیەکدا کە بۆ یۆنسکۆ

chalakmuhamad@gmail.com

ـــووسیوێتی ، باسی بیروکارەکانی ئەتاتورك دەكات و دەبێژی:

" گرنگترینی بەرهەمە شانازیدارەکانی ئەتاتورك جەنگی ١٩١٩ـ٢٢، و ئەو حیزبیەیە کە بە نێوی " حیزبی گەلی کۆمارخواز "ەوە دروستیکردووە. هەروەها بەشداریکردنی گەورەی لە دامەزراندنی کۆماری تورکیدا. بەڵام بەرهەمە شانازیدارە گەورەکانی ئەتاتورك دەبێ لەگەڵ بیرەکانیدا وەك یەکەیەك وەربگرین. جا لەم نامەیەشدا زۆرجار لەسەر مەسەلەی کوردستان دەوەستین ، واتە ئێمە کارەکان و بیری ئەتاتورك بە پێی پێوەندییان بە مەسەلەی کوردستانەوە دەپێوین ، واتە ئێمە کارەکان و بیری ئەتاتورك بەپێی پێوەندییان بە مەسەلەی کوردستانەوە دەنرخێنیـــن .

کاتێك دێینە سەر شیکردنەوە و نرخدانان بۆ مانا و بیرەکانـــی ئەتاتورك ، ئەو دەمە نەتەوەی کوردستانی و کوردستان هەمیشە وەك نوختە یەکی بنچینەیی دێتە پێشمان . وا بە کورتی بیری ئەتاتورك لەباری سەرنجی مەسەلەی کوردستانی یەوە دەنرخێنیـــن :

(١)ـ پارچەپارچەکردنی کوردستان و خستنیەژێر رکێفی باری دابەشکرانـــی ئیمپریالیستانە و خستنەکاری سیاسەتی " دابەشکـــە و ببە بەسەرگەورە " بەرامبەر بە نەتەوەی کورد ."

بێشکچـــی هەر لەو نامەیەدا دەبێژی:

" لە ماوەی جەنگی جیهانیی یەکەم و بە تەواوی لە کۆتاییی جەنگدا گەلێك کارەساتی گرنگی سەر بە مەسەلەی کوردستان روویـــان دا، یەکێك لە گرنگترینی ئەم کارەساتانە ـ لە چارەکێ یەکەمی ئەم سەدەیەی بیستەدا بوو و دەورێکی گرنگی نواند لە مێژووی رۆژهەڵاتی نێوەراستدا و کارێکـــی مەزنی کردە سەر ژیانمـــان . ئەوەش دابەشکردن و پارچەپارچەکردنـــی کوردستان بوو . راستی یەکەی ئەمە سەرەتای کارەساتەکان بوو. خستنـــە- کاری (سیاسەتی) دابەشکردن بەرامبەر کوردستان و خستنە ژێر رکێفی کەرتکەرتکردنی ئیمپریالیستانە و کۆلۆنیالیستانەوە هۆکاری گرنگـــن لـــە

chalakmuhamad@gmail.com

میژووی رۆژهەلاتی نیوەڕاستدا • دەستگرتن بەسەر مافی نەتەوەی کورددا کە دەولەتی رزگاربوو و سەربەخۆی خۆی دابمەزرینێ ، ودەستگرتن بەسەر مافی نیشتمانی و دیموکراسیی کورددا ، ئەمە یەکێکە لەو کارەساتە کومەلایەتی یە گرنگانەی کە کاریان کرد ووەتە سەر میژووی رۆژهەلاتی نیوەڕاست و هەروەها ژیانی ئەمڕۆمان ••• هتد • هەولدان بۆ جیاکردنەوەی کورد لەمیەك لە ریی چاندنی لەغەم و تەلی دڕکاوی و روانگەی سەرنجدان و پاراستنی ئەم بارە و چەسپاندنی بەهوی سەربازی لە تەپلی سەرەوە تا بەری پی چەکدارکراو ، یەکێکە لە کارەساتەکانی ئەم زەمانەی ئیستەمان ••• هتد " (نامەی بیشکچی)

(٦) — دووا ووشە

بەشداڕانی بەڕێزی سەمینار

ئیستە دەمینیتەوە سەر ئەوەی بزانین ئایا کورد نەتەوەیە یا نەتەوە نییە ؟ لە وەرامدا دەبیژم ، ئەوە مەسەلەیەکە ، بەداخەوە ، زۆرتر پێوەندی بە سیاسەتی جیهانییەوە هەیە وەك لە زانست • سیاسەتیش دەسکردی مرۆڤە ، بە پێچەوانەی زمان و نیشتمان و کولتوور و بنەچەو ڕەچەلەك و هەستی نیوکویی یەوە کە ئەمانە هەموو بەرهەمی خۆرسك و خۆزا و خۆکردن • نەتەوە ، وەك لە ووتاری سەمیناریی " بیری نەتەوەیی ی کوردی " (٥٨) و لیکۆلینەی " گوتاری نیشتمان و کۆمەلەی ژێکاف — دا (٥٩) روونم کرد ووەتەوە ، زاراوەیەکە ئەوڕۆ بەزۆری بۆ دیاریکردنی ئەو گەلانە بەکاردەهینری کە خاوەنی دەزگەی دەولەتی خۆیانن •
" دەولەت " یش بووەیەکی دەسکردە ، نەك خۆکرد و خۆزا • میژوو پیمان رادەگەیەنی کە زۆر گەلی دەولەتدار هەبوون ، پاش جەنگیك دەولەتەکەیان لەدەستچووە ، یا دەولەتەکەیان دەولەتیکی دیکە جیابووەتەوە لیی ، و بووە بە دوو دەولەت یا چەند دەولەتیك • بۆ وینە :

chalakmuhamad@gmail.com

ئیمپراتۆرێتی ی عوسمانی تا پاش جەنگی جیهانی ی یەکەم یەك دەوڵەت بوو. پاش جەنگی جیهانی ی یەکەم ، هەموو ئەم دەوڵەتە عەرەبییانەی ئەمڕۆی لێ دروستبوون. زۆر گەلی واش هەبوون کە دەوڵەتی خۆیان نەبوو بەڵام پاش جەنگێك یا شۆڕشێك بوون بە خاوەن دەوڵەت. ئەوجا ئێستە ئەم پرسیارەی خوارەوە دێتە گۆڕێ. ئایا ئەو گەلەی دەوڵەتی هەبووە ، و بە هۆی دەوڵەتەکەیەوە بە " نەتەوە " ناسراوە ، پاش ئەوەی دەوڵەتەکەی نەماوە ، لە شەووڕۆژێکدا لە " نەتەوەیەتی " کەوتووە ؟ ئایا ئەگەر هاتوو گەلێکی بێ دەوڵەت بە هۆی بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ، یاخود بە پێ ی پێویستی ی بەرژەوەندی ی زلهێزێکی کۆلۆنیالیست ، دەوڵەتێکی سەربەخۆی دەسکەوت ، ئایا ئەو گەلە لە شەووڕۆژێکدا دەبێتە " نەتەوە " ؟ یا ئەگەر نەتەوەیەك دەوڵەتێکی هەبوو ، و لە ئەنجامی جەنگێکەوە دەوڵەتەکەی بوو بە دوو دەوڵەت ، ئایا ئەو نەتەوەیە بە شەووڕۆژێك دەبێتە دوو نەتەوەی لەیەك جیاواز ؟؟؟

ئەوجا ئێستە ئەگەر گەلێك ، یا کۆمەڵگەلێکی ئێتنی ، یا بابڵێین هەر کۆمەڵگەلێکی گەورە ، کە بە لایەنی کەمەوە دوو هەزار ساڵێك بێ لەلایەن خۆ و لەلایەن بێگانەوە بە ناوی کوردەوە ناسرابێ ، و لەسەر زەوییەك بژی کە نزیکەی هەزار ساڵێك بێ بە " کوردستان " بەناویانەوە بێ ، و خاوەنی زمانێك بێ کە بەلایەنی کەمەوە ٦٠٠ـ٧٠٠ ساڵێك بێ پێ ی بنووسرێ. ئەوجا ئەم کۆمەڵگەلە گەورەیە کە بە نزیکە ٢٥ ملیۆن دەبێ ، لەگەڵ ئەوەشدا کە بەسەر پێنج دەوڵەتی بێگانەی سیستەم جیاوازدا بەشکرابێ ، و هێندێکیشی پەڕیبێتە ئەم پەڕو ئەوپەڕی جیهان و هەریەشێك لێ ی جنسیەی دەوڵەتێکی بێگانەی دیکەی هەبێ ، کەچی ئەمانە هەموو خۆیان هەر بە تەبەعەی یەك کۆمەڵگەل و یەك زمان و یەك سەرزەوی و یەك کولتوور بزانن ، و کەلێ یان بپرسیت تۆ چیت. بەر لە هەموو شتێك بێژن: " کوردم ". ببوورن – ئەوەتا جوانترین نموونە بۆ ئەمە ئامادەبوونی ئێوەیە لەم سمینارەدا و هەمووشتان بە نێوی

chalakmuhamad@gmail.com

کوردەوە، ئەگەرچی هەرچەند کەسێکتان تەبەعەی دەوڵەتێکی دیکەن، ئێستە لام وایە مرۆڤ، تەنانەت ئەوانەی فرە بێویژدانانە و نابابەتانەش بۆ شتێ دەچن، زۆر زەحمەت دەبینن، ئەگەر بێتو سەرەرای ئەم هەموو راستی یە بابەتانەیەش ئەم کۆمەڵگەلە کوردە؛ نەک تەنێ بە "گەلێک" بەڵکو بە "نەتەوەیەک"یش دانەنێن ...

بێگومان ئەم سەمینارە سەمینارێکی پۆلیتۆلۆژییانە نی یە، لەبەرئەوە لەسەر مەسەلەی "نەتەوە" پێتر ناڕۆم، گوێگران دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ سەر لێکۆڵینەوەکانی دیکەم لەم بارەیەوە. لە کۆتایی دا دەمێژم دانەنانی کورد بە نەتەوەیەک، یا بە گەلێک، یا بە کۆمەڵگەلێکی ئێتنی سەربەخۆ، بە رەئیی من، نابێتە هۆی سەندنەوەی ناسنامەی کورد بوون لە کورد. لەم رووەوە وتارەکەم بە هۆنراوەی شەست حەفتا ساڵێک لەمەوبەری هۆنەرێکی کورد کۆتایی پێدێنم کە گوتبووی:

کورد ئەمەن کوردن بە سەد شەیتان لە کوردی ناکەون
ئێکە خەڵکی بۆچی بۆ خۆی دەردیسەر پەیدا دەکا ؟

جا لەبەرئەوەی چەند رۆژێکی کەمی ماوە بۆ جێژنی سەری ساڵی تازە، ئەوا هەر لەئێستەوە پیرۆزبایی ی ساڵی نوێتان لێدەکەم، هیوام وایە ساڵی ١٩٨٦ بەختیاری بۆ بەشخوراوانی ئەم جیهانە و سەرکەوتن بۆ بیری ئازادی و یەکسانی لەگەڵ خۆی بهێنێ. هەربژین ...

chalakmuhamad@gmail.com

ژێدەرەکان

(١)ـ تەماشای ئەم سەرچاوەیەی خوارەوە بکە :

Küchler, Hannelore: Öffentliche Meinung. Eine theoretisch-methodologische Betrachtung und eine exemplarische Untersuchung zum Selbstverständnis der Kurden. Inaugural-Dissertation des Fachbereichs für Philosophie und Sozialwissenschaften der Freien Universität Berlin, Berlin 1978.Vorwort, S.iii

کویشلەر ، هەنەلۆرە : بیروڕای گشتی ـ سەرنجێکی تیۆریانەی مێتۆدۆلۆژیانە و توێژینەوەیەکی نموونەیی لە تێڕوانینی خۆیی کورد ، دکتۆرنامەی بەشی فەلسەفە و زانستەکانی کۆمەڵگە، لە زانستگەی ئازاد لە بەرلین ، ١٩٧٨ ، پێشەکی ، ل iii .

(٢)ـ بۆ دەستکەوتنی زانیاریی پتر لەبارەی شێوەکانی زمانی کوردی یەوە گوێگری بەڕێز دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ ئەو باسانەی کە لەم بارەیەوە نووسیومن، وەك " زمانی یەکگرتووی کوردی " بڵاوکراوەی " یەکێتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا " (نوکسە) ، بامبێرگ ١٩٧٦ و " زمانی نووسینی کوردەکان " بە ئەڵمانی لە "ئەکتا ئێرانیکا"دا کە ئینسکلۆپیدیایەکی ئێرانەوانییە • ووتارەکە بەم جۆرەیە :

Jemal Nebez: Die Schriftsprache der Kurden" in Acta Iranica, Encyclopedie Permanente des Etudes Iraniennes, Deuxieme Serie, Monumentum H.S.Nyberg II.Diffusion Brill, Leiden 1975, S. 97-122.

(٣)ـ بیبلیۆگرافیستی تورکی عوسمانی شەمسەدین سامی (شمس‌الدین سامی) لە بیبلیۆگرافیاکەیدا کە بە ناوی (قاموس الاعلام)ەوە لە ساڵی ١٣١٤ ی کۆچی (١٨٩٦/٩٧)دا لە چاپ-

chalakmuhamad@gmail.com

دراوە؛دەبێژێ: " هێندەی لە نێو کورددا زانا هەڵکەوتووە،هەموو هەر خەریکی زمانی فارسی بوون ، وگوێیان نەداوەتە زمانی خۆیــــان ". (تەماشای بەرگی پێنجەم لاپەڕە ٣٨٤٢ بکە) . ئەم کۆپلەیەی سەرەوە لە ساڵی ١٩٧٠ دا سەرنجمی راکێشا و وەرمگرت بۆ ئەو باسەی کە بە زمانی ئەڵەمانی لەسەر میری کۆرەی رەواندز نووسیم لەژێر نێوی " پاشای کــورد میر محەممەدی رەواندزی ، بەنێوبانگ بە میری کــۆرە لە ئاوێنـــــــەی سەرچاوە رۆژهەڵاتی و رۆژاواییەکاندا " ، هەمبورگ ١٩٧٠ ــ سەیری لاپەڕە ٧٣ بکە و نێوی کتێبەکەش بە ئەڵەمانی بەم جۆرەی خوارەوەیــــە :

Jemal Nebez: Der Kurdische Fürst Mir Muhammad-i Rawandizi genannt Mir-i Kora im Spiegel der morgenländischen und abedländischen Zeugnisse. Ein Beitrag zur kurdischen Geschichte, Hamburg 1970.

جا لەبەرئەوەی لەم کاتەدا " قاموس الاعلام "م لەبەردەستدا نــی یــە کۆپلەکەی نێو " قاموس الاعلام "م لە کتێبەکەی خۆمەوە وەرگرت.

(٤)ــ تەماشای ل ١١٢ــ١١٣ ی دیوانی حاجی قادری کۆیی بکــــە کە لەلایەن چاپخانەی کوردستانەوە لە هەولێر لە ساڵی ١٩٥٣ دا بــڵاوــ کراوەتەوە.

(٥)ــ ئەم هۆنراوەیەم لە ساڵی ١٩٥٧ دا لە بەهەشتی رەشید شەوقــی بیست . (*) (تکایە تەماشای لاپەڕە ٧١ تێبینی ژمارە (٢) بکە) .

(٦)ــ علی سید و الکورانی : من عمان الی العمادیة أو جولة فــــي کردستان الجنوبیة ، القاهرة ١٩٣٩ .

(٧)ــ جارێکیان قوتابی یەك لەو قوتابیانەم کە کوردی یان نەدەزانی،بەڵام خۆیان بە کورد دەزانی ، پێمی گوت"زمان وەك زارۆ وایە . تۆ ئەگەر بێتــو ژنەکەت دووکیان بێ و بەرێکەوت دووریکەویتەوە لێی و پاش دوورکەوتنەوەت زارۆ یــەکت ببێ و گەورە ببێ بێ ئەوەی تۆ دیبێتت یا ناسیبێتت ، هــەر

chalakmuhamad@gmail.com

کاتێك زانیت زارۆیەکت هەیە، ئەوا زارۆکە بە زارۆی خۆت دەزانیت، با نەشتدیبێ یا نەشیناسیت. منیش لەو کاتەوە کە زانیومە خۆم کوردم، و کورد یش زمانێکی تایبەتی ی خۆیان هەیە، زمانی کوردی بە زمانی خۆم دەزانم.

(٨) ـ علی حسنی الخربوطلي : القومية العربية من الفجر الى الظهر. دون ذکر تاریخ الطبع، دار إحياء الكتب العربية، ص ٥٢ هەروەها عبد الرحيم فودة : الاسلام والقومية العربية. دار إحياء الكتب العربية ١٩٦١، ص ١٥، هەروەها جەمال نەبەز : بیری نەتەوەیی ی کوردی نە بیری "قەومیەت"ی ڕۆژهەلاتی و نە بیری ناسیۆنالیزمی ڕۆژاوایی یە، بنکەی چاپەمنی ی ئازاد، ستۆکهۆلم ١٩٨٤، ل ١٩ـ٢٠.

(٩) ـ تەماشای کتێبی "التنبيهُ والاشراف" بکە کە لەلایەن عبد الله اسماعيل الصاوي یەوە لە قاهیرە لە ساڵی ١٩٣٨ دا بلاوکراوەتەوە (ل ٧٨). سەیر ئەوەیە لە لاپەڕە ٧٩ی هەر ئەو کتێبەدا بنەچەورەچەڵەکی کورد دەبرێتەوە سەر "کوردی کوڕی ئەسفەندیاری کوڕی منۆچەر ... ابن حوقل یش کە لە ٩٧٧ دا مردووە بنەچەورەچەڵەکی کوردی بۆ سەر عەرەب بردووەتەوە، تەماشای ابو القاسم ابن حوقل : کتاب صورة الارض بکە کە لەلایەن J.H.Kramers لە شاری لایدن لە ١٩٦٧ دا بلاوکراوەتەوە، چاپی دووەم، بەشی یەکەم، ل ٢٧١ .

(١٠) ـ تەماشای کتێبی "مروج الذهب ومعادن الجوهر" بکە کە بە ناوی Les Prairies d'Or دا لە ساڵی ١٩٦٦ لە بێروت لەلایەن Pavet de Courteille, Barbier de Meynard چاپکراوە، بەرگی دووەم، ل ٢٤٩. بە پێی هێندێك چیرۆك، کورد هەموویان لە "جنۆکە" نین بەڵکو تەنێ چواریەکێکیان لە جنۆکە کەوتوونەتەوە. ئەمانە گوایە نەوەی بەلقیسی ژنی حەزرەتی سلێمانن، کە گوایە دا یکی بەلقیس "جنۆکە" بووە. تەماشای کتێبی "کرد شناسی" (کوردناسی) نووسینی بە فارسی مرادی اورنگ، ل ٦٨ بکە.

chalakmuhamad@gmail.com

(١١)ـ تەماشای ئەو " شاهنامەیە بکە کە لەلایەن رۆژهەلاتناس Joannes Augustus Vullers لە ١٨٧٧ دا لە شاری لایدن بلاوکراوەتەوە، بەرگی یەکەم ل ٠٣٦ هەلبەستی ژمارە ٣٧ و ٣٨ بەم جۆرەی خوارەوەیە:

کنون کرد زآن تخمه دارد نژاد   کز آباد نیاید بدل برش یاد
بود خانهاشان سرسر پلاس   ندارند در دل زیزدان هراس

هەروەها تەماشای ل ٥٢ی هەر ئەو سەرچاوەیە بکە.

(١٢)ـ تەماشای بیروڕای مینۆرسکی بکە لەم دوو سەرچاوەیەی خوارەوەدا:

Minorsky, V.: "Les Origines des Kurdes", "Travaux der XX^{e} Congres international des Orientalistes", Bruxelles 1940, pp. 143-152.

مینۆرسکی: الاکراد احفاد المیدیین " لە " گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد " دا، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم، بەغدا ١٩٧٣، ل ٥٥٢ـ٥٦٣.

بۆ پشتگیریی قسەکانی مینۆرسکی خاوەنی ئەم وتارە بەڵگەی زمانەوانی هێناوەتەوە. تەماشای ئەم سەرچاوەیەی خوارەوە بکە:

جەمال نەبەز : رەخنەی زمانەوانی " لە گۆڤاری " ئاسۆی زانکۆیی " دا، گۆڤاری زانکۆی سلەیمانی، ژمارە (٩) ساڵی دووەم، تەمووزی ١٩٧٨ ل ٨٦ ـ ٩٢.

(١٣)ـ تەماشای سەرچاوەی خوارەوە بکە:

Menzel, Theodor: "Yazidi", in "Handwörterbuch des Islam", Leiden 1941, S. 808.

(١٤)ـ تەماشای ئەم سەرچاوەیەی خوارەوە بکە:

Rudolph, Wolfgang und Salah(Soran),Hasan: Die Feizollabegi des Hochlandes von Bukan. Zur Chronik und Geschichte einer kurdischen Aristokratenfamilie", in: "Baessler-Archiv", Neue Folge, Bd.15, Berlin 1967, S.285.

chalakmuhamad@gmail.com

(١٥)ـ تماشای ئەم سەرچاوەیەی خوارەوە بکە:

Rich, Claudius James: Narrative of a Residence in Koordistan, Vol I, London 1836-37, reprint Westmead 1972, pp. 292-297.

(١٦)ـ تماشای خوارەوە بکە:

Küchler, Hannelore: Öffentliche Meinung...

سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٢ .

(١٧) ـ ئەم هۆنراوەیەم لە پەنجاکاندا لە دراوسێی کۆچکرد ومم بەهەشتی کاکە رەشید شەوقی لە سلەیمانی بیست. (تماشای سەرنجی ژێدەری ٥ بکە)

(١٨)ـ تماشای ئەم سەرچاوەیەی خوارەوە بکە :

Mustawfi, Hamd-Allah: Nuzhat al-qulub. The geographical part of the Nuzhat al-qulub composed by Hamd-Allah Mustawfi of Qazwin in 740(=1340), translated by G.le Strange, Leyden 1919, Section 10, p.105-107.

(١٩)ـ سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٢ـ١٠٥ .

(٢٠)ـ هەر بۆ نموونە سەرنجی ئەو قسانە بدە کە سەددام حسەین لە رۆژی نەورۆز (٢١/٣)ی ساڵی ١٩٧٩ دا لە سلەیمانی و هەولێرکردی، (مجلة الحكم الذاتي، العدد ٤ السنة الرابعة ١٩٧٩ ص ٥ وص ٨) .

(٢١)ـ تماشای ئەم سەرچاوەیەی خوارەوە بکە :

Einjähriger Widerstand in Kurdistan, 15.august 1984-15.August 1985, herausgegeben von "Kurdistan -Komittee", Dokumentationsreihe, Nr.1, Köln, Oktober 1985, S.18.

(٢٢)ـ تماشای سەرچاوەی خوارەوە بکە :

chalakmuhamad@gmail.com

Gustav Chalupa: Nationalistische Ausschreitungen im Vielvölkerstaat Yugoslawien", im "Der Tagesspiegel", Nr.12197, Berlin 5.11.1985,S.3.

(٢٣)ـ مەسەلەی ئەوەی لە سنووری وولاتی سۆڤێتدا پارچەیەك کوردستان هەیە راستییەکە ناشارێتەوە، وگەلێك زانای سۆڤیاتی دانیان پێداناوە . بۆ نموونە: رۆژهەلاتناسی مەزنی سۆڤێت خالفین لە پێشەکیی کتێبەکەیدا "ململانێ لەسەر کوردستان" دەبێژێ: "لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا بەشێك لە خاکی کورد کەوتە ژێر دەست رووسیاوە" . مینۆرسکی کە خۆی رۆژهەلاتناسێکی رووس بوو لە وتارەکەیدا لەسەر کوردستان لە ئینسیکلۆپێدیای ئیسلامدا دەبێژێ: "کوردەکان لە پێش جەنگی جیهانیی یەکەمدا بەسەر تورکیا و ئێران و رووسیادادا بەشکرابوون ..." .

(٢٤)ـ بدلیسی، شرف الدین: شرفنامە، چاپی پەتریسبورگ سالی ١٨٦٠، چاپی تازە ١٩٦٩، بەرگی (١) ل ١٣ـ١٤

(٢٥)ـ هەر بۆ نموونە تەماشای ئەو نەخشەیە بکە کە میستەر ئێدموندس کۆنە ئەفسەری هێزی کۆلۆنیالیستی بەریتانیایی لە کوردستاندا و راوێژکەری وەزارەتی نێوخۆیی عێراق هەتا کۆتایی جەنگی جیهانیی دووەم کێشاویەتی لە کتێبەکەیدا "کورد و تورك و عەرەب" کە بە زمانی ئینگلیزی لە لەندەن لە سالی ١٩٥٧ دا چاپکراوە، هەروەها ئەو نەخشەیەی کە دیپلۆمات و نانخۆری دەولەتی ئەمریکا میستەر ئیگلتن لە کتێبەکەیدا "کۆماری کوردی سالی ١٩٤٦" کە بە زمانی ئینگلیزی لە لەندەن لە سالی ١٩٦٣ دا چاپکراوە، کێشاویەتی . گەلێ بەرهەمی دیکەی لەم بابەتە لەم چەند سالەی دواییدا لە ئەورووپا دەرچوون .

(٢٦)ـ احمد عثمان ابوبکر: نصوص ثلاث رسائل للشیخ عبیداللە النهری، مجلة "رۆژی کوردستان/شمس کردستان"، العدد ٦٩، نیسان ١٩٨٥، ل ٦ .

chalakmuhamad@gmail.com

(٢٧) ــ هیپۆتێزی کولتووری سینکرێتیستانەی کورد بیرێکی خۆمە و لە
ئەنجامی لێکۆڵینەوەی دوور و درێژی کۆمەڵگەی کوردەوە بۆی گەیشتووم کە
بێگومان پێویستی بە تۆژینەوەی پتر هەیە. شایانی باسە کە ئەم بیرەم بۆ
یەکەمجار لەو وتارەدا باسکرد کە لە ڕۆژی ٢٣ی ئەیلوولی ١٩٨٣ دا لە
مۆنیخ بە بۆنەی دووەمین کۆنگرەی سۆکسەوە پێشکێشم کرد. دەقی ئەو وتارە
چەند سەعاتییە کە بە ناوی " ناکۆکیی نێوان ڕەگەزەکانی گەلی کورد و
خاوکردنەوەی " یەوە بوو، بۆ چاپ ئامادە دەکرێ و لە هەلێکدا دەخرێتە
بەردەست خوێنەرەوە.

(٢٨) ــ هەر بۆ نموونە تەماشای ئەم دوو سەرچاوەیەی خوارەوە بکە:

Soane, E.B.: To Mesopotamia and Kurdistan in disguise, London 1912. 2.Ed. 1926, p.395,
Nikitine, Basile: Les Kurdes, Paris 1956, p. 99.

(٢٨أ) ــ بڕوانە لاپەڕە (٧٨) تێبینی ژمارە (٣).

(٢٩) ــ تەماشای ئەم سەرچاوەیەی خوارەوە بکە:

Jemal Nebez: Sprichwörter und Rede_nsarten aus Kurdistan, Publikation der NUKSE, 1970, S.60.

(٣٠) ــ تەماشای ئەم سەرچاوەیەی خوارەوە بکە هەر بۆ نموونە:

Helmuth von Molteke : Briefe, Berlin1841,S. 269-70.

(٣١) ــ تەماشای ئەم سەرچاوەیەی خوارەوە بکە:

Volland: Aberglauben in Armenien und Kurdistan, in "Globus", 91 (1907).

(٣٢) ــ هەڵتن دروستکەری شەقامی هەڵتنە لە کوردستان و یەکێکە
لەو بێگانانەی کە زۆر بە وێژدان و بابەتانە سەرنجی کورد و مەسەلەی
کوردیان داوە. پاش دەرکەوتنەوەشی لە کوردستان و لە گەلێک
دەرفەتدا هەوڵی داوە ڕاستیی مەسەلەی کورد بخاتەڕوو بۆ
ئەورووپاییەکان و جیهان.

chalakmuhamad@gmail.com

(٣٣) تەماشای کتێبەکەی هەملتن بکــە:
Hamilton, A.M.: "Road through Kurdistan", London 1937, p.197.

(٣٤)ــ تەماشای سەرچاوەی خوارەوە بکــە:

Küchler, Hannelore: Öffentliche Meinung..
سەرچاوەی پیشوو ل

(٣٥)ــ تەماشای ئەو سەرچاوەیە بکە کە لە ژێدەری نمرە (٢١)دا باســ
کراوە، ل ٣٦ .

(٣٦)ــ تەماشای کتێبەکەی ئیگلتــن بکــــە:

Eagleton, William Jr.: "The Kurdish Republic of 1946", London 1963.

(٣٧)ــ کیشلەر، هەنەلۆرە : سەرچاوەی پێشوو ، ل ١١٢ .

(٣٨)ــ سەرچاوەی پێشوو ؛ هەر ئەوی .

(٣٩)ــ لە ڕۆژی ١٤/٤/١٩٨٤ دا لە بەرلیــن سەمینارێکــم ســا ز-
کــرد لە ژێر نێوی "ڕەنگدانەوەی بیری کاژێك لە ئەدەبیاتی هــــوردە
بۆرژوازیی کورددا" . ئەم سەمینارە بە بۆنەی تــێپەڕبوونی چارەکەچەرخێ-
کەوە بەسەر دامەزراندنی کــاژ یــکــدا باســکــرا .

(٤٠)ــ جەمال نەبەز : ئۆتۆنۆمی یا کوردستانێکی سەربەخۆ یا بڕیاری
چارەنووس لە ئازادیدا و بۆ ئازادی . وتاری سەمیناری ڕۆژی ١١ ی
مایسی ١٩٨٥ لە ستۆکهۆلم (سوێد) . بنکەی چاپەمەنیی ئــازاد ،
ستۆکهۆلــم ١٩٨٥ .

(٤١)ــ بەعسییەکان بە وەزیرەکانی "نیوچەی ئۆتۆنۆمی" دەبێــژن
"ئەمین" بۆ ئەوەی ووشەی "وەزیر" بەکارنەهــێنن ، نەوەك نیوچەکــە
لە دەوڵەتێك بچێ و تامی "فیدەراسیونێك" بدات .

chalakmuhamad@gmail.com

(٤٢) ـ مجلة الحكم الذاتي (ئۆتۆنۆمی) يصدرها المجلس التشريعي لمنطقة كردستان • العدد (٢) ، السنة التاسعة ، اربيل ١٩٨٥ ص٤٧ •

(٤٣) ـ سەرچاوەی پێشوو ، ل ٥٥ •

(٤٤) ـ سەرچاوەی پێشوو ، ل ٥٨ •

(٤٥) ـ لە گێڕانەوەی ئەم هۆنراوانەی "ئەحمەدی" دا پەنام بردە بەر بیرەوەریی خۆم • ئەم هەڵبەستانەم لە دەورانی منداڵیدا لەبەرکردووە و لەوانەیە بە تەواوی لەڕووی ووشەبەندییەوە سەد یەسەد وانەبن ، بەڵام لەڕووی ماناوە بە تەواوی وانە • ئەمەشم بۆیەك باسکرد ؛ چونکە لەم کاتەدا "ئەحمەدی" م لەبەردەستدا نییە •

(٤٦) ـ خانمی Corinne Taor پەیامنێری ڕۆژنامەی فەرەنسی Libération لە ژمارەی ڕۆژی ١٧/١٠/١٩٨٤ یدا باسی گوندێکی کوردستانی داگیرکراوی تورکیا دەکات و دەبێژێ : " خەڵکەکەی ئەوێ هەموو پێیان وایە کە حکوومەت بڕیاری داوە کە لەو کوێرەوەرییەدا بیانهێڵێتەوە ، خەڵکەکە دەبێژن : " ئەمە هەمووی لەبەرئەوەیە کە ئێمە کوردین • تەماشاکە ئێمە مافمان لە هیچ شتێکدا نییە • نەشمقامان هەیە ، نە کارەبامان هەیە ، نە زێرابمان هەیە ، ئایە ئێمە هەموومان پێشمەرگەین ؟ لێرە هیچ جۆرە سەربەستییەك نییە بۆ کورد " • پەیامنێر ئەوجا لەبارەی هەوڵەدانی زارۆی کوردەوە بۆ فێربوونی زمانی تورکی دەبێژێ • " دیاردەیەکی دیکەی کۆلۆنیزەکردنی (کوردستان) پەروەردەکردنە بەکارهێنانی زمانی کوردی بە تەواوی قەدەغەکردووە (تورکیا دان بە بوونی کورددا نانێ) • لە گوندی کەمینە ئەو مامۆستایەی کە دانراوە بۆ فێرکردنی دەرزی کولتووری تورك ، مامۆستایەکی لاوی ٢٧ ساڵییە ناوی ئەحمەدە • ئەحمەد هەر لەسەرەتاوە کارەکەی بەوە دەستپێکرد کە وێنەیەکی گەورەی ئەتاتورك ؛ دامەزرێنەری کۆماری تورکیای بە هەموو دیوارەکانی قوتابخانەکەدا هەڵواسی ، ئەو ئەتاتورکەی کە خاوەنی ئەو قسەیەیە کە کوردەکان تیزی پێوەدەکەن و دەبێژێ :

chalakmuhamad@gmail.com

" چەند بەختیارە ئەوکەسەی کە دەتوانێ بەخۆی بێژێ تورکە " ، بەڵام ئەحمەد پاش دوو ساڵ مامۆستایی کردنیش هێشتا هەر خۆی ئاڵای ناسیۆنالی تورک لەبەردەم پۆلی قوتابخانەکەدا هەڵدەکات . ئەحمەد دەبێژێ :
" زارۆکان دێنە قوتابخانە چونکە بەزۆرملێ دەیانهێنن ؟ ئەگینا گاڵتەیان پێدێ . هیچ کاتێکیش خۆیان خەریکناکەن بەفێربوونی زمانی تورکییەوە "
تەماشای :

Corinne Taor: Represailles turque en pays Kurde, Libération, 17.10.1984.

کۆرین تاور: تۆڵەسەندنەوەی تورك لە وڵاتی کوردا ، رۆژنامەی لیبەراسیۆن ١٧/١٠/١٩٨٤ .

(٤٧) ـ لێرەدا حەزدەکەم کۆپلەیەك لە قسەکانی مێژوونووسی کورد ئەمین زەکی (١٨٨٠ ـ ٩/٦/١٩٤٨) بهێنمەوە بە نموونە کە لە سەرەتای کتێبی " خولاسەیەکی تاریخی کورد و کوردستان "دا نووسیویەتی و ئەو هۆیە دەخاتەروو کە بۆچی دەستی کردوە بە نووسینەوەی مێژووی کورد .. ئەمین زەکی دەبێژێ :

" کاتێك ووشەی گشتگری عوسمانی لە تورکیادا نەما و دوو ووشەی تورك و تۆرانی جێیان گرتەوە . ئەوجا منیش بە پێی سروشتی بارەکە خۆی ، وەك هەموو ئەو رەگەزە عوسمانی یانەی کە تورك نەبوون ، هەستێکی زۆر خەستم بە نەتەوایەتی ی لە تورك جیاوازی خۆم کرد . ئەمە وای لە من کرد کە هەستی ناسیۆنالیستانەی بەتین، و جۆشی بەهێزی نیشتمانپەروەرانەی خۆم دەربیبڕم . بەڵام (ئەوەی راستی بێ) هیچم نەدەزانی لەبارەی ئەو گەلەوە کە سەربەوم . چونکە لە پێش ئەوەدا هیچ کاتێك ئەوە نەهاتبوو بە بیرمدا کە بکەوێمە بەدوای مێژووی ناسیۆنالی کورددا ، نە لەسەردەمی خوێندنەدا و نە لەدوای ئەوە . ئەوەش سەبارەت بەوە بوو کە ووشەی " عوسمانی " کە هەموو رەگەز و گەلێکی ژێردەستەی (ئیمپراتۆریەتی)ی دەگرتەوە ، تا ئەندازەیەك دەماری هەریەکێکمانی سڕکرد بوو ، ئێمەی

chalakmuhamad@gmail.com

رۆڵەی نەتەوەکانی دیکەی (ناتورکی) نێو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی "
(خلاصة تاريخ الكرد وكردستان من اقدم العصور التاريخية لحد
الان) ـ الترجمة العربية للاستاذ محمد علي عوني ، الطبعة
الثانية ، بغداد ١٩٦١ ، الصفحة (ح) .

ئەم دانپێدانانەی ئەمین زەکی دەریدەخا کە هۆکاری دەرەکی
لە پەیداکردن و چلووەرپێبەستنی " تیۆرا نینی خۆیی "دا دەورێکی
گەورە و هێندێك جاریش دەورێکی سەرەکی هەیە .

(٤٨) ـ تەماشای ئەم سەرچاوەیەی خوارەوە بکە :

Taghi Habibi Shalmani: Betrachtungen über die ethnische Identität der Iranischen Kurden, Dissertation der Universität Köln 1985, S. 112.

(٤٩) ـ باسی " قوتابخانەی کوردیی سۆسیالیزم "م لەو نامیلکەیەدا
کردووە کە بە نێوی " هێندێك لە کێشە بنەڕەتییەکانی قوتابخانەی
کوردیی سۆسیالیزم "ەوە لە لایەن بنکەی چاپەمەنیی ئازادەوە لە
ساڵی ١٩٨٤ دا لە ستۆکهۆلم بڵاوکراوەتەوە . هەڵوێستی ئەم قوتابخانە
یەشم بەرامبەر " نەتەوە " و " ناسیۆنالیزم " لەو لێکۆڵینەوەیەدا دەرخستووە
کە لە ژێر نێوی " گۆڤاری نیشتمان ، تەمووزی ١٩٤٣ تا مایسی ١٩٤٤،
زمانی حاڵی کۆمەڵەی ژێکاف و ئیدیۆلۆژیی هورد مبۆرژوای ڕۆشنبیری
ناسیۆنالیست لە کوردستاندا " بە کوردی و ئەڵمانی لەلایەن " ئەکادیمیای
کوردی بۆ زانست و هونەر "ەوە بڵاودەکرێتەوە، تەماشای ل ٢٢ـ٢٧ ی
ئەو بەرهەمە بکە کە لەم ڕۆژانەدا لەلایەن بنکەی چاپەمەنیی ئازادەوە
لە چاپدەدرێ .

(٥٠) ـ تەماشای وتاری Necdet Kurdakul بکە لە ڕۆژنامەی
تورکی Dünya دا ، ڕۆژی ٢٨ی ئەیلوولی ١٩٦٧ لە دژی ئەو
وتارەی کە لە " گۆڤاری کۆمیسیۆنی ئینتەرناسیۆنالی یاسازانان " دالە

chalakmuhamad@gmail.com

ساڵی ۱۹٦۷ دا لە بارەی چەوساندنەوەی " کەمایەتی ی کوردەوە لــە لە تورکیا بڵاوکرابووەوە ۰

(٥١)ـ علی اصغر شمیم همدانی : کـــردستان ،تبریز ۱۳۱۲ ، ص ٥۳ ۰

(٥٢)ـ سەیری پەراوێزی نمرە (٥٠) بکــە ۰

(٥۳)ـ سەیری پەراوێزی نمرە (٥٠) بکــە ۰

(٥٤)ـ الدکتور ناجی معروف: عروبة العلماء المنسوبین فـي بـلاد الروم والجزیرة و شهرزور واذربیجان الی البلدان الاعجمیة ۰ الجزء الثالث ،الجمهوریة العراقیة ـ وزارة للثقافة والفنون ـ سلسلـــة کتب التراث، رقم ٦٨ ، بغداد ۱۹۷۸ ، ص ۹۷ـ۲۰۷ ۰

(٥٥)ـ جمال نـبـز: حول المشکلة الکردیة ، من منشورات الاتحاد القومی للطلبة الاکراد في اوربـا (نوکسه) ۱۹٦۹ ، ص ٥۹ ۰

(٥٦)ـ ناجی علوش : حوار حول الامة والقومیة والوحدة ، دار الطلیعة للطباعة والنشر،بیروت، الطبعة الاولی ،ایلول ۱۹۸۰ ، ص ۸۷ـ۸۸ ۰

(٥۷)ـ ناجی علوش: سەرچاوەی پێشوو ، ل ۸۸ـ۸۹ ۰

(٥۸)ـ سەمیناری " بیری نەتەوەیی ی کورد ی نە بیری (قەومیەت) ی رۆژهەڵاتی و نەبیری (ناسیۆنالیزم)ی رۆژئاوایی یە لە رۆژی ۱۸/ ۸ ی ۱۹۸٤ دا لە ستۆکهۆڵم و بە بۆنەی سێیەمین کۆنگرەی سۆکسەوە خوێند ـ رایەوە ۰ سەمینارەکە لە لایەن " سۆکسە "وە بڵاوکرایەوە و لە بنکـــەی چاپەمەنی ی ئازاد، لە ستۆکـــهۆڵم چاپکرا ۰

(٥۹)ـ تەماشای ژێدەری ژمـارە (٤۹) بکـــــە ۰

chalakmuhamad@gmail.com

(٨) چەند تێبینییەك

(١) ــ ووشەی " پێوەندارێتی "م لە جیاتی (إنتماء)ی عەرەبی کە بەرامبەر بە affiliation ی ئینگلیزی و appartenance ی فەرەنسی و Zugehörigkeit ی ئەڵمانییە و ووشەی " ناسنامە "شم لەجیاتی (هوية)ی عەرەبی و Identity ی ئینگلیزی و Identität ی ئەڵمانی داڕشتووە ، هەروەها ووشەی "پێناسە "م لە جیاتی (مُعَرِّفَة) و (مُشَخِّصَة)ی عەرەبی و Merkmal ی ئەڵمانی و ووشەی " باوك فەرمانی " و "دایك فەرمانی "م بۆ "نظام الابوة " و "نظام الامومة "ی عەرەبی بەکارهێناوە ، هیوام وایە لەجێی خۆیاندا بن .

(٢) ــ سەرنجێك لەسەر ژێدەری ژمارە (٥) .

لەم ژێدەرەدا نێوی بەهەشتی کاکەڕەشید شەوقی هێنراوە کە بە پێویستی دەزانم چەند تێبینییەك لەسەر ئەم کەسایەتییە بنووسم . پاڵ ــ پێوەنەری سەرەکیشم بۆ ئەمە ئەوەیە ئەمساڵ (١٩٨٥) لە هەولێر نامیلکەیەك بەنێوی مستەفا شەوقی و پەیژە " وە لەلایەن مومتاز حەیدەرییەوە بڵاو کرایەوە کە سەعید ناکام پێشەکییەکی بۆ نووسیووە . مومتاز حەیدەری هەوڵی داوە بە هۆی کەلێك کەسی گوایە "شارەزا "وە کەسایەتی مستەفا شەوقی دیاری بکات و هەر لەوێدا بیروڕای هێندێکیشیانی تۆمارکردووە کە هیچیان ــ سەعید ناکام گوتەنی ــ " نرخی کوێزێکی پووچی لەمەڕ ساخ کردنەوەی مستەفا شەوقییەوە نییە . هەر لەوجێیەدا سەعید ناکام هاتووە بەسەروگوێلاکی ئەوانەدا کە بە " زانا " نێوی بردوون وکەچی ئەو گوتەنی ؛ ئەویان لەباردا نییە " کەسایەتی مستەفا شەوقییەك ساخ بکەنەوە کە ــ گوایا ــ چل ساڵێك دەبێ مردووە " .

سەعید ناکام دەبێژێ :

chalakmuhamad@gmail.com

لە چاپدانەوەی گۆواری «پەیژە» کە لە رۆژی خۆیدا کەلەبەرێکی گەورەی پڕ کردۆتەوە ، لەگەڵ لێدوانو لێکۆڵینەوەی ناوەرۆکی ئەو سیپارە بە نرخە ، کارێکی هێجگار پەسندو بەجێیەو ئەم تەقەلایەی کاك مومتاز حەیدەری سوپاس هەڵگرو شیاوی ئافەرینە .

بەڵام ، ئەرێ سیپارەی «پەیژە» کێ نوسیویەتی ؟ کێ هەیە بە ڕاشکاوی بێتە زمانو پێمان بڵێ خاوەنی ئەم هەستە پاکەو ئەم بیرە دڵسۆزانەی کوردایەتی‌یە ، کێ بوەو چۆن ژیاوەو لە کوێ سەری پڕ لە ئاواتی بەدی نەهاتوی ناوەتەوە ؟

دەربڕینی ڕای جۆراوجۆر بۆ ساخ کردنەوەی بناخەی کێلەشینو ئەشکەوتی شانەدەریو شوینەوارەکانی نارام‌سین لە کوردستاندا جێی خۆیەتی ، بەڵام ئایا ڕەوای هەقە مێژوزانو نوسەرو کوردناسەکانمان سەبارەت بە تێکۆشەرێکی جێی شانازیمان کە چل ساڵ لەمەوپێش کۆچی کردوەو ئەوانەی دیویانە هێشتا زیندونو ماون وەڵامێکی دو دڵانە بە دەمی داچەقاوەوە دوپات بکەنەوە ؟

پیاو گریانی دێ . گریان بۆ مستەفا شەوقی نا کە ساڵی ١٩٢٦- سەرنوسەری «بانگی کوردستان» بوەو پاشان گۆواری «پەیژە»ی بڵاو کردۆتەوەو بە تەما بوە پاشتر (ڕۆژنامەیێکی کوردی بۆ ڕابی بێت)و[1] . . . لە پڕێکا وەکو بەردی بن‌گۆم بێ سەرو شوێن چوە ، گریان بۆ ئەو نا چونکو بە هیچ ناچێ . . . گریان بۆ نەتەوەی کوردیش نا کەوا کەڵە پیاوانی پەنجا ساڵ لەمەوبەری خۆی ناناسێتو لە بیریان دەکا ، چونکو شتی لەم بابەتەمان زۆرن .

---

(١) دەق ڕستەیێکە مستەفا شەوقی لە لاپەڕە (٢)ی پەیژەدا وەکو ئاواتێك دەری بڕیوە .

chalakmuhamad@gmail.com

گریان بۆ ئەو زانایانەمان کە گوایە خەوو خواردنیان لە خۆیان حەرام کردوە شاعیری کوردی کۆن تازە دەکەنەوەو مردوی ناوداری کورد دەژێننەوەو بچوکترین رستەی کتێبە کۆنێك ناوی کوردێکی ئەو سەردەمەی هێنا بێ هەڵیدەبڕنو لێ‌ی دەدوێنو بنکەیێکی شانازیی نوێانی لەسەر دادەمەزرێنن ، کەچی کاتێ پرسیاری مستەفا شەوقی‌یان لێدەکرێ بە منجەمنجی واقورمانەوە دەڵێن :-

- مستەفا شەوقی ئەفسەرێکی کوردی سوپای عوسمانی بوە ، کاتێ گەڕاوەتەوە کوردستان کاری میری نەکردوەو هەر خەریکی خەباتو تێکۆشان بوە [٢] .

- مستەفا شەوقی زابت تەجنیدی قەزای ڕەواندز بوەو ساڵی ٩٣٨ یا ٩٣٩ لە ڕەواندز مردوە ، کەسیش نازانێ لە کوێ نێژراوە [٣]

- مستەفا شەوقی شاعیرێکی کوردستانی سەر بە ئێرانەو لە بنەماڵەی قازی‌یەکانە [٤]

- مستەفا شەوقی ناوی ڕاستی‌ی «ڕەشید شەوقی» یەو ئەو (ناوی) مستەفایەی بۆ خۆشاردنەوە لە خۆی ناوەو سەردەمێك بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی «دیاری کوردستان»ی ساڵح زەکی ساحێبقران بوە [٥] .

- مستەفا شەوقی زابتێکی عوسمانی بو کە هاتەوە کوردستان لە سوپای عیراقدا کرا بە زابتو گەیشتە پلەی موقەدەم ، خزمی ماڵی (محەی‌دگل)ی کۆنەفرۆش بو لە گەڕەکی سەرکارێزی سلێمانی [٦] .

(٢) شاکر فەتاح . گۆواری ڕۆشنبیری نوێ ژمارە -٨٣-ل : ٥١

(٣) شەمسەدین سلێمان سلاحشور . سەرچاوەی پێشوو .

(٤) د . مارف خەزنەدار ، هەر ئەو سەرچاوەیە .

(٥) کەریم شارەزا . سەرچاوەی پێشوو لاپەرە -٦١-

(٦) د . عیزەدین مستەفا ڕەسول ، هەر ئەو سەرچاوەیە لاپەرە -٥٢-

chalakmuhamad@gmail.com

ئەم گشت زانیاریو ئاگاداری‌یە چەوتو چەواشانە کە هیچی نرخی گوێزێکی پوچی لەمەڕ ساخ کردنەوەی مستەفا شەوقی‌یەوە نی‌یە ، لەلایەن زاناو نوسەرەکانەوە دەربڕاون بە مەبەستی ڕونکردنەوەو تیشك خستنە سەر ژیانی خەباتگێڕو نووسەرو سیاسی‌یێکی خوێنگەرمی کورد کە - گوایا - چل ساڵ دەبێ مردوە !

لێرەدا خۆم بە بەرپرسیار دەزانم ئەم گرێکوێرەیە بڕەوێنمەوە :

ڕاستە ... هەق وا بەلای سەعید ناکامەوە ، بەلام توانینی تێگرتن و سەرکۆنەکردنی ڕووت ، هیچ سوودێکی نی‌یە . سەعید ناکام دەبوو هۆی ئەم کلۆڵی‌یەی کە ئەو بۆی دەگری ، بۆ پەردە بخستایەڕوو . ڕاستی‌یەکەی ئەوەیە ، ئەو دەمەی کە مستەفا شەوقی دەژیا و تێیدەکۆشا ، زمان و کولتووری کورد هێشتا نەبووبووە دەسکەلایەك بەدەست هەلپەرست و خۆپێژێن و کوڕی ڕۆژەوە بۆ نانپەیداکردن و سنگدەرپەڕاندن و ماستاوساردکردنەوە بۆ ملهوڕان ، وەك ئەمڕۆ . لەبەر ئەوە زۆربەی هەرەزۆری هەردە بۆرژوای ڕۆشنبیری کورد کاڵتەی بەوانەدەهات کە خزمەتی کولتووری کوردیان دەکرد . بەلگەشم بۆ ئەمە ئەوەیە کە خۆم هەر لە تەمەنی ١٨-١٩ ساڵی‌یەوە هەلسوکەوتم لەگەڵ ئەو بەساڵداچووانە دەکرد کە لە دەیەکان وبیستەکان و سی‌یەکان و چلەکاندا خەریکی کوردایەتی بووبوون ، وەك مستەفا شەوقی و عارفەسوور و رەفیق حیلمی و جەمیل سایب و بەشیر موشیر و ماروف جیاووك و ئەمین ڕەواندزی و عەلی کەمال و تۆفیق قەززاز و کەریم زانستی و جەمال عارف و محەممەد عەلی کوردی و شاکیر موجریم و ئیسماعیل حەقی شاوەیس و عەبدولخالیق ئەسیری و جەمیلی ڕۆژبەیانی و عەلی باپیراغا و گیوی موکریانی و ئەنوەری مائی و مەلا محەممەدی قزڵجی و عەلائەددین سەجادی و گەلێك بەڕێزی دیکە

chalakmuhamad@gmail.com

کە ئێستە زۆربەی هەرە زۆریان نەماون . مەبەستیشم لەوەبەتەنێ کۆکردنەوەی کولتوور و زادەی بیری کورد بوو. کەچی زۆر کەس لە کوردە،گوایە ڕۆشنبیرەکانی ئەو دەمە،تانووتیان دەدا لێم ، کە گەنجێکی وەك من لە باتی دوو رابواردنی شەوانی بەغدا و "چوارقسەی خۆش" هێنەدە "بێ زەوقم" کاتی خۆم لە گەڵ ئەو "پیرە خەرەفاوانە" دا دەبەمەسەر . راستی یەکەی ئەو بەڕێزانە منیان وەك هاورێیەکی خۆیان تەماشادەکرد و بەچاوی هەرزەکارێك نەیاندەڕوانی یە من . لەبەر ئەوە بەسەر هاتە سیاسی یەکانی خۆیان بێ پەرنگانەوە دەگێرایەوە بۆم ، کە هەر یەکەیان لا پەڕەیەکی گرنگ بوو لە مێژووی نەتەوەی کورددا .

دە مستەفا شەوقی یەکێك بوو لە"پیرەخەرەفاوانە"ی کە من شانازیم بە دۆستایەتی یەوەدەکرد . مستەفا شەوقی بەرێکەوت لە سلەیمانی دراوسێشم بوو ، و جاری وا هەبوو ، لە شەوانی فێنکی هاویندا تا بەرەبەیان لە حەوشەکەی ماڵی دایکم پێکەوەدا دەنیشتین و قسەمان دەکرد. نێوی راستەقینەی مستەفا شەوقی کاکەرەشید شەوقی بوو. کاکەرەشید برای عەلی ئاگا بوو ، کە مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی بوو لە سلەیمانی و کابرایەکی زۆر قسەخۆش بوو، هەروەها خزمی قازی ئەحمەد موختار بوو کە هەردووکیان ماڵیان لەتەنیشت مزگەوتی دوودەرگا و نێزیك ماڵی ڕۆستەمە زلەوە بوو ، کە رەنگە ئێستە ئەو مزگەوت و خانووانە نەمابن . کاکە رەشید لە کۆتاییی جەنگی جیهانیی یەکەمدا لە سوپای عوسمانیدا ئەفسەر بوو، ماوەیەکیش لە هەوراماندا وەك ئەفسەر خزمەتی کرد بوو . کاکەرەشید گەلێك بەسەرهاتی خۆی گێڕایەوە بۆم کەلە بیرەوەری نامەکانمدا نووسیومن . جا وەك بەهەشتی کاکە رەشید باسی دەکرد ، ماوەیەك سەرنووسەری گۆڤاری "دیاری کوردستان" بووبوو ، بەڵام دوایی ناخۆشی کەوتبووە نێوان وی و ساڵح زەکی ی خاوەن گۆڤارەوە لەسەر ئەوەی ساڵح زەکی پێ ی گوتبوو "کاکە رەشید وتارەکانت زۆر توند وتیژن و ئەگەر وابکەیت ئەوا گۆڤارەکەمان دادەخەن" ـ لەبەر ئەوە کاکە رەشید هەوڵی دابوو خۆی ئیجازەی گۆڤارێك

chalakmuhamad@gmail.com

وەریگرێ ، بەڵام دەستی نەکەوتبوو ۰ لەبەرئەوە ویستبووی کاتنامەیەك دەربکا بە نێوی " پەیژە "وەکە لەشێوەی گۆڤاردا بێ بەڵام بەنێوی گۆڤارەوە نەبێ ، ئەوەشی بۆ نەچووبووەسەر ۰ کاکە رەشید پیاوێك بوو حەزی بە مەتحی خۆی و سنگدەرپەڕاندن نەدەکرد ،لەبەرئەوە بۆ شوێنەوونی ،خۆی نێونابوو " مستەفا شەوقی " ۰ سەردەمێکیش لە سوپای عێراقدا ئەفسەربوو بوو۰ جارێکیان بە یادی ئەو کاتەوە چیرۆکێکی خۆشی گێڕایەوە بۆم و گوتی :
" تازە سوپای عێراق دامەزرابوو ، داواکرالێم وتارێك بە زمانی عەرەبی لەبەردەم سەرکردەی سوپای عێراقدا بخوێنمەوەو لەوێدا باسی ئازایەتی ی لەشکری عێراق بکەم ، جا لەبەر ئەوەی لە عەرەبیدا زۆر کز بووم،ناچاربووم بە کوردی ی بینووسم و بیدەم بە خێرەوەمەندێك بیکات بە عەرەبی بۆم ، بەڵام لە نووسینەکەدا دوو ووشەی عەرەبی زۆر سەنجمیان راکێشا ئەوەش " قَاعاً صَفْصَفاً " بوو ،ئەوجا چونکە ووتارەکەش بەو دوو ووشەیەکۆتایی ی هاتبوو و گوترابوو " ئەگەر بێتو بێگانە پەلاماری ئەم وولاتە بدات ، ئێمەش دەچینە سەریان و خاکیان بە تەورەکە دەبێژین " ، ئەوا دوو هەفتە لەسەر یەك هەر پراوەی ئەو دوو ووشەیەم دەکرد و دەمگوت و دەمگوتەوە ۰ رۆژی خوێندنەوەی ووتار،خەڵکەکەیان ریزکرد و گوتیان ئەوا ئەفسەرێکی کورد ووتارێك بە عەرەبی دەخوێنێتەوە ، ئەودەمە منیش دەستمکرد بە خوێندنەوەی ووتارەکە و هەر خواخوای ئەوەشم بوو بگەمە سەر ئەو دوو ووشەیە ، کە گەیشتمە سەریان جۆش گرتمی و خۆم پێنەگیراو تا هێزم تێدا بوو پێمدا بە ئەرزدا و گوتم :
" ونجعلهم صَفّاً قَنْقَعاً " ، هەر ئەوەم گوت و هەموو خەڵکەکە دایانە هارەی پێکەنین " ۰

کاکە رەشید دراوسێیەکی بە وەفا و کوردێکی نیشتمانپەروەر و مرۆڤێکی هەژاردۆست و بێفیز و دەمار بوو۰ لە ساڵی ۱۹۵۸ دا و بە پێشنیازی کاکەرەشید و پێکەوە لەگەڵ مامۆستایان فایەق عارف و دکتۆر عەلی تۆفیق هەوڵی دامەزراندنی سندووقێکمان دا بۆ یارمەتی ی ئەوانەی لەسەر سیاسەت نانبڕاو دەکران و بە تەمابووین سندووقەکە نێو بنێین " سندووقی رووتە "

chalakmuhamad@gmail.com

یا "کۆجیلەی هەژار". بەڵام کودەتای ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ بووبە هۆی نەهاتنەدی پرۆژەکەمان .

کاکە ڕەشید گەلێك هۆنراوەی کۆنی لەبەر بوو کە لە هیچ جێیەك بڵاونەکراونەتەوە . زۆربەی زۆری ئەوانەم لە لای خۆم نووسیبووەوە و لە کوردستان بەجێم هێشتبوون ، دەربەدەریی خۆم و کارەساتەکانی ٦٣ بوونەبە هۆی لەنێوچوونیان . لەگەڵ ئەوەشدا لە ٢٧/١٢/١٩٧٩ دا لە بەرلین وتارێکم نووسی لە ژێر نێوی "شاکیر موجریم و گەنجینەیەکی وون بوو"، هەوڵم دا هێندێك لەو هۆنراوانەی لە شاکیر موجریم و کاکە ڕەشید بیستبووم و لە بیرم مابوون بخەمە سەر کاغەز - وارێککەوت لەو ڕۆژانەدا دوکتۆر عیزەددین لە بەرلین بوو ، گوتی وتارەکەم بدەری دەیبەم بۆ وڵات لەوێ بۆت بڵاودەکەمەوە ، بەڵام کە پاش دوو ساڵ چاوەڕوانی وتارەکە بڵاونەکرایەوە و دوکتۆر عیزەددین مستەفا ڕەسووڵم چاوپێکەوتەوە و لە وتارەکەمم پرسییەوە ، ڕەنگێکی هێنا و برد و گوتی: "وون بووە" ... نامەوێ درۆ بکەم،نەمتوانی باوەڕ بە قسەکەی بکەم . ئەمساڵ جارێکی دی هەمان وتارم نووسییەوە و ناردم بۆ گۆڤاری "خوێندکاری کورد" ..

بەکورتی: "مستەفا شەوقی" کاکە ڕەشیدی برای عەلی ئاگایە و نەزابت تەجنید بووە لە ڕەواندز و نە خزمی محەی دکلیش بووە وەك دوکتۆر عیزەددین نابەرپرسیارانە فەرموویەتی . کاکە ڕەشید حیزب‌حیزبێنەی نەدەکرد تا هاوڕێ حیزبییەکانی بتێك دروستبکەن لێی . پاش کودەتای قاسم لە ١٩٥٨ دا و تیژبوونی ململانێی پارتی و کۆمۆنیست لە کوردستاندا، دەیگوت: "نەبەز ... ئەم حیزب حیزبێنەیەی ئەمڕۆ هەر شەڕەگەڕەکەکەی دوێنێیە" . هەزاران چرا لەسەر گۆڕی پیرۆزی ...

سەرنج: وشەی "کاتنامە"م لە جیاتی (مجلة دورية) Periodical داڕشتووە.

chalakmuhamad@gmail.com

(٣) ـ ژێدەری ژمارە (١٢٨أ)

ئەم ژێدەرە لە کاتی تایپکردندا کەوتبوو ، والێرەدا چاپدەکرێ .

بۆ وێنە هۆنەرێکی زۆر بە نێوبانگی وەک خانای قوبادی (١٧٠٠ ـ ١٧٥٩) کە سوارچاکێکی زمان و ئەدەبیاتی فارسی بووە ، شانازی بە زمانی کوردی یەوە کردووە و گوتوویەتی :

هەرچەند مەواچان فارسی شەکەرەن
کوردی جە لای من یەمس شیرینتەرەن
مەعلوومەن جە دەورد ونیای بەدئەندێش
دڵشادن هەرکەس وە زوان وێش

هەروەها مەحوی (١٨٣٠ ـ ١٩٠٤) گوتوویەتی :

کوردی زوبانی ئەسڵمە ، گەر تەرکی کەم بە کول
بۆ فارسی ، بە کوللی ئەمن دەبمە بێ وەفا

ئەمە بێجگە لەوەی کە لە پەندی پێشینانی کوردیدا گەلێک پەندی لەم بابەتە هەیە " شام شەکرە ، وەلات شیرینترە" .

هەر لەم بوارەدا شێخ رەزای تاڵەبانی (١٨٣٧ ـ ١٩٠٩) گوتوویەتی :

عەرەب ئینکاری فەزڵی ئێوە ناکەم ، ئەفزەلن ئەمما ؛
سەلاحەددین کە دنیای گرت لە زومرەی کوردی بابان بوو

(٤) ـ ژێدەری (××) لاپەڕە (٤٥) .

رۆشنبیر و نیشتمانپەروەری تورک بەهەشتی دوکتۆر ئیدیجە کریماڵ کە یەکێک بوو لە تورکەکانی قرم و کەسایەتی یەکی زۆر ناسراوی تورک ، لە شەستەکاندا لە شاری مۆنیخ دەژیا ، بەرێککەوت یەکتریمان ناسی و بووینە

chalakmuhamad@gmail.com

دۆستی‌یەك . پاش‌كودەتاكەی جەمال گویرسێل لە توركیا ، كریماڵ بەگ لە سەردانێكی توركیادا چاوی بە گویرسێل كەوتبوو ، و باسی مەسەلەی كوردی كرد بوو لەگەڵی . وەك كریماڵ بەگ خۆی گێڕایەوە بۆم بە گویرسێلی گوتبوو : واباشترە لاپەڕەیەكی تازە لە مەسەلەی كورددا هەڵبدرێتەوە . كریماڵ بەگ گوتی: گویرسێل هەر نێوی كوردی بیست ، داچڵەكی و گوتی: " چۆن چۆن ؟؟ " گوتم : كارێك بكەین كە كورد رابورد وویان بیر-بچێتەوە و بیانكەینە براو دۆستی خۆمان . با لە كوردستاندا كوردەكان بە زمانی خۆیان بخوێنن و بنووسن و خۆیان خۆیان ببەن بەڕێوە . ئەوساكە مێژووش ئەمە بۆ جەنابت تۆمار دەكات ... با وابكەین ئەگەر رۆژێ لە رۆژان كوردەكان دەستیان رۆیشت وەك دوژمن هەڵسوكەوت نەكەن لەگەڵمان . ... كریماڵ بەگ گوتی: هێشتا قسەكەم تەواونەكرد بوو ، گویرسێل چاوی پەڕی‌یە پشتی‌سەری و گوتی : چی چی ؟؟؟ ... باش‌یزانە تا توركێك بمێنێ ، نەدان بە بوونی کورددا دەنێین و نەڕێ دەدەین زمانی كوردی بەڕەسمی‌ی بناسرێ " . كریماڵ بەگ گوتی : منیش گوتم : جا باشە كە توركێك نەما ، ئەوسا من و تو توركایەتی بۆكێ بكەین ؟؟؟ گویرسێل بەسەرباد انێكەوە گوتی : سەیرە ، وامزانی تۆ توركێكی ناسیۆنال-یستی و توركست یەكجار خۆش‌دەوی ... كریماڵ بەگ گوتی : منیش گوتم : باوەڕبكە ئەمەی گوتم لە خۆشەویستی‌ی تورك بوو ، حەز دەكەم واله كوردەكان بكەین دەستبكەنە ملمان ، نەك تفبكەنە روومان . ئەوم گوت و بە تووڕەیی و دڵشكاوی‌یەوە ماڵاواییم لێكرد " .

chalakmuhamad@gmail.com

Jemal N E B E Z

P Ê W E N D A R Ê T Î Y K U R D Î

Kurd kê ye, w Kurdbûn manay çî?

Wutarêkî semînarîye le rojî
înî, 27.12.1985, le Kopenha-
gen, le civînêkî kurde aware-
kanî danîştûy Danîmarkda
x w ê n d r a y e w e

Bilîawkirawey Rêkxirawî Xwêndkaranî Sosyalîstî
Kurd le Ewrûpa (SOKSE) 2797/1986

BINKEY ÇAPEMENÎ Y AZAD LE
S W Ê D 1986

chalakmuhamad@gmail.com

JEMAL NEBEZ

PÊWENDARÊTÎ Y KURDÎ

Kurd kê ye, w Kurdbûn manay Çî?

Bilawkirawey Rêkxirawî Xwêndkaranî Sosyalîstî Kurd le Ewrûpa (SOKSE)

BINKEY ÇAPEMENÎ Y AZAD LE
SWÊD 2797/1986